رۆمان

# تواوە

رۆمان

hewalname.com/ku/

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٣٧)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.info**

سەرچاوە:
ذوب شده
عباس معروفی
نشر گردون - برلین
چاپ یکم - زمستان ١٣٨٨

hewalname.com/ku/

■ **تواوە**

نووسینی: عەباس مەعرووفی

وەرگێڕانی: ڤیدا قادری

بابەت: ڕۆمان

دیزاینی ناوەوە: ڕێبوار سەدرەدین

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٧٥٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپی: چاپخانەی **سەردەم** ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٠٧)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# تواوه

عەباس مەعرووفی

لە فارسییەوە: ڤیدا قادری

hewalname.com/ku/

ڕۆمان

٢٠١٧ سلێمانی

hewalname.com/ku/

*وەرگێڕانــی ئەم بەرهەمە پێشــکەش دەکەم بە تاقــانەکەم "**هێژا**"

*ســوپاس بــۆ "**عەبــاس مەعرووفــی**" کە دەقــی ئەســڵیی ڕۆمانەکەی بۆ ناردم.

**ڤیدا**

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

لیمبــوس شــوێنێکە ڕۆحــی ئەو منــداڵانەی تێــدا دەژی، کە بەر لەوەی ئــاومۆر[1] بکــرێن، دەمــرن. ئەو ڕۆحــانەی کە لەم نهـۆمەی دۆزەخـدان، هـیچ ئەشـکەنجە و ئازارێـک نـابینن، بەڵام تاهەتـایە لە "هیوا" بێبەشن.

کومێدیای ئیلاهی، دانتێ، سروودی چوارەم، لیمبو

hewalname.com/ku/

[1]. ئـاومۆرکردن: غوسـڵی تەعمید. ڕێوڕەسـمی لەئاوهەڵکێشـانی منـداڵ بە نەریتی مەسیحییەکان.

hewalname.com/ku/

## یەک

تک...

"ماریە خان... تۆ شێت و شەیدای ئەم لێکۆڵەرە بوویت؟..."

تک...

"مەگەر تەمەنت چەندە؟... ماریە خان..."

تک...

"بەنەفرەت بی... ئازاد... ئەو دڵۆپەیە دەبینی؟..."

تک...

"ئازاد چی بووە؟ پێم بڵێ..."

تک...

"بۆ نازانی؟... نا لە کوێ بزانم..."

تک...

"ڕای کردبوو... ترسابوو... تێدەگەی جەنابی لێکۆڵەر؟..."

تک...

"وەی دایە گیان... سەرم... مێشکم تەقی..."

تک...

"دەیڕوانی، هانکەهانکی بوو.... چی بووە؟..."

تک...

"هیچ... من... من؟ من ئیتر تێداچووم..."



hewalname.com/kul

تک...

"بۆچی؟ خۆ تۆ کوڕێکی باش بووی..."

تک...

"گوتی ژیانی من وەکو تەپڵ تەقی"

تک...

"تەقی... سەرم تەقی... من قسە دەکەم."

تک...

"توخوا بمبەنە دەرەوە، هۆو..."

تک...

"سەگبابینە... بێشەرەفینە..."

تک...

"خانم ئەو چەقۆیە لە کوێیە... بیدە بە من..."

تک...

"من ئەهلی سیاسەت نەبووم و نیم و ناب....م..."

تک...

"ئێستاش بڵێم؟... سیاسەتبازی یانی زۆڵی و حەرامزادەیی..."

تک...

"هۆو پاسەوان... وەرە ئەمە ببەستەوە... ئەم حەرامزادەیە ببەستەوە..."

تک...

"گوتم بۆ مەگەر تۆ کێی وا هەر..."

تک...

"من نەجیبزادەیەکی مایەپووچم..."

تک...

"جەنابی لێکۆڵەر تۆ هەر قسەم پێ دەبڕی؟..."



hewalname.com/kul

تک...

"من ڕقم لەو پچڕپچڕییەیە...."

تک...

"ناماقوولّیم کرد... کچم... خانمەکەم... سەیر کە..."

تک...

" باوکت خەریکە... خەریکە... دەڕوات... بۆ دۆزەخ..."

تک...

"هۆو... پاسەوان... جەنابی لێکۆڵەر... من..."

تک...

"پاشان... ئیتر... نەم... نەمبینی. بڕوا بکە..."

تک...

"کچی... منی... وەرە بابەت... لێرە...."

تک...

کەس دەنگی نەدەبیست. تەنانەت خۆیشی. تەنیا لێوی دەجووڵاند و لرخەلرخی دەکرد...

تک...

ئەسفاری بێدەنگ بوو. ئیتر هیچ قسەیەکی نەبوو بیکات. هەرچی بوو، هەر ئەوەندە بوو کە گوتبووی. خۆ ئەگەر شتێکی تریشیان لێی بویستبا، دەیگوت. بەڵام مەئمووری تایبەت پێی وابوو ئەسفاری لە فێڵە و هەوڵ دەدات وا بنوێنێ ئازاد بێتاوانە و ئەم ئاژەڵە ترسناکە لە داوەکە دەرباز بکات. دەیەوێ وەزارەتی ئیتلاعات چەواشە بکات. گوتی: "جا ئێمە لەمە بەدوایمان دەوێت."

ئەسفاری سوێندی خوارد ئیتر نەیبینیوە. چەند ڕۆژێک دوای ئەوەش دەستبەسەر کراوە و هەر لەو کاتەوە لێرەیە. مەئموورە تایبەتەکە دڵنیا بوو لەوەی شتی دیکەش هەن کە

ئەسفاری ئاگای لێیانە و دەبێ هاوکارییان بکات. کێشە نییە. زۆر کەس هەر کە دێنە ژوورەوە دەترسن و بەبێ ئەوەی مشتەکۆڵەیەکیشیان لە پشتی بدرێ، زمانیان دەکرێتەوە. جا با سکرتێری حزبێکیش بن. لێرەدا تەنانەت کەسانێکیش هەن کە ساڵانێکی زۆرە بەندکراون و هیچ ئاگایان لە دەرەوە نییە و ئیتر زەرپیان نەماوە. مان و نەمانیشیان ئیتر بۆ حیزبەکە هیچ جیاوازییەکی نییە. بەڵام دوا قسەی خۆیان لە بنی کوولەکە داوە. کێشە نییە.

مەئمووری تایبەت گوتیشی: جگە لەمەش، ئەسفاری ماوەیەکی زۆرە بەرگەی گرتووە و نەڕووخاوە، دواتر ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ لای حیزبەکەی پاساوی کارەکەی بدا.

ئەسفاری گوتی: "من ئەندامی هیچ حیزبێک نیم."

"هەر وا گوتم."

"بڕوا بکەن بەبێ کەم و زیاد هەموو شتێکم گوت. ئەگەر لە سەرەتاشەوە قسەم نەدەکرد، لەبەر ئازاد دەترسام. لەبەر ئەو داماوە."

"ئەسفارییە وڵاخ! ئەزیەتمان مەدە. تۆ زۆر شت سەبارەت بە ئازاد دەزانیت، لەبەر چی باسی ناکەی؟"

ئەسفاری ئیتر هیچ شتێکی نەدەزانی. هەستی دەکرد لەسەر چەرپای قایشدار نەخەوتووە، دەست و قاچیان نەبەستووەتەوە و لەناو قەڵای سەنگباراندا گیری نەخواردووە. هەستی دەکرد وەکو بەردێک تووڕی دەدەن و دونیا لەسەر سەری دەخولێتەوە.

پاشان لە مەودای نێوان ئەو دڵۆپانەی لە بنمیچەکەوە دەتکان، ڕەنگ و گوڵی کاشییەکانی کۆنەگەرماوێکی وەبیر دەهاتەوە، یان وەبیری دەهاتەوە کام پارچە مۆسیقا لەناو کامە

کاسـێتدایە، یـان بـۆ نمـوونە ڕەنـگ و شـێوەی پەلکـی گوڵەشـیلانەکانی بـاخچەکەی مـاڵی بـاوکی، یـان ڕەنگـی هەڵبزڕکاوی خۆی لەناو ئاوێنەکەدا.

دوایـین جـار کە زەنگـی دەرگایـان لـێ دا، لە ئـاوێنەکەدا سەیری کچە گەورەکەی کرد. بێگومـان هەرسـێ مەئمموورەکە لەو خـوارەوە، لەپشـت دەرگـاکەوە دانیشـتبوون و بە پەلە دەیانویست هەڵکوتنە سەریان.

ژنەکەی گوتبووی: "ئاخری خۆتت تووش کرد، ئەسفاری؟"

"هیچ نییە. لەوانەیە بەدحاڵیبوون بێ".

هەموو ئەمانەی لە بیر بوو، یان بە یادی دەهـاتەوە و بە خێرایـی نەدەمـا. ئێسـتا دڵـۆپەکە لەسـەر دەموچـاوی بـڵاو دەبووەوە.

تک...

لەرز و موچڕکێـک لە پێـوپلییەوە دەسـتی پـێ دەکـرد و تـا پێستی دەموچاوی دەهات. تا ئێستا سەرمای وای هەست پێ نەکردبوو. ئازارەکە دڵۆپ دڵۆپ لەسەر جەستەی دەنیشتەوە و هەر هێنـدەی ئـازارەکەی پێشـووی بیـر دەچـووەوە، ئـازارێکی دیکەی بۆ دەهات؛ وەکو دڵۆپێکی مەرەکەب لەپڕ لاپەڕە سپی و بێـڕەنگەکەی ڕەش دەکـرد و بە نـوێن و دیـوار و سـەرینەکەیدا پەرش دەبوو.

دوو هەفـتە ئـازاری چەشـتبوو و نەشـیدەزانی لەبەر چـی. ماوەیەک پێی وا بوو ئەمە خۆیەتی وەکو دڵۆپێک لە هەڵدێرێکی بەرزەوە دادەکەوێت. هەندێ جار دەنگی "تک" ئیتر "تک" نەبوو. زرمە بـوو، تەقیـنەوە بـوو، دەنگـی دەدایەوە و پەردەی گـوێی دەدڕانـد، هەنـدێ جـار دەتگـوت چکەچکـی کـاتژمێرە، هەنـدێ جاریش هەر نەبوو.

ئەسـفاری لە سـەرەتادا هـاواری دەکـرد: "پارچەپـارچەم بکەن... بەڵام فریام بکەون... بە چەقۆیەک...."

مـاوەی سـەعاتێک دەیـانکردەوە. هەڵدەسـتا و ڕایـدەکردە سووچێکەوە و هەڵدەترووشکا. پاشان چاوی ڕەشکەوپێشکەی دەکـرد و ئەوکـات هەمـوو شـتێکی نـوقتە نـوقتە دەبینـی؛ نـوقتەگەلێکی ڕەش کە بە دەنگـی مێشـکبەرەوە دەڕژانە نـاو سەری. سەری خۆی دەگرت، دەینەڕاند: "من نوقتەم... من..."

پاشـان دەیـانبرد، دەسـت و قاچیـان دەشـێلا، پیـاڵەیەک قەنداغیان دەکرد بە قوڕگیدا. دەڕشایەوە. شانوپیلیان دەشێلا و داوایان لێی دەکرد قسە بکات، بەڵام هیچ قسەیەکی نەبوو بیڵێ. جارێکیـان بـانگی پاسـەوانی بەنـدیخانەکەی کردبـوو، سـوێندی خواردبوو دەیەوێ شتێکی گرنگ باس بکات.

مەئمووری تایبەت گوتبووی بیبەنە شوێنیکی کراوە، بزانن ئەم شتە گرنگە چییە دەیەوێ باسی بکات، جگەرە و قاوەشی بۆ ببەن. پاسەوانێکی تازەکار بە دوو پەرداخ قاوە و پاکەتێک جگەرەوە ئەسـفاریی بردبـووە شـوێنێکی کـراوە و گوتبـووی بحەوێرەوە.

ئەسفاری سێ جگەرەی کێشابوو، قاوەکەی خواردبووەوە و پاشان گوتبووی: "سوێند دەخۆم من ئەسفاری نیم."

بردبوویانەوە بۆ ژووری ئەشکەنجە و گوتبوویان: "دەبیت. پەلە مەکە. ئەسـفاری سـهەر هـیچ نیـیە، دەبیـتە لە ئەسـفاری خراپتریش.

پاشـان سـەرلەنوێ پاڵیـان دەخسـتەوە، دەسـت و قـاچ و کەمەریان دەبەستەوە و سەریان دەخستە نێوان ئەشکەڵەوە[1].

تک...

---

[1]. مەنگەنە.

به دەموچاویدا بڵاو دەبووەوە. ئازار جەستەی دەتەنی، پاشان ئازارە تازەکە ئێشەکانی پێشووی هەڵدەلووشی. لەودەمەدا ئەسفاری دەبوورایەوە. پێیان وا بوو مردووە. بە پەرداخێک قەنداغەوە دەچوونە وێزەی. هاواری دەکرد: "من گوناهبارم... لەتوپەتم بکەن..."

"بۆ ئەوەی ڕزگارت بێ؟"

ئەسفاری هانکەهانکی بوو، دوو یان سێ کەس ڕایاندەگرت بۆ ئەوەی قسەکەی بکات: "جگەرە بە جەستەم بکوژێننەوە... نینۆکەکانم دەربێنن... بەڵام لێرە بمبەنە دەرەوە".

"دەبێ قسە بکەی".

"من چەندە گیانسەختم"!

مەئمووری تایبەت گوتی: "ئێمە دواجار هەر نەمانزانی ئێوە چۆن بوونەوەرێکن! ئەگەر بەرد بوویتایە، تا ئێستا کون بووبووی. هەڵبەت پیشەکەی ئێمە وەهایە کە دەبێ بزانین چیتان لەبن سەردایە. هەرچی زیاتریش ملۆمۆ دەکەین، لەبری وەڵام، پرسیاری زیاترمان لێ قوت دەبنەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەسفاری گیان، ئەرکی ئێمە دۆزینەوەی سەرزەمینە سەیروسەمەرەکانە. هەر کەسێکیش لەجێی من بێت، لەپێشدا بەربینگ بە یەکی وەک تۆ دەگرێ".

"جا بە هەر نرخێک؟"

"نرخ گرنگ نییە. ئێمە لێرە دانیشتووین، لەوانەیە هیچ باوەڕێکیشمان نەبێت، بەڵام هەر حەزمان لێیە پێت بڵێین: قسە بکە، ئەسفاری. قسە بکە".

" ئیتر قسەیەکم نەماوە بیکەم. درۆ بکەم؟"

دیسانەوە سەرلەنوێ پاڵیان خستەوە، تکتک دڵۆپەکەیان دەکردەوە و دەڕۆیشتن. ئەسفاری ماندوو بووبوو. ئیتر هیچ شتێکی وەبیر نەدەهاتەوە. وڕوگێژ دەیڕوانی.

hewalname.com/ku

"دەتەوێ قسە بکەی؟"

"چیت پرسی؟"

مەئموری تایبەت دەستێکی وەبەر دڵۆپە ئاوەکە دەگرت. ئەسفاری ئارام دەبووەوە. هەستی دەکرد فیشەکیان لە جەستەی دەرهێناوە و پێی سڕبووە. ئەو کاتە ئیتر دەیتوانی سالانی ساڵ ئاوا بخەوێت. بەبێ ئەوەی داوای شتێک لە کەسێک بکات. دڵۆپە ئاوەکان هەر ئەو ئاوە بوون کە لەسەری پەنجەکانی مەئموری تایبەتەوە بەو لای دەموچاویدا دەڕژان. ئاو بوو، نەک شتی دیکە. ئەو کاتە ئیتر تەنیا دەیتوانی چاوی لێک بنێ و بیر لە هیچ شتێک نەکاتەوە.

تک...

ئیتر تێنەدەگەیشت. گەمەیان پێی دەکرد. هەندێ جار بوو، هەندێ جاریش نەبوو. مەئموری تایبەت دیسانەوە دەستی وەبەر دڵۆپەکەوە دەگرت و بە دەستەکەی تریشی زللەیەکی توندی لێی دەدا. ئەسفاری نەیدەوێرا چاوی هەڵێنێ. زللەیەکی تر. ئەسفاری بە دەنگێکی کز دەیگوت: "دەبێ چی بڵێم؟"

"جارێکی تر ئەم ئەتوارانەت لێ ببینمەوە، دەڵێم سەرەوخوار هەڵتواسن و ئاوی ساردت پێدا بکەن. بۆ مەگەر خۆت داوات نەکرد بمبینیت؟ مەگەر نەتگوت دەمەوێ قسە بکەم؟ لەوسەری شارەوە منیان بانگ کردووە بۆ ئەوەی تۆ هەڵیتوپڵیتم بۆ بڵێی".

پاشان دەستی لەبەر دڵۆپە ئاوەکە لابرد.

تک...

دەنگی تەقینەوە لە کەللەسەریدا بوو؛ لەناو مێشکیدا. پاشان لەپڕ گوێی لە قیژەی کچێک بوو، زەقزەق تەماشای کرد. مەئموری تایبەت گوتی: "هیچ نییە خەریکن ئێسکی شانی دەگرنەوە".

تک...

"چیت گوت؟"

"لەبەر چی لە سێدارەم نادەن؟"

تک...

"چیت گوت؟"

"بۆچی منتان هێناوە بۆ ئێرە؟"

"زۆر ڕوون و ئاشکرایە. تۆ دەتخورێت، دەنا لێرە چیت دەکرد؟ بۆچی نەڕۆیشتی ببیتە ئەفسەری سوپا؟ لەبەر چی نەبوویت بە ئەندازیاری ئەتۆمی؟ بۆچی نەبوویت بە پۆلیس؟ بۆچی؟ هەروەها هەزاران بۆچیی تر. حەیف لەو هەموو پارەیەی بۆ ئێوە سەرف کراوە. دەبێ هەمووتان لە شوێنێکدا کۆبکەنەوە و سیفونی بۆمبەکە ڕابکێشن. ئاخ من چەندە کەیفم بەوە دێت!"

مەئمووری تایبەت نێوچاوانی گرژ کرد. وەک بۆنی شتێکی پیسی کردبێت. پاشان توند دەرگاکەی پێکدا دا و ڕۆیشت.

تک...

دڵۆپەکە هەر وا دەتکا. دەنگێکی ترسناک لە مێشکی ئەسفاریدا دەخولایەوە و لە خاڵێکدا ڕادەوەستا، لە مەودای نێوان چاڵی لووت و تەوێڵیدا، وەک دەرزی تێی ڕۆدەچوو و سەری بە تەختەکەوە دەدرووی.

تک...

دنیا بە دەوری سەریدا دەسووڕایەوە. ئەسفاری هێڵنجی دەهاتێ. چاوی لێک نابوو. بێت و هەڵیهێنابایە، کوێر دەبوو؟

تک...

جیاوازییەکی نەبوو. دیسانەوە بەرچاوی تاریک بوو، سەری گێژی دەخوارد و دڵی تێکەڵ دەهات. دنیا زیاتر خولایەوە و ئەسفاری ڕشایەوە. بەڵام نەیدەتوانی

ڕشانەوەکەی هەڵڕێژێ. دیسانەوە خواردی و دیسانەوە ڕشایەوە. پێی وا بوو ڕشانەوەکەی هەڵڕشتووە. خواردی. دیسان هەستی کرد خواردوویەتی، دیسانەوە ڕشایەوە. بۆنی ئاوی گەنیوی ناوسکی کەسێکی خنکاوی ئاوساوی لێی دەهات. گوتی: "سیاسەت تێکەڵی هونەر مەکەن... نەفرەت لەو کەسەی هونەر ئاڵوودە دەکات".

"دەمت داخە برا".

تک...

پاشان لەپڕ هەموو گیانی کەوتە لەرزین و زمانی لە گۆ کەوت. دیسانەوە قاوەیان بۆی هێنایەوە، کە خواردیەوە هەستی بە گەرما کرد. جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند و دیسانەوە وەزعی تێکچووەوە.

"دەی مەیکێشە".

نەختێک پاڵیان خست، دەست و قاچیان شێلا. پاش نیو سەعات هاتەوە هۆش خۆی و گریا.

تک...

hewalname.com/kurd

## دوو

جـا کـێ دەیتـوانی بە ئەسـفاری بڵێـت مەگـری! تەنـانەت لێکـۆڵەرەکەش کە ئەو هەمـووە بـۆ ئەسـفاری بـاش بـوو، باشـاری[1] نەدەکـرد و نەیـدەتوانی کـارێکی وا بکـات ئەو بەسـەرخۆیدا زاڵ بێـت. سـەرەڕای ئەمەش گـوتی: "ئەسـفاری گیان خۆ پیاو ناگریەت!"

ژوورەکە بـۆنی ئـاوی گەنیـوی ناوسـکی کەسـێکی خنکـاوی ئاوسـاوی لـێ دەهـات. ئەسـفاریش وەکـو تەرمێکـی مۆمیـاکراو کە لە قـووڵایی زەریـاوە هێنابێتیـانە دەرەوە، لە سـووچی ژوورەکەدا هەڵتروشکابوو، دەگریا. نەیدەزانی بە هۆی بەتاڵبوونەوە دەگریەت، یان لەتاو ئازار. لەناکاو دڵی پڕ دەبوو، پاشـان گریـانی دەهـات، دەهـات، دەهات، دەهات، جەستەی سڕ دەکرد، دەیبەست و پاشان تـامی تـاڵ و قێزەونـی دەمـی، ئـازاری دەدا. چما لە ڕۆخـی دەریـایەکی کەفکردوودا ڕاوەستاوە، کە هەموو ماسییەکانی گەنیو و مردوون و بـا قامچیئاسـا بـۆنی لاشـەکانیان دەهێنێـتە نـاو لـووتی ئەسـفاری و ئەویـش هـیچ چارەیەکی نییە، جگە لەوەی هەناسە بدات و هەڵیمژێ.

خـۆ لە دەسـتی هاتبـایە، هەناسـەی هەڵنەدەکێشـا، بێـت و توانیبای مستی بقووچێنێ، دەیزانی کە ئیتر تێدادەچێت.

---

[1]. باشارکردن: پێوەستان. دەرەقەتهاتن.

لێکۆڵەر دەستی بە قژی ئەسفاریدا هێنا و لە تەنیشتیەوە لەسەر چیچکان دانیشت: "ئەرێ تۆ چیت بەسەر هاتووە کابرا؟"

ژوورەکە جێگیر نەدەبوو؛ بەڵکو دەسووڕایەوە، دەسووڕایەوە، دەسوورایەوە، دەسووڕایەوە و ئەسفاری نەیدەبینی چی لە کوێدایە. دیسانەوە ڕشایەوە و بۆ ئەوەی سکی نەتەقێت، هەردوو دەستی لەسەر سکی دانا. هەر بە هەمان بەرهەنسکەوە سەری هەڵبڕی و بینیی دەستی لێکۆڵەر دەکرێنەوە، دێنەوە یەک، ئاماژە دەکەن و وێکدێنەوە.

ژوورەکە بە خێرایی، یان بە هێمنی دەسووڕایەوە. هێندە ئارام دەسووڕایەوە، کە ئەسفاری هەستی دەکرد خەوی دێت، پاشان هێندە خێرا بووەوە، کە زانیی خەوی نایەت، بەڵکو مەرگی دێت. بۆ ساتێک چاوی لێک نا. منداڵ و گەورەکان زەنازەنایان بوو، دەهاتن و دەچوون، پێدەکەنین. سووڕابوونەوە و هاتبوونە بەرچاوی ئەسفاری. پاشان ئەویش دەستی نابووە سەرشانی ژنەکەی و منداڵەکانی پیشان دابوو. سەرەتا گەورەکە: "دەبینیت؟" پاشان بە دەنگی بەرز گوتبووی: "کچی من کێیە؟" هەردووکیان چاویان زەق کردبووەوە. بچووکەکە حەسوود بوو. دەیقیژاند. هەمیشە دەیقیژاند. گەورەکە نەختێک ڕادەوەستا و وەکو خانمە بچووکەکان چاوی دەبڕییە بچووکەکە تاکو بڵێت: "منم." ئەو کاتە دەیگوت: "منم." پاشان بچووکەکە دیسانەوە دەیقیژاندەوە: "نا منم!" ئەسفاری دەیگوت: "ئەرێ بابە گیان تۆی." پاشان چاوی لە کچەکەی تری دادەگرت و پێدەکەنی.

چەرخوفەلەکەکە لەسەرخۆ دەسووڕایەوە؛ تا دەگەیشتەوە جێی خۆی، ئەسفاری دەیتوانی بە ژنەکەی بڵێت: "ئەم دوایین کتێبەش چاپ دەکەم." ژنەکەی زۆر کەمدوو بوو. گوتبووی:

خۆت مەخەڵەتێنە، ئەمانە لە نووسەران خانەگومانن. منداڵەکان دیسانەوە لە بەرچاوی ئەسفاری لەسەر ئەسپەدارینەکان دانیشتبوون. بچووکەکە قیژاندبووی: "بابەی من کێیە؟" پاشان دوور کەوتبووەوە. ئەسفاری بە ژنەکەی گوتبوو: "منیش دەبێ ئاگادار بم." منداڵەکان لەوسەری بازنەکەدا بوون و لە قووڵایی دڵەوە دەتریقانەوە. چەرخەکە هەتا دەهات خێراتر دەسووڕایەوە. باوک و دایکەکان لەپشت ئاسنە پەرژینەکانەوە ڕاوەستابوون. ئەسفاری باش دەیزانی هەمیشە دایک و باوکەکان لەپشت پەرژینەکان دەوەستن و لەناو ئەو هەراوهوریایەدا تەماشای سووڕانەوەی منداڵەکانیان دەکەن. خێرایی چەرخوفەڵەکەکە زیاتر دەبووەوە و منداڵەکان دەیانزریکاند و ئیتر نەدەبینران. خێرا دەسووڕانەوە و قاچەکانیان بەسەر ئەسفاری و ژنەکەیدا تێدەپەڕی.

ئەسفاری ئێستا ئیتر سەرمای بوو. ڕەنگپەڕیو و بەتاڵ، دەموچاوی لەناو لەپی دەستەکانیدا شاردبووەوە و زۆر زۆر دەگریا. دیسانەوە خرمەخرمی جوینی وردەشووشە دەهات. چەرخوفەلەکەکە خێراتر دەسووڕایەوە. ئەسفاری هاواری دەکرد. پاشان وەک بڵێی چەرخی ئاسمان ڕادەوەستا. هەمووشتێک کپ وبێدەنگ دەبوو.

تای هەبوو، مانگی بینیبوو دەکوژێتەوە و دادەکەوێت، بەڵام هەر لەو کاتەدا دیسانەوە منداڵەکان دەسووڕانەوە و دەیانزریکاند. لێکۆڵەرەکە لە جێگەکەی هەستا: "ئەسفاری گیان... دەبیستی؟ من"...

ئەسفاری نەیدەتوانی هۆلەهۆل نەگریە. بەدەستی خۆی نەبوو. تەنانەت کاتێ قەنداغەکەیان کرد بە قوڕگیدا، ڕشایەوە. لێکۆڵەرەکە تۆقیبوو. چی شانوپیلی ئەسفاریی دەشێلا،

نەیدەتوانی ئارامی بکاتەوە. "ئەسفاری گیان ئیتر تەواو بوو. بەڵێنت پێ دەدەم. من بەڵێنت پێ دەدەم." پاشان نەڕاندبووی: "پاسەوان!"

پاسەوان، سەربازێکی ڕەقەڵەی ئەسمەر بوو، لووتی خۆی گرتبوو، نەیدەویست تەماشای دەموچاوی ئەسفاری بکات.

لێکۆڵەر داخوڕی و پچڕپچڕ گوتی: "دەستەکانی... بگرە! بەرزی... بکەوە!"

خۆ پاسەوانەکە ئەگەر دەستەوەستانیش نەبوایە هەر نەیدەزانی پێی لە کوێ دابنێت، چۆن هێڵنج نەدات، کوێی ئەسفاری بگرێت، بۆ ئەوەی تا ئانیشکی لە پیسابییەکە ڕۆنەچێ. هەر وا لە ژوورسەری ڕاوەستابوو، نەیدەتوانی ئاسەواری بێزکردنەوە لە ڕوخساری خۆی بشارێتەوە. دامابوو.

ئەسفاری دیسانەوە ناڵاندی و ڕشایەوە. ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو. بۆنی ماسیی گەنیویش لەناو ژوورەکەوە بەرەو سەر دەکشا و تەواو ئەو داڵانە کۆنکرێتییەی دەتەنی.

لێکۆڵەرەکە تەماشای ئەوسەری داڵانەکەی کرد و هاواری کرد: "پاسەوان!"

چوار سەرباز بە هەنگاوی کورت کورت دەهاتنە پێشەوە. دەستی ڕاستیان قووچاندبوو، بە لای ڕانیاندا شۆڕیان کردبووەوە و بە زرمەی پۆستاڵەکانیانەوە دەلەرینەوە: زرم، زرم...

دەنگەکە لە سەربازگەکەی سەردەمی لاوێتیی ئەسفارییەوە دەهات، وەکو تینی هەتاو لە هەنووکەی ئەودا بە داڵانەکەدا دەگەڕا: گرمەی تەپڵەکە... لەژێر قاچی چەپ!

دەست و پێیان گرت و وەکو مردوو، ڕێک بردیان بۆ بەشی فریاکەوتن. ڕەش داگەڕابوو. دەلەرزی. دەیناڵاند. پاشان

لە نـاڵینیش کەوت. دونیـا لە سـووڕانەوە کەوت، بـوو بە بەرد. ئەسفاری ئێستا ئیتر وەکو تەرمێکی ڕەقهەڵاتـوو تەنیا بۆگەنی لێ دەهـات، هەندێ جاریش مووچڕکێک چەنـاگەی خـواروخێچ دەکرد.

جلە تەڕەکانیـان گۆڕی، پاشـان هەمـوو دکتورەکـان لەسـەر سەری کۆبوونەوە. شڵەژاو و بەتاڵووکە گوێیان لە تـرپەی دڵـی گـرت. لێـی دەدا. پێڵـووی چـاوێکی هەڵێنـابوو. هەرچییەکیـان دەکـرد نەیانـدەتوانی ئەو پێڵـووەی دابـخەن. هەر وەک چـاوی سەلکی سەروپێ لە سووچی میچەکە ڕامابوو، سارد و مردوو. لێکـــۆڵەرەکە هەر بـــانگی دەکـــرد، بەڵام ئەو نەیدەبیســـت. سێرۆمیان لێی بەست و دیسـانەوە دەرزییـان لێی دا. دواجـار ئۆقرەی گرت.

لێکۆڵەرەکە سەرێکی لەقاند، زەردەخەنەیەکی کرد: "ئەی بنیادەم! تۆ چ بەردێکی کە هێشتا کەس نەیدۆزیوەتەوە؟"

یەکێک لە سـەربازەکانی ڕاسپارد لای ئەسـفاری دابنیشـێت و هەر شـتێک ڕووی دا، ئاگـاداری بکـاتەوە. پاشـان تەلەفۆنەکەی هەڵگـرت و دیسانەوە لە شوێنەکەی خۆی داینایەوە: "هەر چەشنە ڕووداوێک، یان جووڵەیەک، تێگەیشتی؟"

"بەڵێ قوربان".

لێکۆڵەرەکە چەند جارێک پەنجەی بۆ لای خـۆی ڕاداشـت: "بە مـن." پاشان لەگەڵ دکتۆرەکان و ئەوانی تر ڕۆیشتە دەرەوە.

ژوورەکە گەرم بــوو. لە دەرەوە، لەپشـــت پەنجەرەکــانەوە بەفــر هێورهێور دەباری و سپیی دەکردەوە.

ئەسفاری هەر تۆزێـک چـاوی هەڵێنابـایە، دەیتـوانی کرێـوەی شەوانە و بێدەنگیی ئەو بەفرەی هەمیشە حەزی لە بینینی بـوو، ببینێت. بەڵام وەک بڵێی لە شیرینەخەوی مەرگدا بێ.

## سێ

"مردووه؟"

"هێشتا هەناسە دەدات."

"بووراوەتەوە؟"

"نا. ئێستا خەوتووە."

ئەگەر ئەسفاری بەخەبەر بوایە، گوێی لە هەموو قسەکانیان دەبـوو، دەشـیبینی کە لێکـۆڵەلەرەکە چـۆن پەردە زێبـراکەی داداوەتەوە، تـا ئەو تیشـکە سـپی و بەتەوژمە، ڕێـک لە دەموچـاوی بـدات. لێـی بـدا بـۆ ئەوەی پێسـتە مـردووە وشکەهەڵاتووەکەی، وەکو چەرمی چڵکن دیار بێ، خەمبار و تێکشکاو لە تۆی چەرچەفە سپییەکاندا.

لێکۆڵەرەکە گوتی: "کەی دێتەوە هۆش خۆی؟"

پەرستارەکە وەڵامی دایەوە: "هەشت و نیوی بەیانی."

تەپڵی سەری ڕووتابووەوە. کە بە ڕێیەدا دەڕۆیشت، خۆی دەلەنگاند و زایەڵەیەکی ژنانە لە دەنگیدا بوو، گوتی: "سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد و بە ه ه ڵ ڵێ، دیسان خەوتەوە."

"قسەیەکی کرد؟"

پەرسـتارەکە تـاکی پەنـجەرەکەی کـردەوە: "هەوا نەیەتە ژوورەوە؟ ئەررێ؟"

hewalname.com/ku

"بەخەبەری دێنیٚ؟"

پەرستارەکە شارەزایانە لەسەر لێواری چەرپاکە دانیشت، بە سێ پەنجە چەناگەی ئەسفاریی گرت و جوولاندی، پاشان بە هێواشی چەند زەبرێکی بچووکی لە دەموچاوی دا، وەک بیەوێ کەسێک بخەوێنێت، بە ئارامی بانگی کرد.

لێکۆڵەر بە زەردەخەنەوە لە پەنجەرەکەوە تەنیا بەفری دەبینی. هەموو شوێنێک سپی دەچووەوە، جگە لەو شوێنانەی بەفرەکە نەدەما و دیوارە کۆنکرێتییەکان قوت دەبوونەوە و دەبوونە دیوار و دەوری هەموو شتەکانی ئەویان دەدا. لەوێ هەموو شتێک هیی ئەو بوو. دیوارەکانیان بۆ ئەوە دروست کردبوو تا بەرژەوەندییەکانی ئەو پارێزراو بێت. سەرەڕای ئەم هەموو ڕێوشوێنی ئەمنییەش، ئەو کەسانێکی دەناسی کە لە دڵی ئەم شوورایانەوە تێپەڕیبوون؛ کەسانێک کە ئەم دیوارانەیان هەر نەبینیبوو، بەڵام ئێستا ئەو دیوارانەی دەبینی کە گرژ و زبر هەموو ئەو کەشە سارد و سپییەیان شکاندبوو.

پەرستارەکە بە چرپەوە گوتی: "هەر خەوتووی؟ ڕۆژ بووەتەوە." پاشان سەری داخست و بە جۆرێک کە تەنیا خۆی گوێی لێ بێت، گوتی: "بەستەزمان!"

ئەسفاری ناڵەیەکی کرد و بە زەحمەت چاوەکانی هەڵێنا. ڕووناکییەکە هێندە بەهێز بوو، ئەزیەتی دا. چاوەکانی نووقاند.

لێکۆڵەرەکە ورد لێی دەڕوانی و هیچی نەدەگوت. پەردە زێبراکەی وا لێ کرد تیشکەکە بەرەو سەر بەرێ. ئەسفاری هەستی کرد ڕووناکاییە بەتینەکە لەسەر ڕوخساری لاچوو، بە هێمنی چاوی هەڵێنا و دیسان ناڵاندی: "ئاخ!"

پەرەستارەکە دەستێکی بە دەموچاویدا هێنا: "برسیت نییە؟"

hewalname.com/ku/

ئەسفاری سەری لەقاند. لێکۆڵەرەکە هاتە بەرەوە تا بتوانێ ببینێت. بڕوای نەدەکرد زیندوو مابێت. خۆنەویستانە نووشتایەوە و ناوچاوانی ماچکرد: "چەندە بێهێزی ئەسفاری گیان."

ئەسفاری هەر سەیری دەکرد. لێکۆڵەرەکە دەستێکی هێنا بە دەموچاویدا و قژەکەی هەڵدایەوە: "هەمووشمانت ترساند!... بەڕاستی ترسناک بوو."

"م...م..."

وەک ژێی سازەکەی پچڕابێ، یان چەرمی تەپڵەکەی دڕابێ، دەنگی لە شوێنێک، لە قووڵایی قوڕگیدا ون بوو.

لێکۆڵەرەکە گوتی: "هەر نەمزانی چی ڕووی دا؟ بۆچی وای لێ هات؟"

پەرستارەکە بە نازەوە گوتی: "زەبروزەنگ! زەبروزەنگ! ناتانەوێ کوڕەکانی ئەوبەر توورِ هەڵدەن؟ ئەرێ؟" پاشان بە هەردوو دەستان، هەموویانی لە پەنجەرەکەوە توورِ هەڵدا.

"من سەفەرێکم کرد و گەڕامەوە، بینیم ئەسفاریی ئێمەیان ئاوا ئازار داوە. هەر بەڕاستی...!"

"نەدەکرا ئەم سەفەرە نەکەی؟ ئەرێ؟"

"کارێکیان پێ ئەسپاردبووم، دەبوایە خۆم وەشوێنی بکەوم؟"

"ئەرکێکی درێژخایەن؟ جا لە کوێ بوو؟"

"پاریس، میلان، مونیخ."

"برادەرەکان لەبری ئێمە."

لێکۆڵەرەکە باسەکەی گۆڕی: "هەر ئەوەندەی ئەسفاری لە مردن ڕزگاری بووە، دەبێ شوکرانەبژێر بین. ئێمە دەبێ ئەمە بە هەند وەربگرین."

قســەکان لە گــوێی ئەســفاریدا دەنگیــان دەدایەوە. حەزی دەکــرد تینێکــی هاتبــایەتە بەر بــۆ ئەوەی چــاو ببــڕیتە نــاو چاوەکـانی لێکـۆڵەر و بڵـێ نەدەکـرا ئەو سـەفەرە نەکەی؟ ئـاخر ئەمە چ کارێک بـوو هەشـت مـانگی خایانـد؟ بەهـار ڕۆیشـتی و زسـتان گەڕایـتەوە، بیـرت لەو هەمـووە بەڵێنە نەکـردەوە کە بە منت دابـوون؟ ئـاخر تـۆ دەزانـی چییـان بەسـەر هێنـاوەم؟ قەت خراویتە بەندیخانە؟ لە جێیەک ڕاگیراویت ئاگـات لە هـیچ کوێ نەبێـت؟ بیـرت لەوە نەکـردەوە بە درێژایـی ئەم مـاوەیە هـیچ خەبەرێکـم لە خێـزانەکەم نیـیە؟ نە ڕوونکـردنەوەی تـاوان، نە پارێزەرێـک، نە دادگـایەک، نە چاوپێکەوتنێـک، نە نـامەیەک، نە تەلەفۆنێک، نە تەنانەت هەواڵێک.

فرمێسک بە هێمنی لە گۆشەی چاویەوە لووزەوی بەسـت و کەشـێکی هەوریـی تەواوی سـینەی داپۆشـی. پاشـان هەمـوو هەستەکانی خستە گەڕ بۆ ئەوەی لانیکەم یەکێک لە قسـەکانی پێـی بڵێـت، بەڵام لەوە ترسـا وشـەکان لەسـەر زاری دووبـارە ببـنەوە و قسـەکەی پـێ تەواو نەکـرێ. دەترسـا ئەوەنـدەی تـر ئیشــەکە خــراپ بکــا. خــۆی تخێــڵ کــردەوە و گــوێی دایەوە قسەکانیان.

پەرسـتارەکە گـوتی: "ئێرەیـان کـردووەتە گۆڕەپـانی جەنگ؟ ئەرری؟"

ژووری فریــاکەوتن، ژوورێکــی شەشــپاڵوو بــوو، مــیچ و دیوارەکــــانی قــــاوەیی، لەگەڵ وێنەیەکــــیش کە بە ســــنگی دیــــوارەکەوە درابــــوو، پەردەیەکــــی زێبــــرایش بەرەو دەرەوە. تەختی نەخۆشەکەیان ڕێک لەبەر پەنجەرەکە دانابوو بۆ ئەوەی بتوانێت ئاسمان ببینێ، یان دەیانتوانی پەردەکە هەڵنەدەنەوە بۆ ئەوەی نەخۆشەکە هیچ نەبینێت.

ئێستا ئیتر ئەسفاری تەنیا پەردەی زێبرا و وێنەکەی دەبینی. وێنەی کێ بوو؟ فەرقی چییە، هەر کەس بوو، بوو. نەشبوو با هەر نەبێت. لێکۆڵەرەکە گوتی: "خۆ تامێسکەیشت لێ هاتووە!"

ئەسفاری زمانی هێنایە دەرەوە و هێنای بە برینەکانی سەر لێویدا. دەیکزاندەوە؟ نەیدەزانی. تەنیا هەستی دەکرد زمانی ئەستوور بووە.

پەرستارەکە بە نازێکی شیرینەوە گوتی: "ڕامسپاردووە پەرداخێک شیری گەرمی بۆ بهێنن." پاشان دەستی بە قژی خۆیدا هێنا.

لێکۆڵەرەکە بە کەیفخۆشییەوە پاڵی دا بە تەختەکەوە و شەکاندیەوە: "فەرموو. هەموو شتێک چاک دەبێت. کاک لادەن نەبوایە، ئێستا هەر مردبووی."

ئەسفاری بە سەرسووڕمانەوە لە پەرستارەکە ڕاما. پێی وا بوو لەم دەزگایە کەس لەو شێلگیرتر نییە، مرۆڤێک کە قسە و کردەوەی وەک یەکن و خۆ نانوێنێ.

لێکۆڵەرەکە گوتی: "مردوو زیندوو دەکاتەوە. تەرمێک بخە بەردەستی و سەیری بکە. پەرجۆ!"

پەرستارەکە گوتی: "سوپاس. تۆ هەمیشە چاکەت لەگەڵ کردووم."

"لادەن گیان نەختێک خزمەتی ئەسفاریی ئێمە بکە."

"وەی بەسەر هەردوو چاوم!"

لێکۆڵەر لە پەرستارەکە دوورکەوتەوە، دەستی ئەسفاریی گرت و زۆر شێلگیر و هێمن گوتی: "دواینیوەڕۆ پێکەوە دەڕۆین پیاسەیەک دەکەین. هەڵبەت ئەگەر دکتۆرەکەت ئیزن بدات. لەوانەیە جەستەت بەرگە نەگرێ و تووشی هەلامەت ببیت."

لە دەرگـاکە درا. پەرسـتارەکە دەسـتی بـردە دەرەوە و بە پەرداخێک شیرەوە گەڕایەوە و زەردەخەنەیەکی بۆ لێکۆڵەرەکە کرد: "دکتور گیان خۆم جەستەی ئامادە نەکەم؟ ئەرری؟"

" هەرچاکەیەک بکەیت، بۆ خۆتی دەکەیت".

"وا گورجوگـۆڵی دەکەمەوە بتـوانێ لەبەر هەتـاودا پیاسـە بکات و تێر خۆی خاوکێش بکا."

لێکۆڵەر چووە بەر پەنجەرەکە و سەیری بەفرەکەی کرد، تا ئەسفاری شیرەکەی بخواتەوە، گوتی: "ژوورەکەشت دەگۆڕم. بەڵام سـەرەتا دەبێت جەوێـک بگۆڕیـت و پشـوویەکت بێـتەوە بەر. دەڵێم ئەو کچەش بێت. هەر ئەوەی پێشتر باسم کردبوو. لە بیرتە؟"

ئەسـفاری سـەری لەقانـد، لەبەر خـۆیەوە گـوتی: ئەم کـچە دەبێت هەر ئەو کچە بێت کە دەڵێن عاشقی لێکۆڵەرەکەیە.

پەرستارەکە گوتی: "ئاخ! شیرەکەم ڕژا."

لێکۆڵەرەکە تاقەتی نەبوو سەیر بکات بزانێت پەرستارەکە چـۆن بە دەسـتێکی سـەری ئەسـفاریی بەرز کـردووەتەوە و هێدی و لەسەرخۆ شیری بە دەمەوە دەکا. بەرەو لای دەرگاکە چوو: "پاش ئەوەی نەختێک پیاسـەمان کرد، دەتبەم بۆ ژوورە نوێیەکەت."

پەرسـتار گـوتی: "گەرمـاوێکی بـاش لە هەمـوو شـتێک گرنگترە؟ ئەرری؟"

"خـۆت بـۆی تەگبیـر بکە. جەنـابی ئەسـفاری یەکەم ڕۆژ کە هات پاکوخاوێن و ڕێکوپێک بوو. وەکو مانگ. تازە، جلەکانی جەژنیشی لە بەر کردبوو!"

هەردووکیـان پێکەنـین. لێکـۆڵەرەکە بەردەوام بـوو: "سپاردوومە جلی بۆ بهێنن. تەلەفۆن بکە با بیهێنن."

ئەسـفاری وەکـو پیرەمێـردە کەڕولاڵەکـان هەر تەماشـایانی دەکرد. پاشان پێڵووەکانی قورس بوون و داخران."

لێکۆڵەرەکە چەند جارێک بـانگی کـرد، بەڵام ئەسـفاری لەنـاو خەوێکـی قووڵـدا بـوو. لێکـۆڵەرەکە پرسـیی: "حەبـی خەوت تـێ کردبوو؟"

"بەڵێ."

"لێـــی مەگەڕێ زۆر بخەوێـــت. هەر بەخەبەر هـــاتەوە، بیخافڵێنە، قسەی لەگەڵ بکە. کارمان زۆرە."

پەرستارەکە گوتی: "دەتانەوێ چیی لێ بکەن؟"

"بەرنامەمان هەیە بۆی. بەرنامەیەکی تێروتەسەل."

"بە ڕاست؟

لێکۆڵەرەکە سەری لەقاند: "دەبێ ڕاسـتگۆیانە پەردە لەسـەر خۆی هەڵماڵێ." پاشان خێرا ڕۆیشتە دەرەوە.

## چوار

جلێکــــی گەرمیـــان کردبـــووە بەری کە لێـــی نەدەهـــات. مەرهەمیـان لە تامێسـکەکانی دابـوو، وایـان تێهەڵسـویبوو، هەر کەسێک دیتبای، پێی وا بوو دەمی کەفی کردووە و بە لێویدا هـاتووەتە خـوار. قژیشـیان داهێنـابوو. ئێسـتا ئەسـفاری بە جلە نوێیەکـــانیەوە لەگەڵ لێکـــۆڵەرەکە بە هـــۆڵە درێـــژەکەی نەخۆشخانەکەدا تێدەپەڕی.

سـەعات نزیـک سـێ و نیـوی پاشـنیوەڕۆ بـوو. لەودیـوی پەنجەرەکـانەوە ئاسـمان سـاماڵ و پـاک بـوو. ئەسـفاری لە حاڵێکدا کە دەلەرزی، وتی: "دەمەوێ ژن و منداڵەکانم ببینم."

"منداڵەکان نا. بەڵام ڕەنگە تەلەفۆن بکەم ژنەکەت بێت."

"دەی، باشە."

ئەسفاری زەردەخەنەیەکی هـاتێ و سـەیرێکی هەتـاوی کرد. هەتاوەکە چـاوی بە شـەوارە خسـت و فرمێسـکەکەی وەکـو گڵـۆپی کریسـتاڵ تیشـکی دەشـکاندەوە. هەسـتی دەکــــرد ســــینگی، گەردیــــلە تیشــــکە بەجووڵەکــــان هەڵدەلووشـــێت و لەنـــاو خۆیـــدا قەتیســـیان دەکـــا. پاســەوانەکە لەبەر دەرگــاکە پرســیی: "جەنــابی دکتــور، دەچنە دەرێ؟" پاشان دەرگاکەیان کردەوە.

لێکـــۆڵەرەکە وتـــی: "دەچـــین هەوایەک هەڵمـــژین. زۆر دەمـــێکە ئەم جەنـــابی ئەســـفارییەی ئـــێمە دەرێـــی نەدیتـــووە. کەسیش لەمە تێناگات."

هێشتا لە پلیکانەکان نەڕۆیشتبوونە خوارەوە، کە کچێک لە سووچێکەوە خزایە دەرەوە و بێ ئەوەی سەر هەڵێنێ، سلاوی کرد. لێکۆڵەرەکە گوتی: "سلاو لە تۆیش. لە کوێ بووی؟"

"لەدەم پلیکانەکە دانیشتبووم."

"بیرت لە چی دەکردەوە؟"

کچە سوور هەڵگەڕا و پچڕپچڕ گوتی: "لە...لە..."

"گرنگ نییە." پاشان تەماشای ئەسفاریی کرد و گوتی: "ئەمە مارییایە. خودا هیچ نەماوە پێی نەدابێ. هەڵبەت ئەگەر قەدری بزانێت و شەق لە بەختی خۆی هەڵنەدات! دەبینیت ماریا؟ ئەمەش جەنابی ئەسفاریی ئێمە."

"بەڵێ." پاشان ڕۆیشتە دواوە و پاڵی بە دیوارەکەوە دا.

لێکۆڵەرەکە گوتی: "کتومت لە خۆت دەچێت، ئەسفاری. لاســـار، کەلـــلەڕەق، ســـەربزێو. ئەگەر مـــن بەرپرســـی دۆســـیەکەی نەبـــوایەم، لەمێژبـــوو لە گڵـدا ڕزیبـــوو. هەر بەڕاستی حەیف نەبوو؟ کچێکی ژیر و تێگەیشتووە، کە دەتوانێت بەسوود بێت و ڕۆڵێکی باشی هەبێت، خەریک بوو خۆی لەناودەبرد."

ماریا وەکو کۆتر سەری لەقاند: "بەڵێ. جەنابت ڕاست دەفەرمووی."

ئەسفاری دەیزانی ماریا شێتوشەیدای لێکۆڵەرەکە بووە و ئامادەیە خۆی بەقوربانی بکا، بەڵام نەیدەزانی چ جیاوازییەک هەیە لەنێـوان شێتوشـــەیدایی و عیشـــقدا. جارێکیـــان لە زاری

لێکۆڵەرەکەوە بیستبووی و پاشان لە ئەملا و ئەولا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووبووەوە، کە کچێک لە بەندی چەپەکانەوە دڵی چووەتە لێکۆڵەرەکە.

خۆ یەک و دوانیش نەبوون، جگە لەوە هەواڵی دیکەش دەگەیشتن: کچێک لە بەندیخانەی گەوهەردەشت شووی بە لێکۆڵەرەکەی کردووە.

بەڵام ئەمە یەکەم جار بوو ئەسفاری وەها کچێکی دەبینی و هەر ئەم کونجکۆڵییەش وای دەکرد لەو ساردوسڕییە دڵتەزێنە بێتە دەرەوە و نەختێک بێتەوە هۆش خۆی.

پاش ئەوەی لێکۆڵەرەکە ئەو دوانەی بە یەکتر ناساند، هەردووکیان سەرێکیان بۆ یەکتر لەقاند و بە دوایدا ڕۆیشتن.

شوورەیەکی گەورە بە دەوری بەندیخانەکەدا کێشرابوو و بەفر هەموو شوێنەکانی سپی و بێگەرد کردبوو. هیچ شوێنپێیەک نەدەبینرا. چما هیچ کەس لەوێ نەپەڕیوەتەوە. سپێتییەکی سووک لەژێر ڕووناکیی هەتاودا سەمای دەکرد و سپێتییەکی جیڕ لەژێر پێی ئەواندا پان دەبووەوە.

لێکۆڵەرەکە گوتی: "بەڕاست ماریا، تۆ حەزت لە چ دیمەنێکە؟ حەزت زۆر لە دەریا نییە؟"

"بۆ نا، من زۆر حەزم لە دەریایە."

لێکۆڵەرەکە قامکی دۆشاومژەی بەرز کردنەوە و گوتی: "ئەی کێو؟"

"کێو و چیایشم پێ خۆشە."

"ئەی باران؟"

ماریا ڕاوەستا و چاوەکانی ورد کردەوە و زەردەخەنەیەکی بۆ سەرتاپێی لێکۆڵەرەکە کرد: "بەڵێ. حەزم لە بارانیشە، زۆر."

پاشــان کەوتە ڕێ. وا دیــار بــوو لیۆانلیــۆوە لە ڕەزامەنــدی.
لیۆانلیۆ لە ئۆخژن و ئاسـوودەیی. ئاسـەواری زەردەخەنەکەش
بە دەموچاویەوە مابوو.

لێکـۆڵەر گـوتی: " عەشـقی خـوا دەبـێ لەنـاو دڵـی بنیادەمـدا
بڕوێنرێت، ڕێک وەکو نەمامێک. پاشان دەبێ ئاوی بدەین." لەپڕ
ڕاوەستا: "ئەسفاری ئەوە تۆ بۆ بێدەنگی؟"

"گوێ دەگرم."

مەودایەکی درێژیان بە بەفرەکەدا بڕی و قسەیان کرد، هەتـا
گەیشـتنە بینـایەکی نـوێی دوو نهـۆمی، کە لە بەرانبەریانـدا بـوو.
لێکـــۆڵەرەکە ژوورەکەی لای ڕاســـتی ســـەرەوەی بینـــاکەی
پیشــانیان دا و گـوتی: "بـڕۆین بـۆ ئەوێ، ڕاتـان لێـیە؟ بـا هەم
ئەســفاری ژووره نــوێیەکەی ببینێــت، هەم دەتــوانین هەســت
بکەین هەموو ئەم سروشتە لەبەر چاوی ئێمەیە. فەنکوەیلیشـی[1]
تێدایە. ڕاتان لێیە؟"

ماریا گوتی: "با بە دڵی ئێوە بێت."

ئینجـا تـا گەیشـتنە بینـاکە، کـچەکە سـەری لار کردبـووە و
بەردەوام زەردەخەنەی بۆ لێکۆڵەر دەکرد.

لێکۆڵەر کلیلەکەی سـووڕاند و دەرگـاکەی کـردەوە. چـوونە
نـاو بینـاکەوە. بە پلیکانەکانـدا سـەرکەوتن. گەیشـتنە داڵانێکـی
درێـژ و نیوەتاریـک. تـا کۆتـایی داڵانەکەیـان بە هەنگـاوی پـڕ لە
دەنگەدەنــگ بــڕی و ڕۆیشـــتنە نـــاو ژوورەکەوە. هەمـــان ئەو
ژوورەی لێکـــۆڵەر پیشــــانیدابوو. چەرپـــایەک، دوو کورســـی و
مێزێــک لەنـــاو ژوورەکەدا بـــوون. لێکـــۆڵەرەکە کورســـییەکەی
پێشــەوەی کێشــا دواوە بـۆ ئەسـفاری، تـا لەسـەری دابنیشـێت.

---

[1]. دەزگای باگۆڕ بریتییە لە باوەشێن و کلافێکی لوولەی ئاوی سـارد، یـان
گەرم، کە با بەنێو کلافەکەدا دەگەڕێ و سارد، یان گەرم دەبێتەوە.

خۆیشی لەسەر ئەوی تر دانیشت و کچەکەی لەسەر چەرپاکە و لەتەنیشت ئەسفارییەوە دانیشاند.

ئەو سروشـــتە ســـپییە لەنـــاو چوارچێـــوەی پەنـــجەرەکەدا دەتگـــوت تـــابلۆیەکی شـــێوەکارییە، کە لەســـەر بیناکـــانیەوە دووکەڵێکی خەست بەرز دەبێتەوە و هەواکە پیس دەکا، هەوای تاران.

ئەســفاری بە سەرســوورمانەوە ڕامــا. لێکـۆڵەرەکە گـوتی: "هـــیچ نیـــیە. تایەیـــان ســـووتاندووە. لەنـــاو بیابانەکـــانی لای خـوارووی شـارەوە هەمـوو ڕۆژیـک ئـاگر دەکەنەوە. دەبێ لێی ڕابێـین. ژیـان هەر وایە ئیتـر. دواجـار دونیـاش دێـنن و وەکـو تـایەیەک لەنـاو کەلاوەی ئاسـماندا دەیسـووتێنن و دەیـکەن بە دووکەڵ."

ماریا گوتی: "بەڵێ هەر وایە."

ئەسـفاری بەبـێ ئەوەی چـاو لە دووکەڵەکە هەڵبگـرێ، پچڕپچـڕ گـوتی: "بەڵـێ. هەر... وایە. دواجـار... وەکـو.... تـایە..." پاشـان سـەیرێکی کـچەکەی کرد؛ جـوانییەکی سـەیری هەبـوو. جـوانییەکی لە ڕادەبەدەر. قژی جوان جوان بە سەرپۆشـێکی ڕەش داپۆشـیبوو. مخـابن تەنانەت پەرچەمێکی پرچیشـی نەخسـتبووە ناوچـاوانی تـا سـەری مووەکـانی ئاماژە بۆ چـاوی ڕاسـتی بکات. چـاوی تروسـکەیەکی سـەیریان تێدا بوو، کوڵمەکانیشی نەرمونۆڵ و سپی بوون. بەڵام دەوری دەموچـاوی مەیلەوزەرد بوو؛ وەک بڵێی نەخۆشییەکی تایبەتی گرتبێ.

کە قسەی دەکرد لێوە ئەستوورەکانی وەک خونچەیـان لـێ دەهـات: "ئـاو و ئـاگر دوو شـتیان پێـیە: مەرگ و ژیـان. ئێـوە ئەمەتان پێ گوتم."

لێکـۆڵەر گـوتی: "چەنـد سـەیرە! نـزیکەی سـاڵێک لە ژیـانی ئەسـفاری لەنـاو ئەم کـاولبووەدا تێپەڕیـوە، بەڵام هـیچ کـات

بــواری ئەوە نەڕەخســاوە لەســەر بابەتێــک جیــا لە بــابەتی دۆسیەکەی قسـەیەکی کردبێت، یان بیستبێتی. بەندیخانە جێی کەسـی وەک ئێـوە نییە. ئـێمە دەبـێ کەشـێکی ئەمـن بـۆ ئێـوە دروست بکەین، بۆ ئەوەی قووڵتر بیر بکەنەوە."

ئینجا سەیرێکی ماریای کرد: "تۆ چیت گوت؟"

ماریـــا ڕێــک دانیشـــت. زەردەخەنەکە لە دەموچـــاوی نەڕەویبووەوە: "من؟ هیچم نەگوت."

"بۆ نا؟ گوتت ئاو و ئاگر... چی؟"

"ئاهـا. ئـاو و ئـاگر. ئەمـانە دوو شـتیان پێیە: مـردن و ژیـان. خۆت وات پێ گوتم، لە بیرت نییە؟"

"لە بیرمە کـاتێ دە یـان یـازدە سـاڵان بـووم، بێچووە پشـیلەیەکی بزێوم لە ژێرزەمینی ماڵەکەماندا دۆزییەوە کە لەوێ جێی خۆی خۆش کردبوو. چەند جارێک خستمە دەرەوە، بەڵام دیسـانەوە دەگەڕایەوە و دەڕۆیشتە ناو پەناوپەسێوەکان. ڕۆژێکیـان بە ڕێکەوت بەفر دەبـاری، گـرتم و بـردمە نـاو کـۆڵانەکەوە. بوتڵێک نەوتـم پێدا کـرد و شـقارتەم داگیرساند. تا ئێستاش نەمبینیوە هیچ بوونەوەرێک وەکو ئەو بێچووە پشیلەیە هەڵبەزێ. هەڵدەبەزی، خۆی دەکێشا بە زەویدا، دەیزیقاند، هەر مەپرسـە! پاشـان دەسـتی کـرد بە ڕاکـردن و سـووڕانەوە بە دەوری خۆیدا. وەکو گوللەتۆپ بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و دەیلووراند. ئاخری تەقی. پێم وا بێ تەقی. بەڵام زۆر پێکەنیین. منداڵەکانی گەڕەک دەستیان کردبوو بە گریان و نەیانتوانی تا کۆتایی ڕاوەستن و تەماشـا بـکەن، بەڵام مـن و یەکێـک لە منـداڵەکانی گەڕەک ئەو ڕۆژە خۆمـان کردە شەقاوەی گەڕەک."

دەموچاوی ماریا خەمبار و ژاکاو بوو. دەستی بە سـەریەوە گرت و بە دڵپڕییەوە گوتی: "مرد؟"

لێکۆڵەرەکە پێکەنی: "نا نەمرد، بوو بە پەپوولە."

ئەسـفاری گێـژ بـوو. دڵـی خەریـک بـوو تێـک دەچـوو. مـووچڕکی پێدا دەهـات و دڵی دادەهێـزرا. بێ ئەوەی ئاگـای لە خۆی بێت، قۆپچەی چاکەتەکەی هێندە سووڕاند، تا داکەوت.

لێکـۆڵەرەکە هێشـتا هەر پێـدەکەنی: "ئێـوە بەڕاسـتی لاوازن. مـن هەمـوویم نەگێـڕاوەتەوە. جـا لە هەمـووی سەرنجڕاکێشـتر ئەوە بوو، کە دەسووتا خۆی دەخلۆپاندەوە و تەماشـای ئێمەی دەکـرد و وەکـو کەسـێک کە چـاوەڕێی شـتێک لە مـرۆڤ بکـات، دەتگوت دەپاڕێتەوە."

ماریا گوتی: "بیبڕەوە ئیتر، دەکرێت؟ تکایە."

لێکـۆڵەرەکە دڵخـۆش بـوو. تەماشـای هەردووکیـانی کـرد: "تـــازە خـــۆ ئەمە شـــتێک نیـــیە. پیرەمێردێـــک هەبـــوو لە گەڕەکەکەماندا کە...."

ماریا دەستی درێژ کردەوە: "تو خوا ئیتر ئەمە مەگێڕەوە."

"باشـە. ئیتـر باسـی ئەمەیـان نـاکەم. بەڵام تـۆ شـتێک بڵـێ. ئەسـفاری کە هەر بـووراوەتەوە. ناحەقیشـی نیـیە. بەڵام تـۆ باشیت؟)"

"لە دوێنێوە تـا ئەمـڕۆ؟ هـیچ. هـیچ کـارێکم نەکـردووە. ئەی تۆ؟ تۆ باشی؟"

"مـن باشـم. پـێم خۆشـە ئەسـفاریی ئـێمەش ببینێـت، کە ئەوانەی ئێمە لێرەدا کێشەیەکیان نیە. ئەگەر هەتە، بیڵێ."

ماریـا قـامکی یەکێـک لە دەسـتەکانی بە دەسـتێکی تـری گرتبـوو، هەر دەیسـووڕاند: "بەس، بەڕێـز ئەخەوان... بەڵێنیـان دابوو پێم کـاتێکم بۆ دابنێن بۆ... چـاوپێکەوتن. ئـاخر دەزانـن... من دوو ساڵە... دایکمم نەبینیەوە."

"چاوپێکەوتنت بۆ چییە؟"

"هەرچی تۆ بفەرمووی."

"نا، بەڕاستی. چاوپێکەوتنت بۆ چییە؟"

"بە چاوان."

لێکۆڵەرەکە گوتی: "ئەسفاری گیان دەزانی؟ ماریا حوکمی ئیعدامی هەبووە. خۆ تۆ ئەم شتانە نازانی. دەزانی؟"

ئەسفاری سەیرێکی ماریای کرد و لەپڕ گوتی: "ئێعدام؟" پاشان سەرێکی لەقاند: "بۆچی؟"

دەیزانی کاتێ لە دەرەوە شتێک ڕوو بدات، بۆ نموونە تیرۆرێک، مێنرێژکردنێک، یان تەقینەوەیەک، کۆمەڵێک خەڵک گوللەباران دەکەن و دەیاننێرنە گۆڕستان. بێدەنگ بوو، قسەی نەدەکرد. ئەوەشی دەزانی هەر کەسێک زیاتر قسە بکات، کێشەکانی زیاتر دەبن، لە ڕادەبەدەر. تەنیا لێکۆڵەرەکان زۆر قسەیان دەکرد و ئەم چڵ بۆ ئەو چڵیان دەکرد. دەشیزانی هەموویان بەردەوام درۆ دەکەن، لەگەڵ یەکتریش درۆ دەکەن. تەنانەت بێدەنگییەکەیشیان درۆیە.

"مردنی ماریا هیچ کەس دڵخۆش ناکات. تەنیا خوا دەزانێت من سەرکێشیم بە گیانی خۆمەوە کرد بۆ ئەوەی لە چنگی کۆمەڵێک... چی بڵێم بە خوا... ڕزگاری بکەم." کە گوتی کۆمەڵێک... دەنگی خۆی کز کرد و وەها سەیری سووچەکانی ژوورەکەی کرد، کە یانی ئەگەر مایکیان دانابێت، من نەبووم.

ئەسفاری چاوی بڕییە ئەودیو پەنجەرەکان. چاوی بڕییە دووکەڵەکە کە ئیتر دووکەڵی تایە نەبوو. دووکەڵی بێچووەپشیلە بوو، هەروەها هەڵاتنی بێئامانی ئەو بێچووەپشیلە بزۆزانەی لەسەر دیوارەکەوە بازیان دابووە سەر دارەکە و لەسەر دارەکەوە بازیان دابووە ناو پەنجەرەکەوە. ئێستا ئیتر دەبوونە دووکەڵ.

لێکۆڵەرەکە بە دەنگی بەرز پێدەکەنی و کەیفخۆش بوو، دووکەڵیش هەر وا بە ئاسماندا دەچوو. شار بەرەبەرە هەوا

ساف و ئارامەکەی لێ دەڕەوی، وەک بەرازێکی پیر کە کەوتبێتە سەر قوڕولیتە، دووکەڵی دروست دەکرد.

لێکۆڵەر گوتی: "مرۆڤ کە مردنی ناسی، لە مانای ژیانیش تێدەگات. وا نییە بەڕێز ئەسفاری؟"

ئەسفاری گوتی: "بەزەبروزەنگن."

"دیسانەوە دەڵێت بەزەبروزەنگن! دەبینی ماریا؟ ئێستا باشە خۆی نەختێکی بینیوە و چەشتوویە! خەتای منە کە خۆمم لەم ناوەدا...."

ئەسفاری قسەکەی پێ بڕی: "مەبەستم جەنابت نەبوو. مەبەستم..."

لێکۆڵەر وەک ئەوەی قسەکانی ئەسفاریی نەبیستبێت، نەختێک تووڕە بووبوو: "ئەگەر دۆسیەکەی بدەمە دەستی ئەو مرۆڤخۆرانە، تێڕوانینەکەی تەواو دەگۆڕێت."

ئەسفاری مووچڕکی پێدا هات و شتێکی سارد شان و ملی داگرت. بە تەتەڵەوە گوتی: "من... من... من... هیچ مەبەستێکم نەبوو... سیستەمی بەندیخانە..."

لێکۆڵەر هەوڵی ئەدا بێئەمەگی و سپڵەیی هەندێک لە مرۆڤەکان بهێنێتەوە بیریان و بە تەڕبوونی چاوەکانی و نەرمکردنەوەی دەنگی بەزەیی ئیسلامییانە دەربڕێ و بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی پێغەمبەر، پێ لەسەر ئەم میهرەبانییە داگرێتەوە، کە بەڵێ: پێغەمبەر بەبەزەیی بوو و ئەوان خۆڵەمێشیان بەسەردا هەڵدەڕشت... هەی تف لە ڕۆژگار. پاشان بە دەنگێکی پڕ بەزەییەوە، هەموو ئەم قسانەی کورت کردەوە: "هەڵبەت ئەگەر سیستەم توندوتۆڵ و بەزەبر نەبێ، چۆن بتوانێ باشاری دوژمن بکات؟ کەسانی وەک تۆ و ماریا هێندە سادەن کە تێناگەن دوژمن لە کەوڵی دۆستدا کەڵک لە

سادەیی و ڕاستگۆیی ئێوە وەردەگرێت. کێشە بۆ سیستەمەکە دەنێنەوە، تازە چاوەڕێی ئەوەن لێشتان خۆش بن."

بێدەنگ بوو، هێندە سەیری شوێنێکی دووری کرد تا بێدەنگییەکە ماوەیەکی زۆری خایاند و حاڵەتێکی قورس و خنکێنەر ژوورەکەی داگرت.

ماریا هەر وا کە لەسەر چەرپاکە دانیشتبوو، تەنیا خەریک بوو یاریی بە دەستەکانی دەکرد و خەمبار بوو. ئەسفارییش هاوسەنگیی تێکچووبوو. نەیدەزانی دەبێ چی بکات. لیکۆڵەر کە بە هۆی ئەو هەستە شەیتانییەی کە هەیبوو، لێوانلێو بووبوو لە چێژ و هێز، سەیرێکی هەردووکیانی کرد و گوتی: تۆ گوتت سیستەمەکە بەزەبرە؟ بەڵام دەبێ ئەودیویشی ببینیت. من خۆم کەسێکی قسەخۆشم. باوکیشم هەر وا بوو. قسەخۆش و گاڵتەچی. میهرەبان بوو، بەزەبروزەنگیش. هەمیشە لە من تووڕە بوو. دەیگوت تۆ لە هیتلەر دەچیت. من حەزم دەکرد. پێم خۆش بوو باوکم هەمیشە پێم بڵێت هیتلەر، نێرۆن، تەنانەت خراپتریش. بەڵام نەیدەگوت. سەرسەختیم چووەتەوە سەر پوورم."

پاشان قاقای کێشا و قسەکەی خۆی دووپاتە کردەوە: "سەرسەختیم چووەتەوە سەر پوورم." دیسانەوە پێکەنی. خۆیشی دەیزانی شتێکی پێکەنیناوی لەئارادا نییە، بەڵام لە ناخەوە پێدەکەنی و نەیدەتوانی بەر پێکەنینەکەی خۆی بگرێت. پاشان دەسەسڕێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا، فرمێسکەکانی سڕییەوە و بە حاڵەتێکی دۆستانەوە گوتی: "پوورێکی پەنجاوچوار ساڵانم هەیە، تا ئێستا سێ جار شووی کردووە و هێشتا

هەر بێـــوەژنە. نـــازانم لەبەر چـــی بـــێ هـــیچ هۆکارێـــک لە مێردەکـــــانی دەدا. لە بیـــــرمە تەنیـــــا لەبەر حەوت تـــــمەن، هەڵـــبەت حەوت تمەنـــی جـــاران، ئەوەنـــدەی لە مێردێکـــی هەڵـدابوو، کـابرا ڕشـابووەوە و خـوێنی دێنـایەوە. دەیگـوت خـۆ لەسـەر حەوت تـمەن لـێم نەداوە، ئەمـانە دەبـێ ببـنە بەشـەر. هەڵـبەت زۆربەی کـات حەقـی بـوو. مێردەکانیشـی بێدەسـەڵات بـوون. مـن کەیفـم بە کەسـی بێدەسـەڵات و بێغیرەت نایە. ئەگەر بکەونە دەستم، دەیانفلیقێنمەوە.

ماریا و ئەسفاری تەنیا گوێیان دەگرت.

"لە هاوکێشـەیەکدا هەردوو تـای تەرازووەکە دەبێ یەکسـان بـن، یـان بـۆ نمـوونە لە گەمەیەکـدا هێزەکـان دەبـێ هەمیشـە هاوئاست بن. کاتێ لەگەڵ ڕکابەرێکی ناشـارەزادا یـاریی تێنس دەکەی، یـــارییەکەت تێـــک دەچێـــت. ئەمە یاســـایە. وەکـــو بەراوردکردنـی مرۆڤێک لەگەڵ بێچووەپشـیلەیەکدا، پێکەنینـاوی و گاڵتەجـاڕ نیـیە؟ ناکرێـت کەسـێک بە پـانی و درێژییەکـی دیـاریکراوەوە بە گـژ مێروولەیەکـدا بچـێ! بەڕاسـت کامتـان سەرنجی ژیانی مێروولەکانتان داوە؟"

هەردووکیان بێدەنگ بوون.

"کامتـــان ژیـــانی مێروولەکـــانی مـــووریس مەترلینگتـــان خوێندووەتەوە؟"

هەردووکیان بێدەنگ بوون.

لێکۆڵەر ئیتر شـێلگیرانە و بە ئاسـوودەییەوە قسـەی دەکرد. هەرچی قسـەی حەلەقومەلەقی دەکرد، تاکوو تێیان بگەیەنێت کە لێرەدا دوو بیرۆکە زاڵە. بیرۆکەیەکیان خوازیاری توندوتیژی و ئیعدامە و هیچ سازشـێک لەگەڵ خەڵکانی دژەشۆڕشـدا ناکا و هەر چەشـــنە ناپـــاکییەک بە تونـــدی ســـەرکوت دەکـــا. بەڵام

بیرۆکەی دیکە جەخت لەسەر بەزەیی و لێبوردەیی ئیسلامی دەکاتەوە، بە تێکۆشان و خوێندنەوە و دەروونشیکاری و تێگەیشتنی دروست لە دۆخی مرۆڤەکان لێناگەڕێت کچێکی وەکو ماریا بە دەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵکەنێت و ژیانی خۆی بفەوتێنێت. لێناگەڕێت ناسری ئەسفاری قەڵەمەکەی لە خزمەتی دوژمندا بێت. ئەنجامی ئەم تێکۆشانە بێوچانەش ئەوەیە کە ئەسفاری ئێستا دەیەوێ باوەش بۆ ژیان بکاتەوە. لەبەر چی؟ چونکە ئیتر قەدری ژیان دەزانێت. ئینجا بە قسەیەک، زۆر بە جوانی فیلمەکەی تەواو کرد: "هەڵبەت منیش یارمەتیی دەدەم."

لێکۆڵەر لەو جادووگەرانە دەچوو، کە هەموو شتێک لە کڵاوەکەیەوە دێنێتە دەرێ، تا بینەرەکە تووشی سەرسووڕمان بکەن، بەڵام هێزەکەی لەوەدا بوو، کە فیلمەکەی بە جوانی تەواو بکات.

ئاسمان بەرەبەرە تاریک دەبوو و ئەسفاری ئیتر جگە لە ڕووناکیی شار، شتێکی دیکەی نەدەبینی. سەعات حەوت نانی ئێوارەیان هێنا. بەشی سێ کەس قورمەسەبزی بوو. ئەسفاری هێشتا هەر نەیدەتوانی خواردنەکەی بجوێت. بە زەحمەت نانەکەی لەناو دەمیدا سووڕێک دەدا و قووتی دەدا. بە زەبری ساردی نانەکەی دەخوارد. بۆنسۆیەکی[1] ناخۆش و قێزەونیش ئازاری دەدا.

دووکەڵێکی تیژ و بۆنسۆ زۆرتر و زۆرتر دەبوو. لێکۆڵەرەکە گوتی: "ئەم بۆنی دووکەڵە لە کوێوە دێت؟ بێگومان شتێک ڕووی داوە."

ماریا گوتی: "لەوانەیە لە شوێنێکدا ئاگر کەوتبێتەوە."

---

[1]. بۆنسۆ: بۆنی سووتاو. بۆسۆ.

بـۆنی وایەری سـووتاو دەهـات، تـایەی سـووتاو، یـان بێچووەپشیلەیەکی زۆرزان، کە لە بازنەی ئاگر دەپەڕییەوە بۆ ئەوەی نەسـووتێت، بەڵام گڕ لەنـاو بـازنەکەوە بەرەو تـاریکیی شـەماڵەی کێشـابوو، بـۆنی سـووتاوی بەردەوام تەشـەنەی دەسەند.

ماریـا لەژێـر چـاوەوە ئاگـای لە ئەسـفاری بـوو، کە سـەری داخسـتبوو، گـوێی لە قسـەکانیان دەگـرت، یـان گـوێ نەدەگـرت. هەر وا بێ ئەوەی بجووڵێـت سـەیری دەرەوەی دەکـرد تـا ئەو کـاتەی لێکـۆڵەرکە نیوەچـڵ وازی لە نـانەکەی هێنـا و هەسـتا: "بـڕۆم بـزانم چـی ڕووی داوە." پاشـان ڕۆیشـتە دەرەوە و دەرگاکەی داخست.

ماریـا دەیبینـی ئەسـفاری گۆڕانکـاریی بەسـەردا هـاتووە و لەژێر باری ئەو هەموو فشارەدا گەیشـتووەتە پووچی. دەسـتی نایە سەر دەستی و بە هێمنی نەوازشتی کرد. بەدوای شـتێکی گرنگـدا دەگەڕا بـۆ ئەوەی پێـی بڵێـت، بەڵام هەرچـی زیـاتر فشاری دەهێنا بۆ مێشکی، لاڵتر و بەتاڵتر دەبووەوە. لەو کاتەدا پێـی خـۆش بـوو بگریـەت. دووکەڵـی بـۆنی سـووتاوییەکەش چاوەکانی پڕ کردبوو لە ئاو.

پرسیی: "تۆ کەی گیرایت؟ سەرەتا چۆن بوو؟

## پێنج

"ناو؟"

"ناسر."

"نازناو؟"

"ئەسفاری."

"تەمەن؟"

"سیوشەش."

" لەدایکبووی؟"

"تاران."

"پیشە؟"

"نووسەر و مامۆستا."

"پلەی خوێندن؟"

"بەکالۆریۆس."

"خێزانداری؟"

"بەڵێ. دوو منداڵیشم هەیە."

" ئەندامی حیزبێکی دیاریکراوی؟"

"نەخێر."

"لایەنگر چی؟"

"لایەنگریش نیم."

ڕەنگی ژوورەکە قاوەیی بوو. لەگەڵ مێزێکی سادە و بێ کەلوپەل، وێنەیەک بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو، پەنجەرەیەکی داخراویش بۆ ئەوەی دیار نەبێت ڕۆژە، یان شەوە. گڵۆپێکی گەورە و سپی بە تەواوی نووسابوو بە میچەکەوە و هەموو شوێنەکانی بە جوانی ڕووناک دەکردەوە. پیاوی پشت مێزەکە گوتی: "من لێپرسراوی تایبەتی دۆسیەکەی تۆم...."

لەو وەختەدا هەر هەوڵم ئەدا بەسەر خۆمدا زاڵ بم، هەڵنەچم و کەمتر قسە بکەم: "بەڵێ."

لێپرسراوی تایبەت چاوێکی بە پەڕاوەکانی ناو دۆسیەکەدا خشاند: "تۆ لە قوتابخانە و ... و... لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەتدا جێی گومانی."

"گومانی چیم لەسەرە؟"

"خۆت گێل مەکە، لە کاتی قسەکردندا سەیری چاوی من بکە."

پیاوێکی زەبەلاح بوو، دەموچاوێکی پانی هەبوو، کە یەکێک لە ئەکتەرە بیانییەکانی بیر دەهێنامەوە. بەڵام ئێستا نەمدەزانی کێ بوو و لەناو کام فیلمدا ڕۆڵی دەبینی. هەر ئەوەندەم لە یادە پێیەکی زلی پێوە بوو و بەردەوام دەوری مرۆڤە خراپەکانی دەبینی. بێگومان زۆریش ئارەقەی دەکردەوە.

مەئموری تایبەت بە نیگایەکی پڕ لە لۆمە و سەرکۆنەوە سەیرێکی کردم: " لە هەموو شتێکت ئاگادارین، وەکو مێروولەیەک بەژێر مایکرۆسکۆپی ئێمەدا جرتوفرت دەکەی، بەڵام خۆت باسی بکە. ناوی بەرپرسەکەشت بڵێ."

"بەرپرس؟ باسی چی دەکەی؟"

بە لەبزێکی هێمنەوە گوتی: "بڕوانە! ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانم بە دروستی بدەیتەوە، وازت لێ دێنین. بەم نیوەشەوە فیڵمان لێ مەکە."

"بەڵێ."

"بەڵام قــوڕ بە ســەرت ئەگەر پــێم ڕابوێریــت! دەتهــاڕم. ئەمشەویش لەبەر تۆ لێرە ماومەتەوە. شەو لە نیوە لایداوە."

"بەڵێ."

"پەیوەندیت لەگەڵ کێدا هەیە؟"

"لە... لەگەڵ هەموو کەسێک."

"یانی لەگەڵ کێ؟ "

"لەگەڵ بنەماڵەکەم، هاوڕێیەکانم..."

مەئمــووری تــایبەت وەهــا پێکەنــی، کە بەشــی ســەرەوەی جەســتەی هەڵــدەبەزییەوە، پاشــان لەپــڕ بەری بە پێکەنیــنەکەی گرت. پێکەنینەکەی ئەوەندە دەستکرد بوو، کە دەیتوانی لە کوێ حەزی لێ بێ، بیوەستێنێ: "باشی؟"

بێدەنگ بووم.

"تۆ چ پەیوەندییەکت لەگەڵ بزووتنەوەی جەنگەڵدا هەبوو؟"

"نە لەگەڵ بــزووتنەوەی دارســتاندا پەیوەنــدیم هەبــووە، نە لەگەڵ بزووتنەوەی شاخ."

"چۆن دەتزانی پاسەوانەکانی ئێمە هاتوون بۆ گیانت؟"

"لە پەنــجەرەکەوە چــاوم پێیــان کەوت. یەک دوو ســەعات پێشتر، بەو ئۆتۆمبێلە پەیکانە سپییەوە."

"چۆن دەتزانی لەبەر تۆ هاتوون؟"

"بەردەوام لە پەنـــجەرەکەی ئێمەیـــان دەڕوانـــی. وەکـــو عەرزپێوەکـــانی شـــارەوانی بە دەوری مـــاڵەکەی ئـــێمەدا دەسووڕانەوە و چاودێریی هەموو شوێنێکیان دەکرد."

"یانی وریای! یانی گێزەر زۆر دەخۆی! گوتت چ کەسانێک دەناسیت؟ ناویان بێنە."

"هیچم نەگوت."

"چیت کردووە وا تۆیان هێناوە بۆ ئێرە؟"

"نازانم."

"ئەی لەبەر چی هێناویانی بۆ ئێرە؟"

"نازانم."

"یانی مەئموورەکانی ئێمە نەخۆشیی دەروونییان هەیە؟"

"نازانم."

"دایکحیز، قسەی جوان بکە! یانی تۆی خوێڕی هاتوویە ئێرە بۆ ئەوەی بڵێی کوڕەکانی ئێمە نەخۆشیی دەروونییان هەیە؟"

"شتی وام نەگوتووە، بەڵام جەنابت مافی ئەوەت نییە جنێو بدەی."

"یانی من جنێوت پێ دەدەم؟"

"بەڵێ."

مەئمووری تایبەت چاویلکەکەی لابرد. ئێستا ئیتر دەمتوانی چاوە وردە بەقووڵداچووەکانی ببینم. دەموچاوێکی ڕەقەڵە و پانی هەبوو. لەو کەسانە بوو کە خۆیشیان دەزانن ڕوخسارێکی دزێویان هەیە. هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ ئەوەی تووڕەم بکات. جگەرەیەکی داگیرساند: "ڕاستە نووسەرەکان دایکحیزن؟"

هەڵچووم: "جەنابت مافی ئەوەت نییە جنێوم پێ بدەی، بەڕێز!"

"مافی ئەوەم هەیە میز بکەمە ناو دەمت؟."

من خەڵکی زمانپیس و بێئەدەبم زۆر دیتووە، بەڵام ئەمەیان دەمشڕ نەبوو، گەندوگوو بوو. کە چەناگە پانەکەی دەجووڵاند و دەمە زلەکەی دەکردەوە، کۆمەڵێک شەپۆلی نەرێنی هەموو گیانی مرۆڤی دەهێنایە لەرزین. هاوارم کرد: "قسەی جوان بکە، بەڕێز."

"شڕت دەکەم، دەتهاڕم."

بەرزتر نەراندم: "سکالات لەسەر تۆمار دەکەم. تۆ کەسێکی بێئەدەبی."

مەئمووری تایبەت لەپشت مێزەکەیەوە هەستا. هات بەرەو لام و بە هەموو تینی خۆی زللەیەکی لە بناگوێم سرەواند، بەلادا هاتم، ویستم لە کورسییەکەم هەستم کە بە لەپی دوو دەستەکەی فڕێی دامە سەر کورسییەکە و زللەیەکی دیکەی سرەواندە لای چەپی دەموچاوم. گڕم گرتبوو، لەسەر دووڕێیانێک مابوومەوە. بیرم کردەوە خۆ لەمە خراپتر نابێ، با منیش یەکێک بکێشم بە چەناگەیدا. چاوم نووقاند و هاوارم کرد: "بۆچی لێم دەدەی؟ تۆ کێی کە لێم دەدەی؟"

هەر لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکە کرایەوە. پیاوێکی کەشخە و گەنج هاتە ژوورەوە، بە تەنکەڕیش و پرچێکی داهێنراو و خاوەوە، چاویلکەیەکی جوانیشی لە چاو بوو. سەیرێکی هەردووکمانی کرد، پاشان بە مەئمووری تایبەتی گوت: "ئەوە چ باسە؟"

ڕاسپێراوی تایبەت سەری داخست. دۆسیەکانی سەر مێزەکەی کۆکردەوە: "ئەزیەتی دەدام، منیش لێم دا بەڕێزم."

"ناماقوڵیت کرد. بڕۆ دەرەوە. دوایین جارت بێت دەست لە بەندکراوێکی ژێر چاودێریی من بەرز بکەیتەوە." پاشان بە قامکی ئاماژەی بۆ دەرگای ژوورەکە کرد. ئینجا لە گۆشەیەکەوە ڕاوەستا تا ئەو بڕواتە دەرەوە. ئەو ڕۆیشت، ڕێک وەکو گۆریلایەک.

سەرەڕای ئەوەی هەموو هێزێکی خۆمم خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی بەسەر خۆمدا زاڵ بم، بەڵام بە ئاشکرا دەلەرزیم و هانکەهانکم بوو. لەو کاتەدا بیرم کردەوە کەسێک هاتووەتە هانامەوە. گوتم: "من بە هەڵە دەستبەسەر کراوم بەڕێزم! بڕوا

بکەن هیچ چالاکییەکی سیاسیم نییە. ئێستا نازانم دەبێ چی بکەم."

پیاوەکە پاڵی دا بە مێزەکەوە، دەستی خستە گیرفانییەوە و گوتی: "من بەدوایدا دەچم بەڕێز ئەسفاری. لێکۆڵەری دۆسیەکەی تۆ، منم. تۆ نەدەبوو دەم بخەیە دەمی ئەم کەسانەوە. کەسانی ئاستنزمی کۆمەڵگە..." پاشان ڕووی گرژ کرد و سەرێکی لەقاند.

نەختێک هەستم بە ئاسوودەیی کرد، دڵیشم بەرانبەر بە لێکۆڵەرەکەم لێوانلێو بوو لە متمانە و ڕێزێک، کە تا ئەو ڕۆژە لە خۆمدا نەمبینیبوو. بە هەژاوی ڕاوەستام: "من هەر نازانم بۆچی هێناویانم بۆ ئێرە!"

لێکۆڵەرەکە سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد: "دەتوانم داوات لێ بکەم ئەمشەو لێرە بمێنیەوە تاکو بەیانی پێکەوە قسە بکەین؟"

"نازانم... بەڵام چی بڵێم؟ کێشە نییە، تەنیا هاوسەرەکەم..."

"دەتەوێت پەیوەندی بە ماڵەوە بکەی و هەواڵیان پێ بدەی؟"

"سوپاسگوزار دەبم ئەگەر..."

"ئەمە مافی خۆتە، تکایە لەگەڵم وەرە."

هێزە فەوتاو و ڕووخاوەکەمم بەدەستهێنابووەوە. بە هەنگاوی پتەو کەوتمە شوێن لێکۆڵەرەکە، بە دوو دالانی درێژدا تێپەڕین، کە دیوارەکانی قاوەیی بوون و گڵۆپەکانی نووسابوون بە میچەکەوە.

لێکۆڵەرەکە گوتی: "هەمیشە لەم جۆرە کارەساتانەمان هەیە. ڕاسپێراوە پلە نزمەکان توندوتیژ و ناتێگەیشتوون. هەڵبەت خەتایەکیشیان نییە. لێرە چاویان بە هەر کەسێک دەکەوێت پێیان وایە دژەشۆڕش و تێکدەر و سیخوڕ و ڕاسپێراوی ئیمپریالیزمە، مەگەر ئەوەی پێچەوانەکەیان بۆ بسەلمێنیت.

سـەرەڕای ئەم هەمـوو پیلانگێـڕی و پەلامـارەی دوژمـن، کە ڕۆژبەڕۆژ پانتـاییەکەی بەرفراوانتـر دەبێـتەوە، دەتـوانین چـی بکەیـن؟ ئەم دامـاوانەش هـیچ چارەیەکیـان نیـیە جـگە لە ڕووبەڕووبـوونەوەی پێداگرانە و شۆڕشـگێڕانە. ئـێ، خەریکـن نیشتمان دەبەن بەڕێوە، تۆزێک حەقیان پێ نادەن؟"

تـۆن و نەوای قسـەکردن و دەنگـی نەرم و دڵنشـین بـوو. ڕێکوپێک و خاوێن قسەی دەکرد، ورد و بەجێ قسەی دەکرد.

گوتی: "هیچ چاریش نییە، بەپێی ئەو فەرمـانەی پێیـان دراوە وەکـو شـۆفڵ دەکەونە گیـانی بینـا، تـاکو تێکـوپێکی بـدەن. هەر ئەوە، هەسـتی هونەرییـان نییە. خۆ تێدەگەن بەڕێز ئەسـفاری. ئێوە مەیگرنە دڵ. فەرموون."

ڕۆیشتینە ناو ژوورێکی جوانەوە کە ئینجـانەیەکی گەورە لە سـێ سـووچیەوە پەڕوبـاڵی کردبـووەوە و گەڵاکـانی بە نێـوانی هەمـوو قەنەفە چەرمەکـان و مێـزە دارینەکانـدا پەڕیبـوونەوە. لێکـۆڵەرەکە لەپشـت مێزەکەیەوە دانیشـت و تەلەفـۆنەکەی نـایە بەردەستی من: "ئێرە ژوورەکەی منە. دانیشـە بەڕێز ئەسـفاری، ئاسوودە بە."

دەستم دەلەرزی و نەمدەتوانی ژمـارەی مـاڵەوە بگرم. هەر بەڕاست ژمارەکەی چەند بوو؟ بۆچی نەدەهاتەوە بیرم؟ بـۆچی هـیچ دەنگێـک نەبـوو، وەکـو وەسـتانی هەناسـە لە قـووڵایی دەریادا. واقوڕماو، ونبوو لەناو بێدەنگی و ناباوەڕیدا.

لێکـۆڵەرەکە تەلەفۆنەکەی لـێ سـەندم و چەنـد دانەیەکـی لـێ ڕاکێشا و ئەلۆ ئەلۆی کرد، پاشان توند تەلەفۆنەکەی دانا : "ئـێ، ئەرێ ئەم تەلەفۆنە بۆچی پچڕاوە؟"

## شەش

دوو مێزی سپی ڕووبەڕووی یەکتر بوون و دوو کورسیی ڕەشیش لە پشتیانەوە. دۆسیەکەی ئەسفاریش لەسەر مێزەکانەوە بڵاو بووبووەوە. لێکۆڵەرەکە چەند پارچەکاغەزێکی کە شتگەلێکی تێکەڵوپێکەڵی لەسەر نووسرابوو، لەسەر یەکتری دانان و پێکەوەی نووساندن.

"نووسەرە."

مەئمووری تایبەت سێوەکەی دەستی بە لێویدا هێنا: "بەڵێ دوو کتێبی چاپ کردووە."

"بەڵام بیرکردنەوەی خراپە."

"کتێبەکانیت خوێندوونەتەوە؟"

"بەڵێ."

" 'تا'ت لێ نەهات؟"

لێکۆڵەر بەدوای شتێکدا دەگەڕا، بۆیە ناچار بوو دیسانەوە کاغەزەکان بپشکنێ: "پێش هەموو شتێک دەبێ بیرووخێنین، پاشان..."

"دوایین جارت بێت من دەخەیتە ناو دۆسیەی نووسەرەکانەوە! خۆ تۆ دەزانی من هیچ شتێک ناخوێنمەوە."

لێکۆڵەرەکە گوتی: "چیت لەبارەی خۆیەوە دەستکەوت؟"

"هەم بەزەییم پێیدا دەهاتەوە، هەم قێزم لێی دەهاتەوە."

"کەسێکی وریایە. زۆر شت دەزانێت و یەکێکە لەو زۆڵ و حەرامزادانە."

"بەڕاست؟"

لێکۆڵەر دیسانەوە کاغەزەکانی دیواودیو کرد: "لە وێنەی منداڵییەکەی دەگەڕێم."

مەئموری تایبەت سێوەکەی لە کراسەکەی خشاند: "ژنەکەی زۆر خۆش دەوێت، دوو کچیشی هەیە لەبەریان دەمرێت. لە قوتابخانە خۆشەویستی منداڵەکانە. زۆربەی کات بەیانییان چەند خولەکێک دوادەکەوێت. هەمیشە کتێبی بە دەستەوەیە. لە ناساندنی کتێب و فیلم و مۆسیقا بە شاگردەکانی درێخی ناکات. بەشی کاروباری پەروەردە[1] چەند جارێک هوشدارییان پێ داوە، بەڵام گوێی نەداوەتێ. دەڵێت بەچاوان، بەڵام ئیشی خۆی دەکات."

"ئیتر چی؟"

"زۆر جگەرە دەکێشێت. چەند جارێکیش تلیاکی کێشاوە."

"لەگەڵ کێ؟"

"ناوی هەموویان لەناو ئەم لاپەڕانەدا دەدۆزیتەوە، بەڵام تلیاکی نییە، عەرەقخۆرە." هەروەها لەناو لاپەڕەیەکەوە کە مۆرێکی مەحرەمانەی پێوە بوو، خوێندیەوە: "یەک... دوو... سێ، سەیرکە، تا ئێستا چوار دانە لە هاوڕێیەکانی ئیعدام کراون."

"زۆرترن، گەوج مەبە. هەروەها گرنگتر لە هەموویشی ئەوەیە کە؛ لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجای هەتاوییەوە

---

[1]. لە قوتابخانەکانی ئێراندا ئەم بەشە دانراوە بۆ ئامۆژگاری و لە ڕاستیدا چاودێریی مامۆستا و قوتابییەکان...

(هەزار و نۆسـەد و حەفتـاویەک) لەگەڵ ئـازاد ئاشـنا بـووە. ڕاپۆرتی چوار ساڵیمان هەیە لەناو بەڵگەکانی ساواکدا. بەڵام باقییەکەی نییە. پاش ئەو ماوەیە حەتمەن شوێنەونکێی کردووە. خۆ گوتم! فرە زۆڵە."

مەئمووری تایبەت لەسەر مێزەکە دانیشت و قەپێکی لە سێوەکەی دا: "ئێستا دەتەوێ چیی لێ بکەی؟"

"جەڕەبابەی دەدەم. خەریکم بیر لەوە دەکەمەوە بە کام شێواز باشترە؟"

"بیخە ناو بەندی قاچاخچییەکانەوە."

"ئەمە لەو مارمێلکانەیە کە بەشی جێگرایەتیی ڕۆشنبیری (معاونت فرهنگی)[1] ڕاستەوخۆ چاوی بەسەر دۆسیەکەیەوەیە. ڕەنگە ماوەیەک من خۆمی لێ لادەم، تۆ بکەویتە گیانی. تۆ باشتر دەتوانی جەڕەبابەی بدەیت."

"خۆت بۆچی نایکەی؟"

"من وام لێ هاتووە لە ڕووم هەڵنەیە."

"ئێ؟"

"ماوەیەک تۆ کاری لەسەر بکە، دواتر من دێم و دەستێک بە سەریدا دەکێشم."

"بەڵام من وەکو کرم دەیپلیشێنمەوە."

"بە زیندوویی دەمەوێت."

"مەترسە، نازدارەکەی تۆ و جێگرایەتیی ڕۆشنبیری زایە ناکەین."

---

[1]. ئەو بەشە لە هەر دایرەیەکدا، بەتایبەتی لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا، کۆمەڵێک کاری وەک دارشتنی سیاسەتی ئەو ئیدارەیە و ڕێکخستن و جێبەجێکردن و تەنانەت ئاراستەکردنی کاروبارە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو ئیدارەیەی لە ئەستۆیە.

"چ لەبارەی ئەم پیاوەوە دەزانی؟"

"گوێ بگرە، شتێکی کورتی یەکێ لە ڕۆژنامەکانت دەربارەی ئەو بۆ دەخوێنمەوە، کە باسی ئەو دەکا: ناسر ئەسفاری، چیرۆکنووسی نوێخواز، ساڵی هەزار و سێسەد و بیستوشەش (هەزار و نۆسەد و چلوحەوت) لە تاران لەدایک بووە و دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی ڕۆیشتووەتە کۆلێژی ئەدەبیات و لە ماوەی ساڵانی خوێندنەکەی چیرۆکی زۆری نووسیوە. ئەسفاری زیاتر لە سۆنگەی ئەو ئەفسانانەوە ناوبانگی دەرکردووە، کە لە چیرۆکەکانیدا باسیان دەکا. ئەم ناوبانگە گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە ڕەخنەگرانی ئەدەبی ئەو بە داهێنەری جۆرە چیرۆکنووسییەکی بێوەی دەزانن.

ئەو بنیاتنەری لێشاوی زەینە (شەپۆلی هۆش) لە ئەدەبیاتی ئێراندا، بە پەخشانێکی زۆر کورت و پوخت، سادە و ڕەوان. زمانی ئاخافتنی نێو بەرهەمەکانی ڕێک لەگەڵ واقیعە کۆمەڵایەتییەکان یەک دەگرێتەوە؛ وەک بڵێی هەرکام لە کەسایەتییەکان لە شوێنی خۆیاندا قسە دەکەن. ئەو لە دونیای خەیاڵی خۆیدا کەشە واقعییەکانی بەلاوە ناوە و کەشێکی نوێی خولقاندووە، کە وا هەست دەکرێت هەیە. هاوئاهەنگکردنی هەردوو زوبانی ئەدەبی و بازاڕی لە چیرۆکەکانیدا، زوبانێکی نوێی خولقاندووە، کە بەر لە ئەو کەس نەیوێراوە هاوکات ئەو دوو زمانە بەکار بهێنێت.

لە چیرۆکەکانی ناسر ئەسفاریدا دەستەواژەکانی ئەدەبیاتی لیریک لەگەڵ وشە و قسەی کووچە و کۆڵاندا لێک تەنراون و یەکدەست دەبن، وەک چۆن ئەفسانەکان لە ژیانی خەڵکی ناو بازاڕ و کۆڵاندا هەن...."

لێکۆڵەر گوتی: "یانی ئێستا ناسیت؟ یانی تۆ هەر داوێکی بۆ بنێیتەوە، ئەو لەوسەریەوە دێتەوە[1]؟"

مەئمووری تایبەتی گوتی: "ئەندامی کوانووی[2] نووسەرانی ئێرانیشە." پاشان دەستی کرد بە جوینی بنێشت. کەیفخۆشانە بنێشتی دەجوی: "نیوەڕۆ چی دەخۆی؟" لەپی دەستی ڕاستی بە پرچیدا دەهێنا.

لێکۆڵەر لە سەرەوەی چاویلکەکەیەوە سەیری کرد: "لەگەڵ ئەسفاری نان دەخۆم."

"بە زەڵاتەوە بخۆ."

"بە چاویلکەوە بخۆم باشتر نییە؟"

"نا. بە کەوچک بخۆ. ئەو دۆسییەیەش لە کۆڵ من بکەوە."

لێکۆڵەر گوتی: "ناکرێت." پاشان هەر وا کە سەرقاڵی لاپەڕەکان بوو، پێکەنی: "ڕاستییەکەی من کەیفم پێی هات. دەمەوێ وردەوردە کاری لەسەر بکەم. شتێک لەم کابرایەدا هەیە کە پاڵم پێوە دەنێت تا کۆتاییەکەی بڕۆم."

"بەڵێ بڕۆ، بەڵام من مەبە."

پاشان سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد: "ئاخ! بوو بە یازدە و نیو. چارەک بۆ دوازدە دەبێ بڕۆین بۆ جێگرایەتیی ڕۆشنبیری."

بێدەنگ بوو. هەموو لاپەڕەکانی لەناو فایلێکدا ڕێک خست، گیرەیەکی گەورەشی لە بەشی سەرەوەی دا و گوتی: "ئەمە

---

[1]. مەبەستی ئەوەیە، کلکی بە تەڵەوە نابێ.

[2]. کوانوو: بۆ کانوونی فارسی دامناوە. کوانوو بۆ ئاورگە بەکارهاتووە لە کوردیدا. نەیانهێشت کوانوویان سارد ببێتەوە، واتە وەجاغیان کوێربێتەوە. کانوون واتە چەق. ناوەند. هەست دەکەم ئەوان لە کوانووی کوردیان وەرگرتووە، چونکە خەڵک، یان خێزانێک لە دەوری کوانووەکە کۆ دەبوونەوە، کەواتە کوانووەکە دەکەوتە چەق و ناوەندەوە.

ڕاپــۆرتی دەستبەســـەرکردن، ئەمە وێنەکــان، ئەمەش چەنــد نمــوونەیەک لە بەرهەمەکــانی. بەڵام دۆســییەکە تەواو نیــیە... نازانم... هەستە با بڕۆین."

باش لە بیری مابوو کە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری گوتبووی: "تۆمەتبــارەکە نووســـەرە. بــۆیە ئێوەمــــان هەڵبــژاردووە." گوتبووشی: "لەمەودوا ئێوە کار لەسەر کەیسی نووسەرەکان بکەن."

لێکۆڵەرەکە گوتبووی: "نووسەرەکان! یان کارێک دەکەم لەناو شۆڕشدا بتوێنەوە، یان..." پاشان وەک بڵێی بابۆڵە لە دەســـتی کەســـێک وەردەگرێـــت، لەبەر چـــاوی جێگرایەتیـــی ڕۆشـــنبیری دەســـتی لەنـــاو حەوادا ســـووڕاند: "یـــان کۆیـــان دەکەمەوە، بەڕێزم."

ئێستاش دەبوایە لەگەڵ ئەسفاریدا نانی نیوەڕۆی خواردبا و دوای نیوەڕۆ، پاش کێک و چا و قاوە و جگەرە، بە فەرمی کارەکەی لە سەر ئەم دۆسییەیە دەست پێ بکردبا.

## حەوت

لێکۆڵەر بۆ ئەوەی ئەسفاری هەست بە ئاسوودەیی بکات، دەستی کرد بە باسکردنی تونێلێک کە لەمسەری شارەوە دەڕوات بۆ ئەوسەری شار. وەکو مێترۆکانی پاریس. هەندێ کەس دژایەتییان کردبوو و ویستبوویان دایخەن. هەرچییەکیش خۆڵ و بەردیان تێکردبوو، پڕ نەبووبووەوە. بووبووە تونێلێکی سیحراوی، تونێلێکی توونـاوتوونی جوان کە بنیادەم هەر خۆزگەی دەخواست ئاوەڕێ بوایە و کرابا بەلەمێکی تێبخەی و سوار بیت.

لێکۆڵەر پتر پێی لەسەر سەوڵلێدانەکە داگرتەوە و بۆ ئەوەی ئەسفاری بەکەیفی بێت، گوتی: "بە گەڵابە بەرد و خۆڵی تێدەکەن، بەڵام پڕ نابێتەوە. سەیر نییە؟"

هیچ سەیر نەبوو. ئەسفاری بەر لەوەی دەسبەسەر بکرێ، ئەم شتانە و هەزارانی دیکەشی بیستبوو. ژنەکەی پرسیبووی: "مەگەر چەنێ گەورەیە؟"

ئەسفاری گوتبووی: "دواتر دەیکەنە مۆزەخانە." ئینجا بە پێکەنینەوە لە ژنەکەی ڕامابوو: "تۆ چەند سادەی!"

لێکۆڵەرەکە چاوی بڕییە ناو چاوی ئەسفاری: "ئەرێ توخوا، هەر بەڕاست زۆر سەیر نییە؟"

ئەسفاری لە بێتاقەتی و بۆ ئەوەی تووشی کێشەی زیاتر نەبێت، وتی: ئاگادار نیم. جگەرەیەکی داگیرساند و گوتی: "هەر بەڕاست بۆچی منتان هێناوە بۆ ئێرە؟!"

"من خۆم هەر حەز دەکەم بتدوێنم".

لێکۆڵەرەکە وای دەنواند تاقەتی هەموو شتێکی هەیە. بە کەیفخۆشییەکی منداڵانەوە گوتی: "من یەکێک بووم لە دژبەرانی ئەم تونێلە و هەرا واش دەبم."

لەو بڕوایەدا بوو کاتێ دەکرێت کەسێک لە دەرگاوە بهێنینە ژوورەوە، ئیتر چ پێویست دەکا لە ژێرزەمینەوە بیهێنین؟ شاردنەوەی ناوێ! مرۆڤ دەبێ سەری بەرز ڕابگرێت. ئەم کارانە هیی ڕابردوون، هیی کاتێکە کەسێک ترسی لە خەڵک بێت؛ دیکتاتۆری شاراوە. کاتێ چاکەی کۆمەڵگەت بوێ، دەرزیی ئەنتیبایوتیکی لێ دەدەی. ڕاستە ئازاری هەیە، بەڵام ئاکامەکەی باش دەبێت. ئاکامەکانی بەڕێوەن.

تیزەبزەیەکی هاتێ: "چما قاچاخ دەکەین. بە هەزاران ترس و لەرزەوە یەکێک بێنین بۆ ئێرە و هەناسەی ببڕین. ڕێک وەکو ئەوە وایە سەلیتەیەک ببەیتە ناو ئەپارتمانەکەتەوە. ئەوە کەی کارە؟ من هەر قبووڵم نییە. پێم خۆشە، ئەو دەمەی دەمەوێ یاسا جێبەجێ بکەم، تەنانەت بتوانم لەو ڕاستەی شەقامە یەکێک لە سێدارە بدەم. تێدەگەی؟ خۆم لە سێدارەی بدەم، بۆ ئەوانی دیکەی بکەمە پەند."

جگەرەیەکی نایە لای ڕاستی لێویەوە و شقارتەی داگیرساند. نیگای ئەسفاری بە ئاقاری بڵێسەی شقارتەکەدا ڕۆیشت تا گەیشتە چاوی لێکۆڵەر. برژانگەکانی درێژ بوون و برۆکانی ڕەش و کەوانی بوون. مرۆڤێکی وردبین و دڵخۆش دیار بوو و چاوە تیژ و بەبڕشتەکانی ئاگایان لە هەموو شتێک

بوو. تاقەتێکی سەیریشی هەبوو. پرسیی: "ئێ، باسی خۆتم بۆ بکە."

"من؟ خۆت دەزانی مامۆستام. ژن و دوو منداڵیشم هەیە. ئەندامی هیچ حیزب و لایەنێکیش نیم. هەڵبەت ئاغەی چوخ بەختیاریش[1] نیم. جارجاریش شتێک دەنووسم..."

"دەتوانم نەختێک برادەرانە بدوێم؟"

"ئەوە چ قسەیەکە، لە خزمەتتدام."

لێکۆڵەرەکە کەیفخۆشانە باسی کچێکی هێنایە پێش، کە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی لە ئێڤیندا بەند کراوە، شەیدای کەسایەتیی ئەو بووە: "دەزانی ئەسفاری! من لەبەر ڕاستگۆیی ئەم کچە خۆم شەخسەن ڕۆیشتووم بۆ لای حەزرەتی ئیمام و لێبوردنم بۆی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی ئیعدامی نەکەن. دەزانی! جیاوازیی ئیعدام و بەندیی هەتاهەتایی لە کوێوە تا کوێیە؟ دەزانی لەبەر ئەم کچە من لێرە ڕووبەڕووی چ کەسانێک بوومەوە؟"

بێدەنگییەکی وەک بەستەڵەک، چەند ساتێ باڵی بەسەریاندا کێشا. لێکۆڵەر بەردەوام بوو: "ئێستا شەوان کاتێ چاو لێک دەنێم، لای خودای خۆم، لای ویژدانی خۆم ئاسوودەم، کە کچێک بەم ڕاستگۆییەوە، بەم هەموو جوانیی ناخ و ڕوخسارەوە زیندووە. دەبێ دیدارێکی سێ کەسی ڕێک بخەم تاکو ببینیت جوانی یانی چی، بڕوا یانی چی. سەرسام دەبیت."

"ئەی لێرە چی دەکات؟"

---

[1]. جەنابی چوخ بەختیار "زۆر بەختەوەر" وتارێکی سەمەدی بەهرەنگییە، لە بارەی کەسایەتییەکەوەکە ناوی 'زۆر بەختەوەر'ە و دونیا بڕوخێ، بە مەرجێ زەرەری ئەو تێدا نەبێ و کەس حەقی بەسەریەوە نەبێ، مێش میوانی نییە

"لێرە ئیمانی هێناوە. لێکۆڵەرەکەی من بووم. پێم خۆشە بیناسیت، بەڵکو بتوانی چیرۆکی ژیان و ئەم عیشقە عارفانەیە و ئیمانی ئەم کچە بنووسیتەوە. بەڵێنت پێ دەدەم ئەگەر بە پێنووسی تۆ بنووسرێت، وەردەگێڕدرێتە سەر هەموو زمانەکانی دنیا و نانی تۆیش دەکەوێتە ڕۆنەوە.

پاشان هەستا و دەستی کرد بە پیاسەکردن بە ژوورەکەدا: "ئێستا دەنگی شۆڕشەکەمان بە هەموو دونیادا بڵاو بووەتەوە، کاتی ئەوەیە تۆ ئەم هانا و هاوارە ناخەکییە بۆ عیشقی خودا بنووسیتەوە. عیشقێک کە لە دڵی قاڵبوویەکی[1] شۆڕشدا بڵێسە دەدا و لە بیچمی عیشق بە مرۆڤدا خۆی دەردەخات. نیمانە، لە مێژوودا شتی وەهامان نییە، ئەگەریش هەمانبێت، دەگمەنە. تۆ دەبێ ڕۆمانی ئەم بوونەوەرە قاڵبووە بنووسیتەوە، کە لە لاڕێیەکانەوە چ ڕێگەیەکی بڕیوە تا گەیشتووەتە یەکانگیریی بوون! چ بەڵاگەلێکی بەسەر هاتووە!"

"لەژێر ئەشکەنجەدا گەیشتووەتە ئەم ئیمانە؟"

"ئەشکەنجە؟ هەرگیز. هەر لە سەرەتاوە خۆم کارم لەسەر دۆسیەکەی کردووە."

"کەواتە عاشقی تۆ بووە؟"

"تو وا بیر دەکەیتەوە؟"

---

[1] قاڵبوو: کە ئاسنێک لە کوورە و توونی ئاسنگەریدا دەتوێنرێتەوە، پێی دەڵێن: ئەو ئاسنە قاڵ کراوە. بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردانی ڕۆژهەڵاتدا، وەختێک باسی شۆڕشگێڕێکی بەئەزموون دەکرێ، دەڵێن "قاڵبووی نێو کوورەی خەباتە" لێرەدا قاڵبوون دەکرێ لەبری واتای تواوە و توانەوە مانای پوختەبوون و ڕسکان و پێگەیشتن بێ. کە لێرەیشدا ڕێک بەو مانایەیە. ئەگەر تواوە دابنرێ، یەک واتا دەدا، کە لە دەقە فارسییەکەدا هەردوو لایەنەکەی مەبەستە، دەکرێ هەم بڵێین تواوەتەوە، هەم بێژین پوختە بووە.

ئەسفاری شانێکی هەڵتەکاند: "لەوانەشە شێت و شەیدای ئێوە بێت".

"تەواوەیەکە، سەراپا عاشق، شەیدایەکی بەتەواو مانا، تاقیکردنەوەکەیشی داوە دەبێ بیبینیت. دەبێ بینووسیتەوە. تەنیا هیوادارم کەس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە لەمپەرمان بۆ دروست نەکات. بەڕاست تۆ جگە لە چیرۆک و ڕۆمان، چیی تر دەنووسیت؟"

ئەسفاری زەردەخەنەیەکی کرد: "هەر کورتەچیرۆک و ڕۆمان."

"چی دەخوێنیتەوە؟"

"کورتەچیرۆک، ڕۆمان، مێژوو، شیعر، ڕاستییەکەی... جیاوازییەکی وای نییە."

"ئەی مۆسیقا؟"

"زۆر حەزم لە کارەکانی باخ و موتزارت و برامز و مالەرە، هەندێ جاریش گوێ لە مۆسیقای پۆپ دەگرم."

چاوەکانی لێکۆڵەرەکە شەوقیان دایەوە: "حەزت لە ڕوک اند ڕوڵ نییە؟"

"نا."

"بۆچی؟"

"تاقەتیم نییە. لەوانەشە لێی تێنەگەم."

لێکۆڵەرەکە زەردەخەنەیەکی کرد: "دەبێ لەگەڵیدا ئاشنا بیت. خۆ هەر وا نابێت گوێ لە ڕۆک بگریت. من پێم وایە هەوڵێکی تایبەتی دەوێت. من بە پێچەوانەی تۆ هەر تاقەتی مۆسیقای ئارام و وەڕسکەرم نییە. حەز دەکەم بتوانم بە گوێگرتن لە مۆسیقا دیمەنێک بێنمە پێش چاوم."

"دەبێ توانای خەیاڵکردنت زۆر بەهێز بێت!"

"وەڵا خراپ نیم، بەڵام ناگەمە تۆ."
"من هەر هیچ نیم."
"وا مەفەرمـوو. زۆر بە باشـی لەشـولاری ژنەکـان وێنـا دەکەی."
"ئـێ، چیـرۆکە و چیـرۆکیش لە ڕێـگەی هەڵهێنجـانی بیرکارییەوە دروست دەبێت."
"ئەم وێنـانە مـودێلی زیندووشـیان هەیە، یـان بەس لەنـاو خەیاڵتدان؟"
ئەسفاری زەردەخەنەیەکی وشکی کرد: "مودێلی زیندوو؟" پاشان سەری لەقاند: "خۆ من شێوەکار نیم."
"هەر بەڕاسـتی وێنـا دەکەی. منیش لە تۆوە فێر بووم، بۆ نموونە سـەمای ژنێکی ڕەشپێست بێنمە بەرچاوم، کە چۆن ڕووتوقـووت لەنێـوان ژاوەژاوی مەکیـنەی میکـانیکی هەڵبەزودابەز دەکـات و عارەقـە دەڕێژێت. پاشـان هەر بەدەم سەماوە بنێشتەکەی لە دەمی دەردەهێنێت و دەیلکێنێتە نینۆکی کەڵەموستی[1] پێی چەپیەوە. تۆ چۆن دەتوانی وێنـای بکەی؟ ژنێکی ڕەشپێستی ڕووت کە خەریکە لەناو مەکینەکاندا وەکو بنێشت دەجورێت."
"ئێ، چیرۆکە و وەها..."
" تا نەتبینیبێت خۆ ناتوانی ئەسفاری گیان!"
"خـۆ حەتـمەن نـابێ وا بێـت. مەگەر نووسـەرێک چەنێـک دەژیت تاکو بتوانێ هەموو نووسینەکانی ئەزموون بکات؟"
"حەزت لە ژنی ڕووت نییە؟"
"بەدبەختانە، یان خۆشبەختانە حەزم لێی نییە."
"یان حەزت لە سەمای ژنی ڕووت نییە؟"

---
[1]. کەڵەموست: پەنجەگەورەی پێ. قامکەگەورەی پێ.

"بەڵێ وایە."

"حەتمەن باڵەخانەشت هەیە بۆ کاتی تەنیایی وەکو سەڵتەکان."

"نا. بەکەڵکی چی دێت؟"

"گوتم ڕەنگە بتەوێ هەندێ جار تەنیا بیت، یان لەگەڵ کەسێکدا بیت کە نەتەوێت ژنەکەت ئاگای لێ بێت."

"نا. من پەیوەندیی شاراوەم لەگەڵ کەسدا نییە."

"بە هەرحاڵ کەی ویستت من دەتوانم کلیلی باڵەخانەیەکی بچووکت بۆ دابین بکەم لە نزیکی مەیدانی وەنەکەوە، تاکو بەتەنیا هەر خۆت بی و خۆت." پاشان چاوێکی لێ داگرت".

"نا. سپاستان دەکەم."

"هێشتا هەر لەگەڵ ئیسلامی کازمیەدا پەیوەندیت هەیە؟ ئێستا چی دەکات؟"

"ئیسلام لە ئێران هەڵاتووە. لەوەتەی ڕۆیشتووە بۆ پاریس ئیتر هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵی نەبووە."

"ئەی میانەت لەگەڵ کام یەک لە نووسەراندا هەیە؟"

"تەنیا هەندێ جار محەمەد محەمەدعەلی دەبینم. هەر ئەوە."

"بۆچی نێوانت لەگەڵ بەهرام سادقی تێک دا؟"

"ئەو باشترین هاوڕێم بوو، بەڵام لەم دواییانەدا زیانی بە کارەکەم گەیاند."

"یانی چی؟"

"یانی هەر ئەمە ئیتر. پاش هەر چاوپێکەوتنێک، چەند ڕۆژێک لە نووسین دوادەکەوتم."

"بۆچی؟"

"بەهرام چیرۆکبێژیی بە شیرەوە خواردبوو. لەم دواییانەدا بە هۆی ئالوودەبوونی لە ڕادەبەدەر بە ماددەهۆشبەرەکانەوە،

ئیتر هێزی نووسینی نەبوو، تا وای لێ هات پێی مرد. بەڵام کرمـــــی چیرۆکبێـــــژییەکەی وازی لــــێ نەدەهێنــــا. لە هەر چاوپێکەوتنێکماندا دەیگوت: چیرۆکێکم نووسیوە کە ئاوا و ئاوای لێ دێت، پاشان چیرۆکەکەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەگێڕایەوە و دەڕۆیشت. دەزانی کرمی چیرۆکەکەی دەخستە گیانی من و دەڕۆیشت."

"کام چیرۆکانی بوو؟"

"هیچ کام... چونکە هیچیان چاپ نەبوون. دوای مردنەکەی زانیم ئەو چیرۆکانە هەر لە ئاراشدا نەبوون. هەر لەوێ خێرا دایانیدەڕشتن و بۆ منی دەگێڕایەوە و دەڕۆیشت. دواتر بیرم کردەوە چیرۆکگەڵێک بەو جوانییەم بۆچی تۆمار نەکرد، یان بۆچی لەبەریانم نەکرد بۆ ئەوەی لانیکەم دواتر خۆم بیاننووسمەوە."

"سەیرە! هیچیانت لە بیر نەماوە، بۆ نموونە ئێستا دووبارە بینووسیتەوە؟"

"کەم تا زۆر چیرۆکەکانیم لە بیرە، بەڵام داڕشتە و پێکهاتەکەی نا، چونکە چیرۆک بەو پێکهاتەیەی وا ئەو دەیگێڕایەوە تازە دەبوو بە کورتەچیرۆکێک بە شێوازی داڕشتنێکی نایابەوە."

"خۆ تۆ بڕیارت نەداوە چیرۆکی ڕاگوزەریمان بۆ بهۆنیتەوە؟"

"بۆچی دەبێ چیرۆکتان بۆ بهۆنمەوە؟"

"تۆ زۆر سەیری ئەسفاری گیان. زۆر لە نووسینەکانت جیاوازی، بۆ نموونە دەڵێی حەزت لە ژنی ڕووت نییە، بەڵام بەو هەموو تواناوە وێنای دەکەی. لەوانەشە هەر پیاو نەبیت."

"من بەگشتی حەزم لە ڕووتیی لە ڕادەبەدەر نییە. پێم وایە شتە جوانەکان نابێت ڕووت بن."

لێکۆڵەر دای لە قاقای پێکەنین و سەرێکی لەقاند. پاشان لەپڕ بە کەیفخۆشییەوە گوتی: "دونیای ئەمڕۆ یانی سێکس و

ئاسن و هەراوهوریای سەیروسەمەرە. خۆشی و هەژان. تۆ زۆر دواکەوتووی بەڕێز ئەسفاری. دەبێ سەفەرێکی دانیمارک، یان فینلەندات پێ بکەم. نیگەران مەبە. دروستت دەکەم."

ئەسفاری گێژ و واقوڕماو سەیری دەکرد.

لێکۆڵەرەکە گوتی: "ژیانە تایبەتییەکەت چۆن تێدەپەڕێت؟"

ئەسفاری بێ چاویلکە وەکو پشیلەی بێ سمێڵی لێ دەهات و هەر ئارەقەی دەکرد و هەر سەیری دەرەوەی دەکرد. هەوا شێدار و فێنک بوو. سەرچڵەکانی دارێکی بەرز لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەبینرا. خەرمانەیەک دووکەڵ بەسەر شارەکەوە وەستابوو: "دەنووسم، مامۆستاشم، عاشقانە ژنەکەمم خۆش دەوێ، ئامادەم هەموو کارێکیش بۆ کچەکانم بکەم."

لێکۆڵەر پرسیی: "هەموو کارێک؟"

"بەڵێ هەموو کارێک."

"ئەگەر بیانەوەێ بمری، دەمریت؟"

"بێگومان نایانەوێت بمرم، بەڵام... نازانم." سەری داخست و لە زەوییەکە ڕاما. کەوتە بیر ڕاخەری ناندینەکەیان... هەر لەم ڕەنگە بوو. قاوەیی تۆخ. بەڵام دیوارەکان دەبێ سپی، یان کریمی بن، کە لەگەڵ فەرشەکەدا یەک بگرن، نەک قاوەیی. هەموو شتەکان قاوەیی بوون. ئەسفاری تووشی دڵەڕاوکێ بووبوو. گوتی: "دەتوانم هاوسەرەکەم ئاگادار بکەمەوە؟"

"تەلەفۆنی ئەم ژوورە ناوخۆییە. دواتر کە ڕۆیشتینە دەرەوە، تەگبیری دەکەم. باشە، ئەی ئەگەر کچەکانت بیانەوێ ببن بە شوفێری لۆری، یان ببن بە سەماکار، چی دەکەی؟"

"ئاخر ئەوان هێشتا منداڵن، بچووکن..."

"گوتم بۆ نموونە ئەگەر گەورە بوون و ویستیان ببنە سەماکار، یان شوفێری لۆری، چی؟"

"نا، بڕوا ناکەم حەزیان لەم شتانە بێت، هەوڵ ئەدەم کاری باشتریان پێ بناسێنم."

لێکۆڵەر تەکانێکی بە خۆی دا، گوتی: "ئاها. پێت خۆش نییە کاری دۆزینەوە بکەن. وەکو دێریینناسی... کانزاناسی... ها؟"

"نازانم، نا."

لێکۆڵەرەکە بە تیزەبزەیەکەوە چاوی بڕییەوە چاوەکانی ئەسفاری: "کەسێکی دیکتاتۆر و خۆپەرستی بەڕێز ئەسفاری."

"هەڵبەت نامەوێ بە زۆر ئەم شتانەیان بەسەردا بسەپێنم. پێم باشە بە شێوازێکی ژیرانە و خوێندنەوە و ئەم شتانە سەرنجیان بۆ لای شتگەلی زیندوو ڕابکێشم. بە شتگەلی نوێ و ژین بنیاتنەر. حەز دەکەم ئافرێنەر بن. ئاوا خۆیان باشتر دەناسن."

"بە خواست و زۆری ئێوە."

"دەزانی؟ ئەسڵەن من لەماڵەوە یاسایەکم دانەناوە کە بە زۆر و هەڕەشە و ڕێکوپێکی بمەوێ ناچاریان بکەم کارە دڵخوازەکانی من بکەن، تەنانەت ژنەکەیشم لە هەڵبژاردنەکانیدا ئازاد کردووە. هەر کەسێک دەبێت ڕەوتی سروشتیی خۆی تەی بکات."

"بۆچی لە ماڵەکەتدا برەو بە مێژوو نادەی؟ کارێک بکەی کە هەر لە ئێستاوە دەست بکەن بە ناسینی ڕابردوو، جەنگەکان و دەسەڵاتەکان. ناسینی مردووەکان، ئاسەوارە دێرینیەکان، بەردە کۆن و شتە بەبەردبووەکان... چوزانم قووڵایی دەریاکان، ئەشکەوتەکان و ئەم شتە باشانە..."

ئەسفاری لەپی دەستی بە هەنیەیدا هێنا. دڵتەنگ و بێزار بووبوو. ئێستا ئیتر دەینالاند: "من حەزم لە بۆنی مەرگ و کۆنەیی نییە. ڕقم لە شوێنی تاریکە.

"دەترسی؟ تۆ ئەگەر نەختێک قووڵ ببیتەوە ناو ئەم شتانەی من باسم کردن، ترسەکەت دەڕەوێتەوە. بە ڕای من هیچ شتێک سەرنجڕاکێشتر نییە لە دۆزینەوەی شتی بەبەردبوو، یان تونێلێک."

ئەسفاری هەستایە سەرپێ و بە لەپی ئەو دەستەیدا کێشا" من لەناو ئەم ژوورە نەفرەتییەدا خۆم وەکو گیایەک دێتە بەرچاو، کە دەبێ لەنێوان بەرد و گاشەبەردەوە بەدوای ژیاندا بگەڕێت. من ڕقمە لە دووبارەبوونەوە. ڕقمە لەم دیوارە کۆنکرێتییانە." پاشان لەسەرخۆ گوتی: "من حاڵم هیچ باش نییە."

"حاڵت باش نییە؟ من بوومەتە هۆی ئازاردانت؟"

"نازانم بۆچی..."

لێکۆڵەر قسەکەی پێ بڕی: "بەڵام من بە خواستی خۆت خەریکم لەگەڵتدا قسە دەکەم. چێژ دەبینم لە قسەکردن لەگەڵ نووسەرێکی وەکو تۆ. بەڵام وا بزانم تۆ نارەحەت دەبی."

"نا. بەڵام من..."

"گوتم بەر لەوەی بێن و بتگەیەنن، دەمەتەقێیەک بکەین."

ئەسفاری دانیشت: "ژنەکەم نیگەرانە..."

لێکۆڵەر دووبارە قسەکەی پێ بڕی: "لەبەر چی لەپڕ هێندە بێئوقرە بووی؟"

"ئێوە منتان هێناوە بۆ ئێرە..." پاشان هەستا و کەوتە ڕێ.

"نیگەران مەبە هەر کە شوفێرەکە هات بەرێت دەکەم بڕۆی. سەیر بکە، بابەتی ئەم تونێلەی کە باسمان کرد، منیش دژیم، بەڵام حەزم لێیە، چونکە وەکو سیحری لێ هاتووە و وەکو قەیسەرییەکانی سەردەمی ئێسماعیلییەکان کە لە تووێی کێوەکاندا هەڵیاندەکەند، خەریکە دەبێتە یەکێک لە ئەو

ئاسەوارانەی لە یادگەدا تۆمار دەبن و جگە لەوەش کەس ناتوانێ پڕی بکاتەوە. چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لەگەڵ یەکێک لەم کچە بەندکراوانە، لە حاڵێکدا کە مۆممان بە دەستەوە بوو، تۆزە پیاسەیەکمان کرد. ئەو کچە داماوە تۆقیبوو. هەر دەیویست بگەڕێتەوە، بەڵام هێورم کردەوە. پێم گوت وا بزانە خەریکی درێژایی مێژوو دەبڕی. سەرەڕای ئەمەش بینیم وەک کۆترێکی دیل دڵی خەریکە دەردێت. هێشتا زووە ئەو شوێنانە ببینی. بەڵام خەریکە ڕادێت. ئێستا سەیر لەوەدایە کە تۆیش تاقەتت نییە. تەنانەت تاقەتی بیستنیت نییە."

"من حاڵم باش نییە بەڕێزم. من..."

لێکۆڵەر شێلگیرتر لە جاران، ڕاوەستا. وەکو ئەوەی گەمەکە دوایی هاتبێت، ڕووی گرژ کرد و گوتی: "دەتەوێ بتنێرم بۆ نەخۆشخانە؟"

"نەخۆشخانە؟ بۆچی؟"

"ئەگەر حاڵت باش نییە..."

"مەبەستم ئەوەیە..."

لێکۆڵەر جارێکی تر قسەکەی پێ بڕی: "ئەگەر حاڵت باش نییە با بتنێرم بۆ نەخۆشخانە، ئەگەریش باشی، جارێ پێکەوە قسە دەکەین و..."

"سەبارەت بە چی؟"

"تۆ کەسێک دەناسی بە ناوی ئازاد؟"

"ئازاد؟"

نا. هەر هیچ کەسێکی زیندوو نەبوو. نەدەهاتەوە بیری. دەڕۆیشت بەڕێوە و پێی وا بوو خەوتووە. خەونە.

"باشە بەردەوام بە."

ئەسـفاری ئیتـر نەیـدەتوانی هـیچ بڵێـت. نەدەهـاتەوە بیـری. گەمەکە تازە دەستی پێ کردبوو.

لێکۆڵەرەکە گوتی: "تۆمـان هێنـاوە تەنیـا سـەبارەت بە ئـازاد قسـە بکەی، پاشـان بڕۆیتەوە بۆ مـاڵەوە. سـەبارەت بە ئـازاد، هەرچی دەزانی بیڵێ."

"ئازاد؟!"

## هەشت

چەنــد ســاڵان بەر لەوەی ئــازاد، بە ڕوخســارێکی تــازەوە دەرکەوێ، ئەوم دەناسی. ئەو کاتانە تا ڕادەیەک منداڵ بوو. بە پانتۆڵێکی خەتخەت و پشتوێنێکی باغە و کراسێک کە هەمیشە سەوز بوو. بە سەرێکی تاشراوەوە بەنێو لیمۆفرۆشییەکانی گۆڕەپانی فەوزیەدا دەسووڕایەوە. بیچمێکی تا ڕادەیەک وردی هەبوو، بەردەوامیش غەمبار و گۆشەگیر دیار بوو. یەک دوو کیلۆ لیمۆی لەناو سەبەتەکەیدا جیا دەکردەوە و دەکەوتە ڕێ بۆ ئەوەی لە سینەما و باخچە و پاسدا بیفرۆشێت.

زۆر کەس هیچیــان لە ڕابــردوو بیــر نــایەتەوە. پــاش ئەو هەمــوو ســاڵە، ئێســتا ئیتــر بۆخــۆی بووبــوو بە پیاوێــک، بە جلوبەرگێکی ڕێکوپێکەوە، چاکەت و پانتۆڵی پییەر گادێن، ڕیش و ســـمێڵێک کە تێکەڵبـــوونەتەوە، لە کۆلانەکـــانی نیزامئـــاوادا ژوورێکــی مانگــانە بە سێســەد تــمەن بە کــرێ گرتبــوو. دیــارە نــاوێکی دیــکەی هەبــوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بــاوک و دایــک و خزم و کەسێکی تری نەبوو، هەروەها کاری ئازادی دەکرد، بە ئــازادییش گەورە بووبــوو، ناویــان نــابوو ئــازاد. هەفتــانە دوو جاریش دەڕۆیشت بۆ سەرتاشخانە و هێندە دابووی پرچەکەی لوول یان خاو بکەنەوە، خەریک بوو کەچەڵ دەبوو.

یەکێــک لە هاوڕێیەکــانم کە پێــی وا بــوو ئەو ئــازادی دۆزیـوەتەوە و ئەو پێکـی ناسـاندووین، ڕۆژێکیـان هێنـای بـۆ قوتابخـانە. سـەرەتا نەمناسیەوە، بەڵام ڕوخسـاری ئاشـنا بـوو. گوتم: "ئەریٚ کاک ئازاد من پێشتر تۆم لە شوێنێک نەبینیوە؟"

پێکەنـی، پاشـان فەرمانـدەرانە و بە لەبـزێکەوە، کە هەوڵـی ئەدا لە دەنگی ئەکتەرەکان بچیٚ، گوتی: "ئەگەر ڕاستیت دەویٚ، هەر دوێنـیٚ لە شـەقامی تەختـی جەمشـیددا چـاوم بە کچێکـی جــوان کەوت. بیــرم کــردەوە چــۆن ســەری قســەی لەگەڵ دامەزرێنم، گوتم: خانم ببوورە دوو قڕانیت پێیە، بۆ تەلەفۆن؟ گوتی: ئـا. دەسـتی کردە نـاو جانتـاکەی و دەریهێنـا و پێی دام. پاشان گوتی: بەڕێزم ببوورە تۆ ئەم دەنگەت لە کویٚ کڕیـوە؟ گوتم: نەمکڕیوە. داپیرەم لە ژنێڤ بۆی هێناوم. کچەکە پێکەنی. من گوتم: خانمە جوانەکە من پێشتر تۆم لە شوێنێکدا نەبینیـوە؟ گوتی: ماوەیەکە هەموان ئەم پرسیارە دەکەن."

گوتم: "بەڵیٚ ئیتر، بووەتە باو. بەڵام من گاڵتە ناکەم."

گوتی: "بەڵام من بە گاڵتەمە."

دەزانـــی؟ کەســـێکی زۆر قســـەخۆش و کـــۆمەڵایەتی و بە قەوڵی ئێوە ڕووحسووک بوو. هەرچی بیرم دەکردەوە بزانم لە کــویٚ بینیــومە، وەبیــرم نەدەهــاتەوە. هەر لەو ســـەرەتای یەکترناسینەوە هەستم کرد پێی خۆشە لەسەر زاروزمانان بێت و وەکو ڕازێکیش بمێنێتەوە. ئەو هاوڕێیەمان کە پێی وا بوو لە سۆنگەی ئەوەوە بووینەتە هـاوڕیٚ و ئەو ئـازادی دۆزیوەتەوە، گـوتی: "بەڕێـز؛ ئـازاد چەنـد سـاڵێک لە فەڕانسـە بـووە و تـازە گەڕاوەتەوە."

حەوشــەی قوتابخــانە چــۆڵ بووبـوو. تــاکوتەرا قوتــابی بە پاسکیلەوە لە دەرگا گەورەکەی قوتابخـانەوە دەچووە دەرەوە،

فەڕاشەکان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەولای داری ئالاکەوە خەریک بوون تۆڕی تۆپی دەستەکەیان چاک دەکردەوە، ڕەشەبا بوو. ئازاد بە ئاماژەی ئەریّ لەقاند: " ئەگەر لە قوتابخانە تەواو بوویت، با بڕۆین بۆ ماڵەکەی من پێکەوە چایەک بخۆینەوە."

"ئاخر من بەم جلوبەرگە تۆزاوییەوە...."

بەزۆر بۆ ژوورەکەی خۆی بردین. خاوەن ماڵێکی ڕەزاگران و دەمشڕیشی هەبوو کە بەردەوام لەبەر دەرگاکە ڕاوەستابوو، هەمیشە، هەمیشە. هەر جارێکی دەڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی ئازاد، ئەویشم دەبینی: "بڕیار نەبوو لەگەڵ خۆت میوان بهێنیتەوە کوڕە!"

ئازاد شاکاری خوا بوو. وەڵامی نەدەدایەوە و زەردەخەنەیەکی دەهاتیّ، یانی مرۆڤەکان چەندە بچووکن، نابێت وەڵامیان بدەیتەوە، ئێوە گرنگیی پیّ مەدەن.

ژوورێکی بچووک و تەریکی هەبوو کە بە زەحمەت دەکرا تێیدا هەڵسووڕێی. پۆستەرێکی گەورەی جەیمز دینیش نیوەی دیوارەکەی سەر چەرپاکەی داپۆشیبوو. مێزێکی زۆر بچووک بۆ نووسین، چەند کاسێت و تەسجیلێکی کۆن، هەموو ئەو شتانەی بوون ژوورەکەیان دەڕازاندەوە. چەندەش هەژارانە و ڕێکوپێک، کە هەر لەگەڵ جلەکان و قسەکانیدا یەکیان نەدەگرتەوە! لەبەر چاوی من زۆر بچووک بوو، بەڵام دەزانم ئەو لەویّ هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد.

پرسیم: "بەڕێز ئازاد تۆ چ کارێک دەکەی؟"

گوتی: "من سێڵزمانم."

"یانی....؟"

"یانی کابرای داماوی کتێبفرۆش."

گوتم: "چ کتێبگەلێک دەفرۆشیت؟"

گوتی: "پێرشیا، خەیام، فیتز جێرالّد، ئێران، پردی پیرۆزە."

"بە کێیان دەفرۆشی؟"

"وەزیرەکـــــان، بەڕێـــــوەبەری فەرمانگەکـــــان، جێگـــــرە دەوڵەمەندەکان، سکرێترە جوانەکان و... نووسەرە ئاقڵەکان."

دیســـانەوە چـــاوی بچـــووک کـــردنەوە و ئەو زەردەخەنە شەرمێونە هاتەوە سەر لێوی. دیسانەوە بووەوە بە خۆی. ئەو کەسەی بە میهرەبانییەوە داوای یارمەتیت لیَ دەکا.

خۆمم لیَ گێل کرد و گوتم: "بەڵام منیش حەز دەکەم یەکێک لەم کتێبانەم هەبێت."

گـوتی: "خـۆ مـن پـێم گـوتی! لـێگەڕێ بـۆ جەژنـی نەورۆز یەکێکیانت وەک جەژنانە دەدەمیَ".

دەنگـی خـۆی دەگـۆڕی و بـڕوای وا بـوو، وەختـیَ مـرۆڤ دەتوانیَ دەمولەفزی شیرینتر بیَ، بۆچی شـیرینی نەکات: تەنها دەنگ دەمێنێتەوە.

منـیش زۆر حەزم لەم کـارەی بـوو. کە دەڕۆیشـتین بـۆ مارکێت، یـان ڕیسـتورانت، بەم دەنـگەی سـەرنجی هەمـوانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشـا. جارێکیـان لەنـاو خـواردنگەیەکی تاریـک و ژێرزەمینیدا پێم گوت: "بۆ ناڕۆی بۆ دوبلاژ؟"

"دەڕۆم، ساڵەهای ساڵە، بۆ نەتدەزانی؟"

"نا."

"بەڵـیَ. مـن لە جـێگەی ئـالان دیلـون و مـارلۆن برانـدۆ، هەروەها چەند کەسێکی تر قسە دەکەم."

چەند قسەیەکی بە دەنگی ئەوانەوە کرد. دیم خراپ نییە.

گـوتی: "سـەیر کە بـزانە ئێسـتا مـن کـێم؟ چاوقـایمییە، بەڵام بەڕێز سەرکۆمار دەبیَ پێتـان بڵـێم، ئێمە نـان لە گەنـم دروست

دەکەیــن نەک لە ســەبر و ددانبەخــۆداگرتن. ددانبەخــۆداگرتن دیواری پاسەوانی چەکدار نابڕێ."

"مارلۆن براندۆ."

"ئێستا ئەمەیان؟ ڕوزالی، تۆ دەبێ دادگایی بکرێی، چونکە زۆر بەسەر دایکتدا دەنەڕێنی... ئەمە کێ بوو؟"

گوتم: "ئالان دیلۆن."

خێرا ئاوازی دەنگی گۆڕی: "دوژمنەکانتان بە کەم مەگرن! بگەڕێنەوە. ئەگەر خانووەکەتان ئاگری گرت، دیسان چاکی بکەنەوە، ئەگەر خەرمانیان سووتاندن، دیسانەکە دایچێننەوە، ئەگەر منداڵتان مردن، دیسان زاوزوێ بکەنەوە، ئەگەر لە دۆڵەکان دەریانکردن، بڕۆنە یاڵ و داوێنی شاخ، بەڵام بژین."

کەسێک لەسەر مێزەکەی تەنیشتمانەوە گوتی: "ئێمیلیانۆ زاپاتا."پاشان بینیمان چەند کەسێک لە مێزەکانی تەنیشتمانەوە بە زەردەخەنەوە و بێدەنگ سەیرمان دەکەن.

ئازاد تەواو دڵی داکەوت، لەژێر چاوەوە ئاگای لە هەموان بوو، دڵخۆش دیاربوو: "دەست و قاچی ببەستن... گوللەباران!"

"مارلۆن براندۆ."

هەردووکمان پێکەنیین و نانی ئێوارەمان خوارد، پاشان دەنگی نزم کردەوە: "تۆ خەریکی لەگەڵ هونەرمەندێکدا نانی ئێوارە دەخۆی، خانەدانێکی لێکەوتوو[1]."

گوتم: "بۆچی لێکەوتوو؟"

دەستەکانی کردەوە: "ئاخر، لەو دەستە بەتاڵانە پتر هیچ شک نابەم."

---

[1]. لێکەوتوو: کەسێک کە لێ دەکەوێ. لە دەوڵەمەندییەوە هەژار دەکەوێتەوە، یان لە دەسەڵاتداری دەکەوێ...

هەنـدێ جـار لەپـڕ بێهێـز دیـاربوو. جارجـاریش هێـور دەبووەوە و پرێسکەی دڵی دەکردەوە.

ڕۆژێکیـان لـێم پرسـی: "بەڕاسـت ئـازاد، پـێم بڵـێ پێشـتر مـن تۆم لە کوێ بینیبوو؟"

کە پێـدەکەنی و چاوەکـانی بچـووک دەبـووەوە، دەیتـوانی داوای هەمـوو شـتێکم لـێ بکـات و منیش نەتـوانم دڵـی بشـکێنم. سەری خوار دەکردەوە و زەقزەق تەماشـای هەمـوو شـوێنێکی دەموچاوی دەکردم.

گـوتی: "لە بیـرتە، ڕۆژێکیـان چەنـد کەسـێک دەیانویسـت لیمۆکانی تۆ بدزن، من بەرۆکیانم گرت و سەرم شکا؟"

ئەو کاتە هەموو ساڵەکانی منداڵیی خۆیـان کوتـایە باوەشـم: "نەفرەتت لێ بێ ئازاد، بۆچی زووتر نەتگوت؟"

منـداڵییەکان هـاتن و گیانیـان بەبەردا هـاتەوە. دەموچـاوە منداڵانەکەی بە بیجامە و سەبەتەی لیمۆوە هاتەوە پێش چاوم. لەگەڵ جووتێـک کڵاشـی شڕوشـیتاڵ و کراسـێک کە هەمیشـە سـەوز بـوو. ئـازاد. بەڵام ئێسـتا بە چـاکەت و پـانتۆڵی نیلـی و بۆینبــاخی دەســچن و پــێڵاوی ویـــڕنیەوە، لە بەردەممـــدا دانیشتبوو، جگەرەی دەکێشا، یان کەبابی قەوقازیی دەخـوارد و دەشیخواردەوە.

جارێکیـان گـوتی هـاوڕێیەکی سـەمەرەم هەیە حەز دەکەم بیناسیت. قبووڵم نەکرد و پێم وا بوو کـاتم نییە بۆ هـاوڕێیەکی دیکەش، خۆ نووسینگەی دۆزینەوەی هاوڕێم نەکردووەتەوە."

گـوتی: "یاسـاکانی دۆزیـنەوەی هـاوڕێیەتیی دیـل کارەنگیـت خوێندووەتەوە؟"

"نا."

"تۆ دەبێ ئەم کتێبە بخوێنیتەوە."

"باشــە، مـن دەسـت بە ڕووی هـیچ کتێبـێکەوە نـانێم. ئەگەر پێت وایە کارێکی بەنرخە، دەیخوێنمەوە."

"ئەی بـۆچی نـاتەوێ ئەم هـاوڕێیەی مـن بناسـیت؟" پاشـان دیسانەوە چاوەکانی بچووک کردەوە و سـەری خوار کردەوە، بە هەمان زەردەخەنەوە.

"باشە، دیدارێک ڕێک بخە تا بەم هاوڕێ سەمەرەیەت ئاشنا ببم."

پاشـان ئێمە لە هـۆتێلی ئێکسێلسیڤەری چوارڕێیـانی تەخـت جەمشـید، لەنـاو خـواردنگە نیوەتاریکەکەیدا چاومـان بە یەکتـر کەوت. پیاوێـک بـوو بە پرچێکـی کـاڵ، تەنکەڕیشـێکی کـاڵ، چـاویلکەی هەتـاوی، پـانتۆڵێکی مەخمەڵـی، چـاکەتێکی جگەری، هەروەهــا بۆینبــاخێکی خەتخەتــی کریســتیان دیــور؛ وا بــزانم بۆنێکی ئۆیپونی سەیریشی لەخۆی دابوو، کە هەر کەسێک بە تەنیشــتماندا تێــدەپەڕی، هەناســەیەکی قــووڵی هەڵدەکێشــا و سەیری هەرسێکمانی دەکرد.

ڕوخسـاری لە مەسـیح دەچـوو، مەسـیحێک کە لای ڕاسـتی هەنــیەی، هێنــدەی چــوار قامــک شــوێنی درووویــنەوەی بەرز بووبووەوە، ڕەنگی پێستیشی نەختێک سپی و مەیلەوئاڵ بوو.

دواتر ئازاد پێی گوتم لە خۆپێکدادانی دوو سەیارەدا وەخت بــووە بمــرێ و ڕزگــاری بــووە و لەســەر ئەرکــی شــا لە نەخۆشخانەیەکی شاهانەی بەریتانیادا نەشتەرگەرییان کردووە. هەمــوو هەوڵێکیــان خســتووتە گەڕ بــۆوەی نەمرێــت. گــوتی: "تێئوریسییەنێکی زۆر گرنگە."

ئەو شــەوە مــن بــۆ یەکەم جــار لەگەڵ ســاواکییەکدا نــانی ئێــوارەم خــوارد. ســـاواکییەکی تەڕپۆشـــی کتێبخـــوێن کە یادگەیەکی سەیری هەبوو، جا باسی هەموو شتێکیشی دەکرد،

چی زانیاریی بوو له بن زمانی بنیادەمی دەردەکێشا. چاوی دەترووکاند، چاوی دەترووکاند، به وردییەوە گوێی له پرسه تایبەتەکـــان دەگـــرت و وای دەنوانـــد که به لایەوە هـــیچ گرینگییەکی نییه، بەڵام هێنده به ئارامییەوە قسەی دەکرد، که ناچار دەبووی ئابڕووی خۆت بپارێزیت، بەردەوام وای لێ دەکردی، بەرگری له خۆت بکەیت.

گوتی: "من ئێران به شەترەنجێک دەزانم که به لابردنی شا، گەمەی ژیان بەردەوام نابێت."

گـــوتم: "هەڵەی ئێـــوە لەوەدایه ژیـــان به جـــۆره گەمەیەک تێگەیون..."

سەیرێکی ئازادی کرد: "بەڕێز ئازاد، من وام گوت؟"

پاشـــان ئـــازاد زەردەخەنەیەکـــی بـــۆ مـــن کـــرد که یـــانی ئینسافیش شتێکی باشه بۆ مرۆڤ. ئینجا گوتی: "ئێمه پێشتر باسی ئەو بابەتەمان کردووە، بەڕێزیان لەو بڕوایەدان ژیانی ئێرانییەکان یاسایەکی یاریکردنی هەیه، که له شەترەنج دەچێ، به لابردنی شا باقیی مۆرەکانیش نرخیان نامێنێت."

نەختێک تووڕە بووبووم. بەڵام هەوڵم دەدا بەسەر خۆمدا زاڵ بم: "من بیستبووم پیاوی ساواک نایدرکێنن، که ئاشقی شان، بەڵام تۆ زۆر عاشقی خاوەنشکۆی."

دەســتەکانی به حـــاڵەتی تکـــاکردن هێنـــایه پێشـــەوە، چـــاوی تترووکاند: "بڕوات بێ، بەو لایەنەدا بەرۆکی تۆ ناگرم. من کولتوور و مێژووی ئێرانم خوێندووەتەوە و لێکم داوەتەوە، که ئەنجامەکەی بووەته ئەمه. دەنا له بزووتنەوەی مەشرووتەدا نەیاندەهێشت شا بمێنێتەوە. ئەوان له هەلومەرجێکدا بوون که به ئاسانی دەیانتوانی شا لاببەن، بەڵام هەر لەبەر ئەم هۆکاره هێشتیان بمێنێتەوە."

"خۆ ئەگەر لە ئاکامی دواندنی تۆ نەترسم، دەبێ بڵێم پادشا و پادشایەتی لە ئێراندا کۆتایی پێ هاتووە. بزووتنەوە چەپ و دینی و میللییەکان خەریکن لێکتر نزیک دەبنەوە، هەروەها لەم ساڵانەدا چوارچێوەی پادشایەتی دەڕووخێت."

شـــانێکی هەڵتەکانـــد: "ئەمە بـــابەتێکی دیـــکەیە. هـــیچ پەیوەندییەکی بە باسەکەی منەوە نییە. سیستەمی پاشایەتی دەکرێ هەرەس نەهێنێت، لەوانەشە هەرەس بهێنێت، بەڵام من گەیشـــتوومەتە ئەو ئەنجـــامەی کە گەلـــی ئێـــران لە ڕووی کولتووری و ڕیشە مێژوویی و میراتەوە، بەبێ پادشا تووشی سەرلێشێواویی مێژوویی و تەنانەت جوگرافیایی دەبنەوە."

خراپ عاشقی پادشا بوو. گوتم: "ئێوە ئەم نوسخانەتان[1] لە کوێ دەست خستووە، کە بۆ گەلی ئێرانی دەنووسن؟"

ئەگەر پێت خۆش بێت، دەتوانین زیاتر پێکەوە قسە بکەین. تەنانەت دەتوانین پێکەوە کار بکەین تاکو بگەین بە ئەنجامێکی باش، یان من قەناعەت بە ئێوە دەهێنم، یان ئێوە من قایل دەکەن."

هاوکاری؟ هەموو گیانم هاتە لەرزین: "بە پێویستی نازانم. ئێوە ئاوەها بیر دەکەنەوە، لێگەڕێن با منیش بە جۆرێکی تر بیر بکەمەوە."

"چۆنت پێ خۆشە با وا بێ، بەڵام ئەوەت لە بیر بێت، پاش هێرشی عەرەبەکان، خەلیفەکان ناچار بوون بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پادشـایەک دابنـێن، ئەگەرچـی ئەو شـکۆ خـوداییە بـە کوژانەوەی دوایین پادشای ساسانی لە وڵاتی ئێمەدا کوژایەوە، بەڵام جێگـرەوەی هەمـان پادشـاش بـۆ مـاوەی هەزار و چوارسـەد سـاڵ کارەکـانی ڕاپەڕانـد. تەنـانەت خەلیفەکـانی

---

[1]. نوسخە: لێرەدا ڕەچەتە.

عەباسییش لە ماوەی شەش سەدە دەسەڵاتیان بەسەر ئێراندا، بەڕێوەبردنی وڵاتیان دایە دەستی شا."

"بەڵام خەڵک لە شا بێزار بوون."

چەند جارێک بە ئارامی چاوی ترووکاند و بە پشوودرێژییەکی زۆرەوە گوتی: "تۆ لە شوێنی دیکەش ئەم قسەیە دووبارە دەکەیەوە؟ جگە لەمەش تۆ نوێنەر و وتەبێژی خەڵک نیی... هەیت؟"

هەستم کرد خەریکە هەڕەشەم لێ دەکات. گوتم: "بڕوانە، من کە ئاوا خۆمانە و بە ئاسوودیی قسە لەگەڵ تۆ دەکەم، لەبەر ئەمەیە کە هەست بە ئاساییش دەکەم."

دیسانەوە چاوی ترووکاند: "هەڵبەت تۆ چاکەت بەسەرمەوەیە. وا بزانم کاتەکە لە نیوەشەو تێپەڕیوە." پاشان فەرمانی دا بانگی شوفێرەکەی بکەن و گوتی پسوولەی خواردنەکە بنێرن بۆ فەرمانگەکەی. لەگەڵ ئێمەدا زۆر بە نەزاکەت و ئەدەبەوە ماڵئاوایی کرد، هەروەها گوتی: "هیوادارم بتبینمەوە. حەزم لە شێوازی چیرۆکەکانتە. هەر کاتێک حەزت لێ بوو یەکتر ببینین، بە ئازاد گیان بڵێن."

پاشان ئازاد تا لای پلیکانەکان لەگەڵی ڕۆیشت و کە گەڕایەوە پێی گوتم: "دکتور زۆر کەیفی بە تۆ هاتووە، ئەسفاری. تا ئێستا نەمبینیبوو چەند سەعاتان ئاوا خۆمانە لەگەڵ کەسێکدا قسە بکات."

گوتم: "ئازاد ئێستا تۆ کەوتوویتە ناو خۆشەویستی ئەو دکتورە نهێنیئامێزەوە! مرۆڤ نازانێت چۆن کەسێکە، ڕۆشنبیرە یان ساواکی! ڕاستییەکەی ئێستا نازانم لەگەڵ تۆش چۆن بم."

ئازاد ئاوەها بوو. پاشان ئیتر باسی ئەو دکتۆرە نهێنیئامێزەی نەکردەوە. تا ئەوەی کە ڕۆژێک هات و باسی

کچێکی کرد کە ناوی مریەم بوو، ئەمیش خۆشی دەویست. بەڵام خانەوادەی کچەکە ڕازی نەبوون کچەکەیانی بدەنێ و گوتبوویان، چونکە ئازاد باوک و دایکی نییە، ئەم کارە سەر ناگرێت. دەیگوت: "حەیف کە دایک و بابم نییە. نازانم بۆچی لەم هەموو نیعمەتە هیچ بە من نەبڕاوە."

کەسێکی خەمبار بوو. سەرباری ئەمەش هەوڵی ئەدا وا بنوێنێ شاد و کۆمەڵایەتییە. بۆ نموونە لەناو تاکسیدا وای قسە دەکرد کە هەموو موسافیرەکان سەیری بکەن، یان لە ڕێستورانتدا لەناو هەموو مێزەکاندا هەمیشە مێزێکی هەڵدەبژارد کە دەوری قەرەباڵغ بێت. لە هەر شوێنێکیشدا باسی شتێکی نوێی دەکرد، لە شوێنێکدا باسی فرۆشتنی ڤیلا بوو، شەوان و لە تاریکیی تاکسیدا باسی بەرهەمهێنانی فیلمی دەکرد و هەوڵی ئەدا لەناو موسافیرەکاندا بدرەوشێتەوە، ئەویش بە دەنگی ئالان دێلۆن. لە شوێنی دیکەدا باسی ڕۆیشتنەوەی دووبارەی بۆ پاریس دەکرد و من دەزانم تا ئەو کاتە چاوی بە ئەفغانستان و بەحرەین و تورکیاش نەکەوتبوو، چ بگا بە پاریس و ڕۆما و لەندەن.

دەیگوت: "تاقە یەک ڕۆژم مابێت، دەبێت پاریس ببینم. ئەگەر بۆ یەک سەعاتیش بووبێت."

دوای ئەو ڕۆژانە، من زانکۆم تەواو بووبوو، چووبوومە سەربازی. کە چوار مانگی ڕاهێنان کۆتایی هات و من گەڕامەوە تاران، براکەم گوتی، ئازاد لە سووچێکی شەقامی عیشرەت ئاباددا شریتفرۆشیی داناوە. چەند جارێک ڕۆیشتم بۆ لای، هەموو شریتەکانی ئۆڵدسانگ و بیتێڵز و نانا موسکوری و خولیۆ و پینگ فلۆیدم بە هۆی ئەوەوە هەیە. ئەو ڕۆژانە پینگ فلۆید تازە بازاڕیان گەرم بووبوو.

هاوڕێیەتییەکەمـــان وا بـــوو، کە هەر شـــریتێکم ویســـتبا، بە خـــۆڕایی دەیـــدامێ، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرچـــۆنێکی بـــێ مـــن پـارەی شـریتەکانم هەر دەدایـە و تەنـانەت هەنـدێ جـار بـاقیی پارەکەیشـمم لێـی وەرنەدەگـرتەوە، زۆر زۆری ڕێـز دەگـرتم. حەزم دەکـرد لە شـوێنێکدا بگیرسـێتەوە و بتـوانێ ژیـانی خـۆی بەســـەر بەرێـــت. بەڵام وازی لە ئەوێـــش هێنـــا و دیســـانەوە ڕۆیشـــتەوە دیـــار کتێبەکـــانی پێرشـــیا. کرێـــی دوکـــانەکەی پـــێ نەدرابـوو، بیسـتم خـاوەن دوکـانەکە کەلوپەلەکـانی خسـتووەتە سەر شەقامەکە و دوکانەکەی داوەتەوە کرێ.

ڕۆژێکیان لەگەڵ ژنێکی جوانی بیستوحەوت ساڵاندا بینیم. ئەویـش لە سـینەمادا. سـەرم بـردە لای گـوێچکەیەوە و گـوتم: "ئەم بەڕێزە کێیە؟"

"هاوسەرمە."

"تۆ کەی زەماوەندت کرد؟"

" زەماوەندمان نەکردووە. هەر وا پێکەوە دەژین."

شـەوی دواتـر بانگهێشـتی کـردم بـۆ مـاڵەکەی خـۆی. بەفـر دەباری. بە زەحمەت توانیم ماڵەکەی لەناو کۆڵانەکانی یوسف ئاباددا بدۆزمەوە. چەپکەگوڵێکیشم بۆ کڕیبوو. ئێوارە پیتزامـان خوارد. ژنەکەی گوتی: "ئەمشەو شێوی ئەورووپی بخۆین؟"

دوای نانی ئێوارە، ئازاد لەسـەر قەنەفەیەک ڕاکشـا و گـوتی: "بمبـوورن هاوڕێیـان، مـن زۆر مانـدووم. ئەمـڕۆ لە بەیـانییەوە دەسووڕێمەوە."

ژنەکەی گوتی: "تلیاک ناکێشی؟"

ئازاد گوتی: "نا لەگەڵ ئەسفاری بکێشە."

پاشان دەستی نایە پشت چـاوی و خەوی لێکەوت. ژنەکەی مەنقەڵێکـی بچـووکی هێنـا و بە خەڵـووزی جەکسـون کەوتە

گیانی بافوورەکە. بەدەم لکاندنی تلیاکەکەوە، گوتی: "بەڕێز ئەسفاری، دەکێشی ئازیز؟"

ژنێکی دەستوپێ سپیلکەی شپڕیو نەبوو، بەڵام ڕانە ڕووتەکانی وا ناسک و ڕێک خستبوونە سەر یەک، کە بە باشی نەیدەتوانی دایپۆشێت. پێشدەچوو خۆی نەیەوێ. دوو لوولی پەیتاپەیتا کێشا. ئێستا ئیتر کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕابوون و ئاگر لە چاوە ڕەشەکانیەوە دەباری. گوتی: "بەڕێز ئەسفاری، دڵنیای حەزت لێی نییە؟"

گوتم: "حەزم لێی نییە، دەترسم حاڵم تێک بچێت."

گوتی: "بۆ ئەم شتانە پێویست بە خوڵک ناکات. ئەگەر حەزت لێیە وەرە تەنیشت منەوە دانیشە." پاشان بە لەپی دەستی، لە بەتانییەکەی تەنیشتی ڕاکێشا. ئینجا کە لەوێ دانیشتم ئاماژەی کرد و گوتی: "وەرە پاڵ بدە بەم پشتییەوە، کە خووت بە دووکەڵەوە گرت، کەیفخۆش دەبیت." پاڵم دا بە پشتییەکەوە، گوێم لێی گرت تاکو قسە بکات، پەیتاپەیتا دووکەڵی بە با دەکرد و قسەی دەکرد. قسەخۆش بوو. هەندێ جاریش سەری دەخستە سەر شانم و خۆی شل دەکرد.

من پێم وا بوو ئەم ژنەش یەکێکە لەوانە، لەو هاوڕێیانەی ئازاد کە هەر جارنەجارێک پێی دەناساندین: هاوسەرەکەم. هەر بۆیە دەستەکانیم گرت و دەستم کرد بە نەوازشتکردنیان. هیچ بە مەبەستی جووتبوونیش نا. هەر وا بۆ خۆشی یاریم بەو ئەنگوستیلە ناسکەی دەکرد کە لە پەنجە بچووکەکەیدا بوو و ئارام و بێخەیاڵ دانیشتبووم و گوێم دابووە قسەکانی. شلەپەتە قسەی دەکرد و منی دەخستە پێکەنین. لە بیرم نەماوە ناوی چی بوو، تەنیا ئەوەم لە بیر ماوە نیوەی تەمەنی لە ڕۆما ژیابوو.

ئـازاد لەسـەر قەنەفەکە خەوتبـوو، خەوێکـی ئـارام و قـووڵ. بەبـێ ئەوەی بچـووکترین جـووڵەیەک بکـات. مـن پـێم وا بـوو خەوتـــووە، بەڵام لەپـــڕ بینـــیم بە ڕوویەکـــی گـــرژەوە لە بەرانبەرمــانەوە ڕاوەســتاوە و ســەیری ژنەکە دەکــات. ژنەکە ڕاچڵەکی و بە ترسەوە خۆی داپۆشی و ڕایکردە دەرەوە. ئـازاد هەر وا زەقـزەق دەیڕوانــی. مــن نەمـدەتوانی بجـووڵێم. چمـا نووسـابووم بە زەویـیەکەوە. پاشــان، ئــازاد دەسـتی ڕاسـتی بەرەو لام ڕاداشت و گوتی: "ماڵئاوا."

هەستام و دڵگران لە مـاڵەکەی هـاتمە دەرەوە. دەمەوبەیـانی بـوو، هەواکەشـی زۆر سـارد بـوو. نەمـدەزانی بـۆ کـوێ بـڕۆم. سەرگەردان مابوومەوە.

لەوەبەدوا ئیتـر یەکترمـان نەدەبینـی. مـاوەیەکی دوورودرێژ ئاگــام لێــی نەبــوو تــا ئەوەی پــار لەبەر دەرگــای کوانــووی نووسەراندا بینیم. بە سمێڵی بابڕ و کڵاوی ڕووسـیی ڕەساسـی و جلوبەرگێکی ڕێکوپێکەوە وەستابوو. کە وەژوورکەوتـم، هـاتە پێشەوە و سڵاوی کرد.

گوتم: "تۆ لێرە چی دەکەی؟"

"خۆ هەمیشە لێرەم."

وەهـا سـەیری کـردم کە یـانی چەنـد سـاڵە مـن دێـم، بۆچی نــازانی؟! هەڵــبەت لە هەمــوو شــوێنێک هەر وا بــوو. خــۆی بە خانەخوێ دەزانی. هەرچییەکی بویستبا خێرا هەڵی دەگرت، بە ئاســـوودەییەوە ڕادەکشـــا، دەیخـــواردەوە، دەیخـــوارد، نێـــوانی لەگەڵ هەموانــدا خــۆش بــوو. ژن و پیــاو بە لایەوە وەک یەک بوون، لەگەڵ هەمواندا خۆمانە بوو.

هەنـدێ جـار دەمبینـی نـاتوانێ هەنـدێ وشـە جـوان گـۆ بکـا. تەنانەت ئەو کتێبانەشی دەخوێندەوە کە ئەو ڕۆژانە بـاو بـوون.

وەکـو کتێبەکـانی فـالاچی، سـارتەر و گارسـیا مـارکێز و ئەم شـتانە. بەڵام بە پێچەوانەی ڕواڵەتەکەی، خوێندەوارییەکی وای نەبوو. تەنانەت دیپلۆمیشی نەبوو. هەر کتێبی دەخوێندەوە، یان هەنـدێ جـار دەڕۆیشـت بـۆ زانکـۆ و لە پـۆلە جیاجیاکانـدا بە شێوەی ئازاد بەشداریی دەکرد. کە چووینە ناو بینای کوانووی نووسـەران، بینـیم لەگەڵ هەموانـدا سـڵاو و دەستومشـتاق[1] دەکات. پاشان پێیان دەڵێت: "دەتبینمەوە دکتور گیان."

هەر ئەم ڕێـزەی لە خەڵکـی دەگـرت، هەر ئەو لەبـزە دۆستانەیە، هەر ئەم دکتور دکتۆرەی وای لە زۆربەیـان دەکرد وەک ئاشـنا و ئەنـدامێکی فەرمـی لەگەڵـی بجـووڵێنەوە. هەر ئەمەش دەبـووە هـۆی ئەوەی زوو لەگەڵیـدا ببـنە هـاوڕێ و تەنانەت لێیشیان نەدەپرسی ناوی چییە.

هەر بەو جـۆرە هـاتبوو خـۆی واتەنـی، خـۆی بسـەلمێنێت. زۆر کەیفـی بەوێ دەهـات و کەسـەکانی ئەوێـی زۆر خـۆش دەویست و بە هەمووشیانی دەگوت دکتۆر.

پاشـان وەختێ کۆمەڵێک کەسـیان لە کوانـووی نووسـەران دەرکرد، ئەویش ئیتـر نەهـاتەوە. پێم وایە ئەمەش بۆ ئەوە بـوو خەڵکی پێ فریـو بـدەن، بـۆیە ئەویشـیان بە غەنـیمەت زانیبـوو، لەگەڵ خۆیانـدا بردبوویـان. لەوانەشـە کـۆکردنەوەی لایەنگـر و جەماوەریان پێوە دەهات.

پاش ئەوە ئیتر مەگەر بە ڕێکەوت یەکترمـان ببینیبا. سـڵاو. لە کوێی؟ چی دەکەی؟ خوات لەگەڵ. هەر ئەوەندە. جارجـاریش هەوڵی ئەدا بابەتێک بێنێتە گۆڕێ و قسەیان لەسەر بکات. بەڵام مـن بە هـۆی بێتـاقەتییەوە لە دەسـتی هەڵـدەهاتم. زۆر

---

[1]. دەستومشتاق: تۆقەکردن. دەستلێدانەوە... سوار و پیادە ئەگەر بیانەوێ، دەتوانن دەستومشتاق بکەن.

ڕووکەشیانە و بێناوەڕۆک بوو. تەنیا برەوی بەو شتانە دەدا کە باو بوون، ئیتر بە لایەوە هیچ گرنگ نەبوو ڕاستە یان هەڵە، بۆخۆیشی شرۆڤە دەکردن و خێرا بڕوای پێیان دەهێنا.

ئاشقی خۆی بوو. چەند سەعاتان لەبەر ئاوێنەدا ڕادەوەستا و هەر خەریکی دەموچاوی بوو. سەر سمێڵەکانی، خەت ڕیشەکەی، برۆ و پرچەکەی ڕێک دەکرد. هەمیشە بیری لە ئامانجە نایابەکان دەکردەوە. حەزی دەکرد شەو بخەوێت و بەیانی لەژێر سەرینەکەیدا سەفتەیەک پارە بدۆزێتەوە.

شەوێکیان تەلەفۆنی بۆ کردم و بە کۆڵێک هەقایەت و باس و لێکدانەوەی زیادەوە گوتی: "دەمەوێ بابەتێکی زۆر گرنگت لەگەڵت باس بکەم. ئەمشەو بوارت هەیە؟"

خەوم دەهات گوتم: "ئێستا؟"

"حای حای برا. تازە سەعات بووەتە یازدە و دە خولەک. تا بەیانی کاتی زۆرمان بەدەستەوەیە. من هەر ئێستا دەکەومە ڕێ."

هات. چایم بۆ لێنا. نزیکەی سەعاتێک قسەی کرد، پێکەنی، چای خواردەوە و پاشان گوتی: "دەمەوێ داوای یارمەتیت لێ بکەم."

"بۆچی؟"

" دەمەوێ هەندێ قاڵبی ئاڵتوون بەبەمە دەرەوە. تۆ ماشێنەکەت بفرۆشە، بە قەرز بیدە بە من..."

گوتم: "من کاری وا ناکەم!"

"دەمەوێ قازانجێکی زۆر بکەی."

"من قازانجی زۆرم ناوێ."

"بەخت دوو جار لە دەرگای ماڵت نادات، ئەسفاری گیان وەرە ببە بە شەریکم. لێگەڕێ با دەوڵەمەند ببینەوە."

گوتم: " قاڵبی ئاڵتوون؟ چۆن؟"

"لە چۆنەکەی گەڕێ بۆ من، بەڵێنت پێ دەدەم بە لانی کەمەوە نیو ملیۆنت دەستکەوێت."

"تۆ شێت بووی ئازاد!"

"بیستوهەشتەمی مانگ دەکەوینە ڕێ."

" تێکچوویت؟"

"وام داناوە، من هەشتا قاڵبی ئاڵتوون دەبەمە دەرەوە. دەڕۆم بۆ لەندەن. لەناو فرۆکەخانەی لەندەن کاتێ ئاڵتوونەکان ئەدەمە کەسی بەرانبەر، دەسبەسەر دەکرێم."

" ماخۆلانت گرتووە؟"

"بەڵام گرنگ نییە. پارێزەرێک دەگرم، دوو سێ هەزار فرانک خەرج دەکەم، دوای بیست ڕۆژ ئازاد دەبم. پاشان دەڕۆم پشکەکەی خۆم وەردەگرم و دەگەڕێمەوە تاران. نیوەی بۆ من، نیوەی بۆ تۆ."

"با خەڵکی تر ئەم کارانە بکەن. لە من و تۆ ناوەشێتەوە ببین بە قاچاخچیی قاڵبی ئاڵتوون."

ناڕەحەت و جازڕ ڕۆیشت. هەڵبەت هەمیشە وا بەرزەفڕ و خەیاڵاوی نەبوو. هەر کاتێک هەستی بە داماوی دەکرد، دیسانەوە حەز و ئارەزووە کۆنەکانی هەڵەسوونیان دێنایەوە[1]. ئەو کاتە ئیتر کەوتبووە ناو خەونی ڕۆمانسیی و سەیر سەیرەوە. پێی خۆش بوو خێرا شوێنپێی خۆی لە جێیەک بکاتەوە و لەپڕ سەرمایەیەکی دەست بکەوێت. خراپییەکەشی

---

[1]. هەڵەسوون: وەختێک دارێک لە بنەوەڕا دەبڕنەوە، یان گیایەک دەدروونەوە و سەر لەوێ شین دەبێتەوە، دەڵێن هەڵەسوونی هێناوەتەوە. هەڵەسوونهێنانەوە، واتە سەرهەڵدانەوە و زیندووبوونەوەی شتێک کە مت بووە.

لەوەدا بوو لە هیچ شتێ وەستا نەبوو. بەردەوام بیری لای کاری سەیروسەمەرە و گەورە بوو.

هەر ئەو هاوڕێیەی پێی وا بوو ئەو ئازادی دۆزیوەتەوە و بووەتە پردی هاوڕێیەتیمان، بۆی گێڕامەوە سێ ساڵ بوو ئازادی نەبینیبوو، ماوەیەک پێش ئێستا ئەوی بینیوە و لێی پرسیوە تاکو ئێستا لە کوێ بووی ئازاد؟ دیار نەبووی؟

ئازاد گوتوویە: "لە پاریس، خەریکی خوێندنی هوتێلداری بووم."

"ئەی بۆ هاتوویەوە؟"

"دوو حەفتەی تر دەچمەوە. پشووە، هاتوومەوە بۆ سەردان."

تەنانەت گوتوویە: "لە فڕۆکەخانەی پاریسەوە تەلەفۆنم بۆ مریەم کردووە. گوتی: لەگەڵ ئەندازیارێکدا زەماوەندم کردووە. من گوتم: خەریکم دێمەوە. دیارییشم بۆ کڕیوی. مریەم گوتی: سوپاست دەکەم. خوات لەگەڵ... من گریام و بێهیوا هاتمەوە بۆ تاران. ئێستا نازانم چی بکەم. جارێ بڕیارم داوە لە ئێران کێڵگەی بەخێوکردنی ماسی دابنێم. لە شیمالی ئێران زەوییەکم کڕیوە. زۆر گونجاوە بۆ بەخێوکردنی ماسی. دەڵێم تۆ ئەندازیاری بەخێوکردنی ماسی، یان ئەندازیاری کشتوکاڵ، یان بۆ نموونە پسپۆڕی کاروباری بەخێوکردنی ماسی ناناسیت؟"

هەر ئەو هاوڕێیەمان گوتی: "کە ڕۆیشت، زۆر بەزەییم پێیدا هاتەوە. لەبەر دەرگای سانابەرەکەدا پێی گوتم: تکایە پەنجا تمەنم بە قەرز بدەرێ، جزدانەکەمم لە بیر چووە."

پێم وا بێ ئەو ڕۆژانە ماوەیەکی زۆر بوو ئازادم نەبینیبوو، تا ئەوەی کە ڕۆژێکیان بە پەلە و شڵەژاو هات بۆ ماڵەکەم. سێ دەفتەری گەورەی لە بنهەنگڵیدا بوو. لەسەر میزەکە داینان و گوتی: "ئەسفاری چاییت هەیە؟"

چاییم بۆی هێنا. بە دەستێکی کوپە چایەکەی گرتبوو، بەو دەستەکەی لاپەڕەی دەفتەرەکانی هەڵئەدایەوە.

گوتم: "چ باسە؟"

"هیچ، سێ ڕۆمانم نووسیوە، دەمەوێ چاپیان بکەم. بڵاوگەی باش ناناسی؟"

گوتم: "کەچەڵ تیمارکەر با، سەرەتا سەری خۆی تیمار دەکرد."

دڵگران بوو. گوتی: "چۆن تۆ بڵاوگە ناناسی! ئەسفاری، ئای ئەسفاری!"

"باشە خۆ خۆت دەزانێت پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ بڵاوگەکاندا چۆنە."

"تێدەگەم... بەڵام ئەگەر بووبایتە شوفێری لۆری، تا ئێستا هەزار فیتەرت دەناسی و هەزار شوفێریش لەناو جادە لایتیان بۆ لێدەدایت."

گوتم: "بەڵێ ئیتر. بەدبەختیی منیش هەر ئەمەیە."

"تازە تێدەگەم. نووسەرییش جگە لە تراویلکە، هیچی تر نییە."

پاشان چایەکی تری بۆ خۆی تێکرد و خێرا فڕی کرد و گوتی: "من ئاخری ئەم سێ ڕۆمانە چاپ دەکەم." پاشان ڕۆیشت.

ماوەیەک دوای ئەوە لە گەرمەی بگرەوبەردەکانی کۆمەڵە سیاسییەکان، یان بە قەولی ئێوە، تێکدەرەکاندا، جارێکیان لەپڕ لەناو تاکسییەکدا چاوم پێی کەوت. هەولی ئەدا سەیرم نەکا و سەریشی وا ڕاگرتبوو سەرنجم ڕابکێشێت. لەگەڵ کۆکەی درۆیینی، چاویلکەیەکی هەتاوی نابووە بەر چاوی و تا نیوەی دەموچاوی گرتبوو. سمێڵیشی هێشتبووەوە و جلی سپۆرتی لە بەردا بوو.

گوتم: "سڵاو ئازاد."

دەزانم بیستی. بەڵام بێ ئاوڕدانەوە، سەیری شەقامەکەی دەکرد. دیسانەوە بانگم کرد و قۆڵیم ڕاکێشا. بە مۆڕەوە تەماشای کردم و بە نەرمی، بەڵام بە دەنگێکی گڕەوە گوتی: "بەڵێ بەڕێزم؟! کێشەیەک هەیە؟"

وام زانی نامناسێت. جارێکی تر گوتم: "ئازاد، منم، ئەسفاری!"

بە دەنگی جاک نیکێلسۆنەوە گوتی: "چیتان فەرموو؟ ئیشێکیتان بە من هەبوو؟"

سەرم سووڕ ما. بەڵام هیچم نەگوت. ڕاوەستام تا دابەزی. پاشان منیش بە شوێنیدا بازم دایە خوارەوە. وەکی قەت نەیناسیبێتم. لایەکی شۆستەکەی گرت و بە خێرایی کەوتە ڕێ. منیش کەوتمە شوێنی. هەر کە لێی نزیک بوومەوە گوتم: "ئازاد! ئازاد! منم."

بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، یان تەنانەت سەیریشم بکات، لەژێر لێوەوە بە دەنگە گڕەکەی گوتی: "دەزانم. لێم دوورکەوەوە کابرا! خۆت تووشی بەڵا مەکە."

هەر وا ڕۆیشت و منیش بە شوێنیدا، وەکو سێبەر. پاشان سووڕایەوە ناو کۆڵانێکی چۆڵ و لەسەر سەکۆیەک دانیشت. گوتی: "ئاخ ئەسفاری! خەریک بوو تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبووی."

گوتم: "من؟"

"بەڵێ. تۆ."

"چی بووە؟ ئەم تەمسیلانە چین دەیانکەی؟"

"ژیانی من لە زنجیرەیەک تەمسیل و دەور دروست بووە."

## نۆ

خۆ زۆر باش دەزانی حەوت مانگ و شتێک لە تاکەکەسیدا، لەناو ئەو ژوورە کۆنکرێتییە بچووکەدا، کە نە گڵۆپێکی هەیە و نە پەنجەرەیەکیش، ئەویش بێ ئەوەی هیچ ئاگایەکت لە دەرەوە بێت، بنیادەم چۆن لە پەلوپۆ دەکەوێ و گیانی دێتە سەر لێوی. باشە منیش دوای ئەوە گوتم ئازاد کەسێکی گرنگ نییە، بەڵام بەزەییم پێیدا دێتەوە و هیچ قسەیەک ناکەم. هاوارم کرد بۆ ئەوەی لە بیریان بێت. پاڕامەوە. گریام کە نە من و نە ئازاد، کەسمان سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نیین. من تەنیا چیرۆک دەنووسم و ئازادیش هەر نازانێت بۆچی زیندووە. چ بگا بەوەی کاری سیاسی بکات.

پاشان بێ ئەوەی بچووکترین هەواڵێکم لە ژن و منداڵەکانم هەبێت، دەستەوئەژنۆ مامەوە. هەشت ڕۆژم لەناو کۆمەڵێکی سی کەسیدا تێپەڕاند. پێم وا بێ سەرەتاکانی مانگی بەفرانبار بوو. ژوورێکی کۆنکرێتی، کە من و بیستونۆ کەسی دیکەی تێدا بووین. ژووری چوارەمی هۆڵی سێیەم. فەنکوەیلەکەی لای چەپی دیوارەکە بە درێژایی هاوین بای گەرمی لێوە دەهات، کە هەوایش ساردی دەکرد، ئەمجارە هەوای ساردی دەهات. بۆنی ئارەقە و هەناسەی سی کەسەکەمان تێکەڵ بە یەکتر دەبوو،

هەر کە بەئاگا دەهاتینەوە، هەستمان پێی دەکرد. دەتگوت هۆڵی ڕاهێنانی زۆرانبازییە.

هاونشینەکەی من گەنجێکی قژکورت بوو، چاویلکەی ژمارە پێنجی نزیکبین، دەموچاوێکی ڕەقەڵە و قاچەکانی کە بەردەوام کێم و زنچکاو لە نینۆکەکانی دەچۆڕا. دەیگوت بەر لەوەی زنچکاوەکەی قاچی چەپم وشک بکا، دەمبەن و نینۆکێکی تر لە قامکەکانی پێی ڕاستم دەردەهێنن. دیارە لاواز و لە ئازاردا نیوەزیندوو دەهات و دەستی دەکرد بە بەستنی برینەکەی. بە هەرچییەک کە دەستی بکەوتبایە، خوێنەکەی دەوەستاندەوە. شەلاڵی ئارەقە دەبوو، بە ئاستەمیش قسەی پێ دەکرا.

دەیگوت: "ئیبراهیمی ناو ئاگرت دێتەوە بەرچاو... یانی ئەمە."

ناوی قەیسەر بوو. ژنەکەشی لە بەندی ژناندا بوو، بەڵام هەواڵی کچە هەشت مانگانەکەی نەدەزانی. جەستەشیان بە جگەرە کونکون کردبووە، ڕێک وەکو پوولەکە. ئێخەکەی کردەوە و نیشانی دام. هاوڕێیەتی ئێمە بە دەمەقاڵێیەک دەستی پێ کرد. وەکو زۆربەی هاوڕێیەتییەکان. من کە چوومە ناو بەندەکەوە، کەسێکی قژبژی تۆزاوی گوتی: "تۆیان لە کوێوە هێناوە کاکە؟"

گوتم: "تاکەکەسی."

قەیسەر هاتە بەرەوە: "چ کارەی؟"

"مامۆستام... یانی نووسەرم."

"کەی گیرای؟"

"مانگی گوڵان."

"حەوت مانگ پێش ئێستا؟"

"بەڵێ شەوی یادی لەدایکبوونی کچەکەم."

چاوی بڕییە ناوچاوەکانم: "بۆ یادی لەدایکبوونی خۆیشت ئاهەنگ دەگێڕیت؟"

هەموان دایانە قاقای پێکەنین. من تووڕە و شەکەت بووم. گوتم: "هیچ پەیوەندییەکی بە ئێوەوە نییە."

قەیسەر گوتی: "لە ئێستاوە ئیتر هەتا ئەو کاتەی لێرەی، هەموو شتێکت پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە!"

پیاوە قژبژەکە گوتی: "هەتا ئەو کاتەی لێرەی، لۆکە دەتەپێنیتە ناو گوێیەکانت، چاوەکانت دادەخەی و هیچ شتێک نابینیت. ئەگەر هاتووی لێرە سیخوڕی بکەی، تێدادەچیت."

قەیسەر گوتی: "چەندیان بۆت بڕیوەتەوە؟"

"نازانم."

"تاوانت چییە؟"

"نووسەری. نازانم. هیچ نازانم."

پیاوە قژبژەکە گوتی: "ئێستا خۆت بناسێنە. ناو، پیشە و ئەم شتانە."

گوتم: "ناسر ئەسفاریم..."

قەیسەر گوتی: "هەمان ئەو ناسر ئەسفارییەی کتێبی سێبەرە ڕاوکراوەکانی نووسیوە؟"

سەرێکم لەقاند و هەر لەو کاتەدا ڕەزامەندیم لەناو چاوەکانی قەیسەردا خوێندەوە. تازە ئیتر هەستم دەکرد دەتوانم دابنیشم، هەروەها تازە تێگەیشتبووم هێشتا هەر زیندووم. هیچ کات هێندەی ئەو ڕۆژە لە نووسەری و لەوەی کتێبم هەبوو، دڵخۆش نەبووم. وەک ئەوەی بمەوێ لە سنوورێکەوە بپەڕمەوە و پاسپۆرتەکەشم هەر ئەم کتێبەم بوو... هەر ئەو کتێبەی خەریک بوو دەیفەوتاندم، ئێستا وەکو فریشتەیەکی باڵدار هاتبوو بۆ ڕزگارکردنم، بۆ ئەوەی لە

نەبوونەوە، بمهێنێتەوە ناو ژیانی زیندووەکانەوە. ئەو شەوە یەکەم شەوێک بوو هەستی زیندەبەچاڵیم نەبوو. هەناسەیەکی ئاسوودەییم دا، پاشان بە ئارامی خەوتم.

تازە دانیشتبووم. قەیسەر زۆر دڵخۆش بوو. لە تەنیشتمەوە دانیشت و دەستی گرتم: "چی بووە بەڕێز ئەسفاری! خۆ کاری سیاسیت نەدەکرد؟! "

وەڵامم نەدایەوە. گوتی: "چۆن بوو ڕێت کەوتە ئێرە؟"

لەو کاتەدا هەموویان بێدەنگ بوون. هەروەها لەو کاتەدا بوو کە پێم خۆش بوو قسەیان بۆ بکەم. حەزم دەکرد چیرۆکیان بۆ بگێڕمەوە، یان کارێکیان بۆ بکەم. زۆربەیان ناوی منیان بیستبوو، بەڵام جگە لە قەیسەر، کەسیان نووسینەکانی منی نەخوێندبووەوە. قەیسەر گوتی: "لەبەر چی قۆڵبەستیان کردی؟"

"نازانم. هێشتاش لێم ڕوون نەبووەتەوە."

گوتی: "حەوت مانگ تاکەکەسی و... یانی چی؟"

"بڕوا بکەن هیچم نەکردووە."

ئەوان فێریان کردم چۆن شەو، ڕۆژ بکەمەوە و چۆن ڕۆژم بگەیەنمە شەو. جا چونکە هەندێ جار بەشەخۆراکەکەیان دەبڕی، ئەوان ناچاریان دەکردم نان و خوێ و شەکرەکەم پاشەکەوت بکەم. هەموو شەوێک سێ ژەم پاسەوانیان هەیە، دوو کەسیان لە تەنیشت فەنکوەیلەکەوە دادەنیشن و بە بەتانی بەری بایەکە دەگرن، چ بە زستان و چ لە هاویندا. هەروەها کاتەکەیان بۆ کارگەلێک تەرخان دەکرد، کە جگە لە فەوتان، ناتوانم ناوێکی دیکەی لێ بنێم. بەڵام هەموو ئەم شتانەیان پێ فێر کردم و گوتیان ناچاری، دەبێ ئەم شتانە بزانیت.

دەمێک بوو هیچ خەبەرێکم لە لێکۆڵەرەکەم نەبوو. زۆر لاواز بووبوومەوە و بە هۆی شێ و سەرماوە تووشی تا بووبووم. ئەوانیش بە چمکی بەتانی باوەشێنیان دەکردم. قەیسەر بیستوهەشت ساڵان بوو، ئەوانی تریش هەموویان تەمەنیان لەژێر بیستودوو ساڵانەوە بوو. تاوانی سێ کەسیان زۆر سەیر بوو؛ "کردنی سیکۆتین بە قوفڵی خەڵکی حیزبوڵڵاییدا، دوانیشیان بە پەمپ لەسەر دیوار دروشمیان نووسیبوو، یەکێکیشیان میزی کردبووە ناو تەنکیی بەنزینی ماشێنی ئاخوندێکەوە، کە لە قافا گرتبوویان. ئەوانی دیکەش یان لایەنگر بوون.. یان ڕۆژنامەی چەپیان فرۆشتبوو. حوکمی هەموویان هاتبووەوە. لە سێ ساڵەوە تا دە ساڵ. تەنیا من و قەیسەر دیار نەبوو چیمان بەسەر دێت. من بەردەوام بیری ماڵەوەم دەکرد، بێ ئەوەی تەنانەت یەک جاریش ئاماژە بەم بابەتە بکەم. دەترسام ئاگاداری خاڵە لاوازەکەم ببن و هەر بەوەش لەناوم بەرن. ڕۆژەکان بە تاڵی و خاوی تێدەپەڕین تا ئەوەی کە شەوێکیان، ڕێک لە شەوی سێهەمدا حوکمی هەموویان هەڵوەشایەوە و هەموویانیان بردە ناو حەوشەکەوە. کۆمەڵەکەسێک هاتن و بە هەراوهوریاوە گوتیان حوکمی هەمووتان هەڵوەشاوەتەوە، یاڵڵا یاڵڵا یاڵڵا خێرا وەرنە دەرەوە. بیستوهەشت کەسیان لەبەر دیوارێکی بەرزی کۆنکریتییەوە ڕیز کرد و بە قەیسەریان گوت ئەگەر ئەمشەو قسە نەکات، هەموویان دەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە.

قەیسەر شەلاڵی ئارەقە سەری داخستبوو، ددانی توند توند لە یەک نابوون. تا بە خۆیدا هاتەوە، خێرا فەرمانی گوللەبارانیان دا، دوو پاسەوان، سێ جار تەقەیان کرد. بووبووە هەرایەک، سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسییەوە. قەیسەر

دەینالآنــد. وەکــو ئەوەی منــداڵەکانیانی ئەویــان کوشــتبێت، ئەژنۆەکانی نووشتانەوە و دانیشت. پاشان دەستی لێکۆڵەرە جنێوفرۆشەکەی گرت و پاڕایەوە. حاڵەتێکی خەماویی هەبوو. بەردەوام بانگی لێکۆڵەرەکەی دەکرد.

زۆر ســارد بــوو. هەموومــان لە ســەرما هەڵــدەلەرزیین. ئەوانەی بەر دیوارەکە، لەسەر زەوییەکە کەوتبوون. هەموویان زیندوو بوون. ئەو یاری و نواندنە تەنیا بۆ شکاندنی قەیسەر بوو.

قەیسەر بە گریانەوە گوتی: "باشە، تکایە تەواوی بکەن. من لەگەڵتان دێم."

دوای ڕۆیشتنی قەیسەر، هەموو بەندییەکانیان هێنایەوە ناو ژوورەکە و منیان بردەوە بۆ ژوورە تاکەکەسییەکەی خۆم. بەیانییەکەی لێپرسراوی تایبەت هاتەوە بۆ لام.

## دە

لەبەر سەرما و ترس خەوم لێ نەکەوتبوو و تامێسکەم لێ هاتبوو. مەئمووری تایبەت هات بۆ ژوورەکەم و گوتی لێکۆڵەری دۆسیەکەم هێشتا لە سەفەرە پێ ئەسپێردراوەکەی نەگەڕاوەتەوە و دیاریش نییە کەی دەگەڕێتەوە. پێم وا بێ بەیانییەکەی یەکەمین بەفری ئەو ساڵە کەوت.

گوتی: "دەزانی ئەمڕۆ هاورێکەت لە تەلەفزیۆندا قسەی کردووە."

گوتم: "ئازاد؟"

"نا. قەیسەر. ڕەنگە بڕوا نەکەی جەنابی ئەسفاری، بەڵام بەیانی خۆت دەیبینی."

گوتم: "هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. خۆ من لایەنگریان نیم."

"کەواتە لایەنگری ئێمەی؟"

"نا. لایەنگری هیچ کەسێک نیم."

ژوورەکەم زۆر بچووک بوو. مەئمووری تایبەت دوو هەنگاو دەڕۆیشت و دوو هەنگاو دەگەڕایەوە. گوتی: "سەیرکە ئەسفاری، تۆ هەشت مانگە بێهۆ سەرگەردانی. لێرە خۆتت ماتڵ کردووە. حەز دەکەم هەرچی سەبارەت بە ئازاد دەزانی، بیڵێی و بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە."

"ماڵەوە؟ کام ماڵ؟"

"مەگەر چەنــد ماڵــت هەیە؟ نەکــا شــتێک هەیە و ژنەکەت نازانێت؟"

تاقەتم نەبوو. گوتم: "هەشت مانگ لە تەمەنی من بە فیڕۆ چووە بەڕێز. لەبەر چی فریام ناکەون؟ بە چ یاسایەک..."

"هاوار مەکە!"

"من هاوار ناکەم. ئێوە شێتتان کردووم!"

"هێوربەرەوە، هێور!"

"وازم لێ بێنن. من سکاڵاتان لەسەر تۆمار دەکەم."

"بزانە! ئەگەر دەتەوێ هاوار بکەی، با من وەشوێن کاری خۆم بکەوم، ئەو کاتە تۆ... لێرە... تا قیامەت... هەر بزەڕێنە."

"ئاخر تۆ خۆت لە جێی من دابنێ..."

"مــن خــۆم لە شــوێنی تــۆ دابنــێم؟ بــۆ مێشــکی کەرم خواردووە؟ تۆ بڕیار بوو هەرچی سەبارەت بە ئازاد دەیزانی ڕاستگۆیانە بیڵێی و پاشان بڕۆی بەدوای ژیانی خۆتەوە. چی بوو؟"

"خۆ پێم گوتن! من دەیناسم و دەزانم هیچکارە نییە. ئێوە بەدوای مەکەون."

"بەدوای چی نەکەوین؟ ئازاد بووەتە سەرۆکی گرووپێکی ترسناک، کە ئەگەر نەیدۆزینەوە دیار نییە چ کارەساتگەلێک دەنێتەوە!"

"بووەتە سەرۆکی چ جۆرە گرووپێک؟"

"منیش دەمەوێ هەر پرسیاری ئەمەت لێ بکەم."

سەیرە! ئەی لەبەر چی من نازانم؟ گرووپێکی ترسناک؟ گوتم: "بڕوا بکەن تا ئێستا هەرچییەکم زانیوە، گوتوومە. بەڵام ئەگەر بمەوێ درۆتان بۆ بکەم، وەکو ئەوە وایە زینا لەگەڵ مردوو بکەم."

"ئەمەش هەر لەبەر گەمژەیی و کەریتیی خۆتە. هێشتا هەر ساویلکەی، هێشتا چاک نەبوویت! پێم وایە دەبێ ماوەیەک لە بەندیخانەدا بمێنیتەوە تاکو زمانت بکرێتەوە."

نەمدەویست شەڕەقسەی لەگەڵ بکەم. گوتم: "خۆ من تا ئێستا بەرگەم گرتووە، بەرگەی باقییەکەشی دەگرم."

"بە دڵی خۆت بکە، خۆت چاکتر دەزانیت."

ئیتر ڕۆیشت. ڕۆژی دواتر کەسێکی چاوزەق هات کە ناوی ئوستوار بوو. هەڵبەت ئوستوار نەبوو. وەکو حاجییە درۆینیەکان، تەنیا ناوی ئوستوار بوو. زۆریش قەڵەو و دەمبەپێکەنین و خاووخلیچک بوو. کورسییەکی ئاسنینی هێنا و لە سووچێکی ژوورەکەدا داینا و پاشان هەندێ کەرستەی تایبەتی لەناو جانتا ڕەشەکەیەوە هێنایە دەرەوە، کە من تا ئەو کاتە نەمبینیبوو. ئاماژەی کرد لەسەر کورسییەکە دابنیشم.

دانیشتم، دەست و قاچمی بە دەسک و پێچکی کورسییەکەوە بەست. خۆی لەسەر چەرپاکەی من دانیشت، بە هێمنییەکی تایبەتەوە، سێ پاکەت جگەرەی هێنایە دەرەوە و گوتی: "پێیان گوتووم ئەم جگەرانە بە جەستەی تۆ بکوژێنمەوە."

من کۆڵم دابوو، هەر گوێیشم لێ نەبوو. گوتم: "دەکرێت دانەیەک لەو جگەرانە بدەن بە من؟"

جگەرەیەکی داگیرساند و گوتی: "ئیزنی ئەوەم نییە."

گەمژە دیار بوو. هەر لە یەکەم نیگاوە دەکرا تێبگەی کەماسییەکی تایبەتی هەیە، بەڵام تێنەدەگەیشتم چییە. بێ ئەوەی ئیتر هیچ بڵێت، جگەرەکەی تەواو کێشا و لەسەر مەچەکی من کوژاندیەوە. لە چاوەکانم ڕامابوو تاکو ببینێت

چۆن ددانەکانم توند توند لێک ناوە و هەموو دەموچاوم شەلاڵی ئارەقە بووە. من تەنیا گوتم ئاخ.
"هەرچی خۆڕاگرتر بیت، خراپترە."
"ملە[1] ناکەم."
"وەکی فرمێسکت نایە و ناگریەی، یانی خۆڕاگری."
"کارێکی دیکەم لەدەست نایە."
"دەتەوێ بڵێی گوێت بەو جگەرانە نابزوێ."
"ئاخر کارێکی ترم لەدەست نایە."
"سەیر کە، ڕەنگت سوور هەڵگەڕاوە، خەریکی لەتاو ئازار دەمریت."
"بەڵێ."
"ئەی بۆچی ناگریەیت؟"
"ئاخر گریانم نایەت."
"هەرگیز ناگریەیت؟"
"کە باپیرم مرد زۆر گریام."
"ژنت هەیە؟"
"بەڵێ."
ئوستوار چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا و زەردەخەنەیەکی کرد.
گوتم: تۆش خێزانداری؟"
هیچی نەگوت. تەنیا بە کەیفخۆشییەوە تەماشای دەکردم. پاشان گوتی: "چیی لێ دەکەی؟"
بێدەنگ بووم و هەوڵم دا شەڕەقسەی لەگەڵ نەکەم. جگەرەیەکی تری داگیرساند، چەند مژێکی لێ دا، پاشان لەسەر

---

[1] ملە: بەربەرەکانێ. بەرەنگاری. (مقاومت) هێمن دەڵێ:
ڕێگە دەبڕم گەرچی هەنگاوم شلە
ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملە

قۆڵم داینا. ئینجا چاوی بڕییە ناو چاوم: "گوتم چیی لێ دەکەی؟"

ئێسقانەکانم دەیانزیڕاند. ئازارەکە ئێستا لە یەک خاڵدا نەبوو، هەموو گیانم دەیشا و ئازارەکە بە هۆی شوێنی سووتانەکەوە نەبوو، هەموو گیانم دەسووتا. سەرەڕای ئەمە بێدەنگ چاوم بڕییە ناو چاوەکانی. لە چاوەکانیدا دەمخوێندەوە مرۆڤێکی هیچوپووچە. لەوانەی ئەگەر تۆوی پیاو لە دنیا ببڕێت و تەنیا ئەو بمێنێت، ئەوا جووقەواری پیاو دەبڕێت. گوتم: "هیچ."

بۆ ساتێک وام بە خەیاڵدا هات کە ئەم پیاوە لەوانەیە گرفتی سێکسیی هەبێت. لەوانەی وا تەنیا باسی دەکەن و دەمیان تەنیا بە گوتنی حەلوا حەلوا شیرین دەبێت.

گوتم چش لە هەموو شتێک، با بەختی خۆم تاقی بکەمەوە: "من لەناو فەرمانگەکەماندا، لەگەڵ دوو کچە هاوکارم هاوڕێ بووم، جارجار سەردانیماڵیانم دەکرد..."

پاشان خێرا چیرۆکێکم دروست کرد بۆی و بە تام و بۆنێکەوە بۆم گێڕایەوە. گڕی جگەرەکەی لەسەر مەچەکم لابرد و خستیە ژێر پێی و پانی کردەوە. من بەردەوام بووم لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەم.

هەر بەو جۆرەی وا سەیری دەکردم، پاکەتە جگەرەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا، جگەرەیەکی هێنایە دەرەوە و لەسەر لێوی داینا. دایگیرساند، پاشان جگەرەکەی سەر لێوی دایە دەستم و گوتی: "بیکێشە."

هەر کە دوو مژم لێ دا و دووکەڵەکەم بەرەو ناو سییەکانم هەڵمژی، هەستم کرد خەریکە سەرم لەگێژەوە دێ. دڵم خەریک بوو تێکەڵ دەهات. جگەرەکەی لەسەر لێوم

هەڵگرت و خستیە ژێر پێی و پانی کردەوە. ئینجا لەناو جانتاکەی ئاوپڕژێنێکی بچووکی هێنایە دەرەوە و پژاندیە سەر سووتاوییەکەی دەستم. ئازار و کزەکزەکە خێرا دامرکا، هەستم کرد دەبێ زۆر لە جاران ئاسانتر چیرۆک بگێڕمەوە.

گوتم: "من لەم کارانەم زۆر کردووە. ژنێک بوو سکرتێری شارەدار بوو، سەنتوورژەنیش بوو. لە سینەمایەک ناسیم. ناوی ئەفسانە بوو....؟"

هانکەهانکی بوو. کە بێدەنگ بووم گوتی: "تا لەم جۆرە چیرۆکانە بگێڕێتەوە..." ئاماژەی بۆ جگەرە پانبووەکان کرد: "لەمانەوە پارێزراویت."

من یەک دوو بابەتی ڕاستەقینەی سەردەمی گەنجیەتیم لەگەڵ خەیاڵدا تێکەڵ کرد و دەستم کرد بە گێڕانەوە. ئوستوار بە چاوی گەش گەش و دەمێکی کراوەوە لە دەموچاوی من ڕامابوو، هەر دەیەویست بەردەوام بم. گوتم: "ماندوو بووم. ئیتر ناتوانم. لێگەڕێ بۆ بەیانی."

ئوستوار دوو ڕۆژ لەسەر یەک هات و لەباتی دوو پاکەت، چوار دانەی بە جەستەم کوژاندەوە. پاشان مەئمووری تایبەت هات و منی برد بۆ ژوورەکەی خۆی.

چوار شوێنی جەستەم هاوکات دەکزانەوە. مەئمووری تایبەت مەرهەمی ساوییە برینەکانی سەر دەست و مەچەکم. گوتی: "بۆچی خۆت ئەزیەت ئەدەی؟"

گوتم: "هیچ باش نیم، ئیتر بەرگە ناگرم."

"باشە، دەی قسە بکە، ئەسفاری."

"سەبارەت بە چی؟"

"سەبارەت بە ئازاد."

"خۆ من هەموو شتێکم گوت."

مەئمووری تایبەت سەری داخست و گوتی: "خۆ تۆ هیچت نەگوتووە."

"خواتـان هەبێـت. هەر لە ســەردەمی منـداڵی و گەنجیـیەوە تاکو ئێستایم بۆتان گێڕایەوە. هەرچیم وەبیرهـاتەوە. بڕوا بکە ئیتر هیچم وەبیر نـایەتەوە. نە یـادەوەرییەک، نە ڕووداوێک، نە شتێک. کەسێکی تێکشکاو بوو کە ئامـادە بوو تەنیـا سکی تێر بکەن و دڵخۆشی بکەن، ئەوجـا ئیتـر تـا کۆتـایی تەمەنـی، وەکو کۆیلە هەموو کارێکی دەکرد. من وای لێ تێگەیشتم. هەرچییەک کە بوو، دەرەوە و ناوەوەی یەک جۆر بـوو. سـادە و دۆسـتانە. دڵی نەدەهات ئازاری کەسێک بدات، تەنانەت مێرووولەیەکیش."

## یازدە

مەئمووری تایبەت پێکەنی و گوتی: "ئەم کەسەی باست کرد، کێ بوو؟"

ئەسفاری گوتی: "ئازاد."

مەئمووری تایبەت لچێکی هەڵقرچاند و چاوی بڕییە ناو چاوەکانی ئەسفاری و گوتی: "خەریکی پێم ڕادەبوێری!"

ئەسفاری گوتی: "بە ئەرک نەبێ چایەکم...."

مەئمووری تایبەت لە تەرمۆزەکەی تەنیشتیەوە دوو چای تێکرد و یەکێکیانی لە بەردەم ئەسفاری دانا: "فەرموو ئەمەش چای."

جگەرەیەکی خاریجییشی داگیرساند و دایە دەستی. ئەسفاری مژێکی لێ دا و سەری لە گێژەوە هات و بەرچاوی ڕەش بوو. حەزی دەکرد بکەوێتە ناو چاڵێک و بۆ هەمیشە خەوی لێ کەوێ. شەکەت بوو. مەئمووری تایبەتیشی ماندوو کردبوو.

"باشە، بەردەوام بە."

"..."

لە گەرمەی بگرەوبەردەی تاقمە سیاسییەکاندا، یان خۆتان واتەنی تێکدەرەکاندا، ڕۆژێکیان سواری تاکسییەک بووم، بینیم

لە بنەبانێ دانیشتووە. ئەویش منی بینی، بەڵام هەوڵی ئەدا تەماشام نەکات. چاویلکەی هەتاوی لە چاو کردبوو، نیوەی دەموچاوی داپۆشیبوو. سمێڵێکی چێ گێڤارایی هێشتبووەوە و جلێکی سپۆرتیشی لە بەر بوو. گوتم: "سڵاو ئازاد."

"دەزانم بیستی، بەڵام خۆی گێل کرد. دیسانەوە بانگم کرد ئەمجارەیان مۆڕەیەکی لێ کردم بە دەنگی جاک نیکێلسۆن گوتی: "بەڵێ بەڕێز؟! گرفتێک هەیە؟"

"پێم وا بوو نەیناسیوم. جارێکی تر گوتم: "ئازاد، منم، ئەسفاری".

دیسانەوە هەر بەو دەنگەوە گوتی: "چیت فەرموو؟ کارێکت بە من هەبوو؟"

"چاوەڕێم کرد تا دابەزی. پاشان منیش بەدوایدا دابەزیم. لە نزیک زانکۆی پیشەسازییەوە لایەکی شۆستەکەی گرت و بە خێرایی کەوتە ڕێ. پاشان خێرای کردەوە، بە جۆرێک کە نەمدەتوانی بگەم پێی. پاشان دەستم کرد بە ڕاکردن. کاتێ گەیشتم پێم گوت: "ئازاد، ئازاد، منم."

"ئاوڕی نەدایەوە، تەنانەت سەیریشی نەکردم، تەنیا لەژێر لێوەوە هەر بەو دەنگە گڕەوە گوتی: دەزانم، دوورکەوە لێم کوڕە! خۆت تووشی گرفت مەکە."

"هەر وا دەڕۆیشت و منیش وەکو سێبەر بە شوێنیەوە بووم. پاشان سووڕایەوە بۆ ناو کۆڵانێک لە خوار زانکۆی پیشەسازییەوە و لە بەردەم ماڵێکدا دانیشت. گوتی: "ئای ئەسفاری! خەریک بووی تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبووی."

گوتم: "من؟"

گوتی: "بەڵێ. تۆ."

گوتم: "چییە؟ ئەم ئۆین و بەزمانە چییە دەریان دەهێنی؟"

گوتی: "من بوومەتە ئەندامی گرووپێکی چەپ، ئێستاش دەڕۆم بۆ لای ئەوان کۆبوونەوەمان هەیە. خۆ ناتەوێ گیانی چەند کەس بخەیتە مەترسییەوە."

پاشان بە پەلە خۆی گەیاندە سەر شەقامەکە و بە تاکسییەکی دیکە ڕۆیشت."

مەئمووری تایبەت داوای لە ئەسفاری دەکرد دیسانەوە بیڵێتەوە. بیڵێتەوە بزانێت لە کۆتاییدا چی دەبێت. بەڵام قوڕ بە سەری ئەگەر هەموو ئەو شتانەی گوتوویە چیرۆک و داهێنانی خەیاڵی بووبێت. مەگەر ئەوە نییە ئەسفاری نووسەرە و ئەم کارانەی لێ دەوەشێتەوە. ئەسفاری سوێندی خوارد بە گیانی دوو مندالەکەی کە هەموو ئەو شتانەی گوتوویە ڕاستین. پاشان کەوتەوە بیر کچەکانی. گەورەکە وا ڕاهاتبوو بەیانییان کاتێ دەڕۆیشت بۆ قوتابخانە، لە کاتی ماچکردنی ئەسفاری فووی دەکردە ناو گوێچکەی. ئەسفارییش چێژی لەو کارەی دەبینی.

ڕاسپێراوی تایبەت بواری بیرکردنەوەی نەدەدا. گوتی: "پێچوپەنای زۆرت هەیە ئەسفاری گیان، بەڵام پێچوپەنا و درۆ و ڕاستی هیچ گرینگییەکیان نییە بۆ من، تەنیا ئەوەم بە لاوە گرنگە قسە بکەی."

"کام پێچوپەنا؟ کام درۆ؟ من هەرچییەکم بیر بێتەوە، دەیڵێم."

ڕاسپیردراوی تایبەت گوتی: "بیڵێ، بەڵام لەگەڵ مندا ڕاستگۆ بە. بە سادەیی بڵێ لە کوێیە، کارێک مەکە پەنا ببەمە بەر بەکارهێنانی شێوازگەلی دژوارتر!"

ئەسفاری تیزەبزەیەکی کرد: "ئیتر دەتانەوێت چی بکەن. هەشت مانگە ئاگام لە خێزان و منداڵەکانم نییە. لە خوت و

خـۆڕایی منتـان هێنـاوەتە ئێـرە و چیتـان پـێ خـۆش بـووە، دەسـتتان لـێ نەگێـڕاوەتەوە و لێـی نەپرینگـاونەوە، ئەشـکەنجە، سووکایەتی،..."

"خۆت بە خۆتت کرد."

"مەگەر نەخۆشـیی دەروونـیم هەیە خـۆم خـۆم ئەشـکەنجە بدەم؟"

"یانی ئێمە نەخۆشیی دەروونیمان هەیە؟"

"ئەگەر نەخـۆش نەبـان، ئەم هەمـوو بەڵایەتـان بەسـەر مـن نەدەهێنا."

"باشـە، تـۆیش زیـرەک بە، قسـە بـکە و بچـۆرەوە بـۆ ماڵەکەت."

ئەسفاری ئیتر هێـزی تێدا نەمـابوو، بە هـەر ڕێگەیەکدا دەڕۆیشــت دەگەیشــتە بنبەســت. بــوو بە گریــانەوە و لە ناخی دڵەوە گریا: "مەگەر من چیم کردووە؟"

ڕاسپێراوی تایبەت لاپەڕەکانی دۆسیەی سەر مێزەکەی هەڵدایەوە: "نووسـینەکانی خـۆت هەموویـان لێـرەن. هەموویـان بەتـوێکڵن و دوو دیویـان هەیە. هەر ئەمـانە بەسـن بـۆ ئەم مـاوەیەی لێـرە بـووی. تـۆ لاساری دەکەی بەڕێز!"

"لەگەڵ کێ؟"

"لەگەڵ ڕژێم، لەگەڵ شۆڕش..."

"من هەر هۆشم بە خۆمەوە نییە تا بتوانم بیر لە شتێک بکەمەوە. هەشت مانگە ئاگام لە ژن و منداڵەکانم نییە. من دەبێ بتوانم لانیکەم تەلەفۆنێک بکەم."

"پەلە مەکە."

هاواری کرد: "ئەی چی بکەم؟"

"هێور بەرەوە."

ئەسفاری سەری خستە نێو لەپی دەستەکانییەوە و چاوەکانی لێک نـان. ئیتـر هیچـی لە لاپەڕەی زەینیـدا نەمـابوو. ئیتـر هـیچ شـتێکی نەدەگرت. نە ژن، نە منداڵ، نە دار، نە کتێب، نە هیچ شتێکی تر. تەنیا سەری ژانی دەکرد."

"من سکاڵات لەسەر تۆمار دەکەم."

مەئمووری تایبەت بە دەنگێکی میهرەبانەوە گوتی: "لەسەر من؟"

"لەسەر هەمووتان، لەسەر ئەم کولانەی ڕیسواییە".

مەئمووری تـایبەت نەڕاندی: "قسـەی جوان بکە! ئەگەر ئاسـوودە نییت، تاکو بتنێرم بۆ بەندێکی تر." پاشـان پەرداخەکەی ئەسـفاریی پڕ کرد لە چای: "چایەک بخۆرەوە، پاشان بەردەوام بە."

"لە لە کوێوە؟"

"لە دواهەمین جارێکەوە کە ئازادت بینی."

"..."

دوایین جار کە بینیم. لە تۆپخانە بوو. گوتم: "ئازاد تۆی؟"

گوتی: "بەڵێ منم."

جلێکی تایبەتی لە بەر کردبوو؛ کراس و پانتۆڵێکی کەتانیی سپی. جانتایەکیشـی بە شـانیدا دابـوو و بە پەلە دەڕۆیشـت. مـن سـێ چـوار کتێبێکم لە بنهەنگڵیدا بوو. یەک دوانێکم پێ دا. گوتم: "بۆ کوێ دەڕۆی؟"

"گوتی دەڕۆم بۆ باشوور. پێم خۆشە لەمەو بەدوا تـاکڕەو بـم و بە باشـی بـژیم و پاشـانیش بە باشـی بمـرم. وەکـو ئـالکۆس پانـاگولیس. دەمەوێ خەڵک دڵخۆش بکەم، خزمەت بکەم."

گوتم: "ئێستا دەتەوێ چی بکەی؟"

گوتی: "بیرم کردووەتەوە، نامەوێ کەس ئاگای لە نهێنییەکەم بێت، بەڵام گرنگ نییە... لێگەڕێ بـا لانیکەم بـۆ تـۆی بڵێم. دەمەوێ بەلەمێک بکڕم و ببمە بەلەمچی. پاشان ڕاکردووەکان بپەڕێنمەوە."

گوتم: "کوێ؟"

گوتی: "باشوور."

"بەڵام کـوێنەی باشـوور؟ مـن تێنەگەیشـتم. بە منـی نەگـوت و ڕۆیشت."

ڕاسپێراوی تایبەت گوتی: "هەر ئەمە؟"

"ئەوەندە."

"باشە دواتر؟"

"پاشان ئیتر نەمبینییەوە."

"سـەیرکە! دەزانـی سـەبارەت بە دوایـین چاوپێکەوتنـت چەنـد چیرۆکت بۆ گێڕاوینەتەوە؟ هیچ کامیشیان ڕاست نین، پڕن لە درۆ، پڕ لە ناتەبایی، ئاخر بۆچی هێندە درۆزنی تۆ؟"

"ئەی من ئەمانەم لە کوێ هێناوە؟"

ڕاسپێراوی تایبەت تاڵ و گرژ پێکەنـی: "توانـای چیرۆکنووسـییەکی درەوشاوەت هەیە، جەنابی ئەسفاری... من ئیتر کارم پێت نەماوە. تەنیا ئەوەت لە بیر نەچێ مـن قسـەت لە بنی زمـانی دێنمە دەرێ. تەنانەت ئەگەر لەمەش بەناوبـانگتر بیـت... تەنـانەت ئەگەر ڕادیـو بیانییەکـانیش لەسەر تۆ بیکەنە هاتوهەراش."

ئەسفاری سوور هەڵگەڕابوو، هـاواری کـرد: "ئەی بـۆچی یەکسـەر تەواوی ناکەن؟ هەشت مانگە زیندەبەچاڵتان کردووم...."

"هێورتر. درواسـێیەکانت بەخەبەر هێنـا خـوێڕی! بەیـانی یەکێک لە چیرۆکەکانت دەخوێنمەوە بزانم چ گوویەکت خواردووە. پێت وایە ئێمە تێناگەین؟ جووڵە بکەی، لەژێر زەڕەبینەکەی ئێمەدا بازت داوە. مـن پـێم خـۆش بـوو بـێ سەرئێشـە قسـە بـکەی و بە ڕێـزەوە بڕۆیـت بە لای ئیشی خۆتەوە، چونکە پێم وا بـوو هونەرمەنـدی. ملت شـکا هەر لێرە دابڕزە."

"کاتێ ئاگام لە هیچ نییە چی بکەم؟"

"بمرە!"

## دوازده

تک....

"تۆ عاشقی ئەم لێکۆڵەرە بوویت؟..."

تک...

"نەفرەتـــت لـــێ بێــت... ئـــازاد... لەبەر چـــی زووتـــر نەتگوت؟"

تک...

"ئازاد چی بووە؟ پیم بڵێ..."

تک...

"بۆ نازانی؟ نا لە کوێ بزانم؟..."

تک...

"ڕاکە... بڕۆ... لەم وڵاتە بڕۆ..."

تک...

"شەقی برد... سەرم شەقی برد... من قسە دەکەم."

تک...

"تو خوا من لێرە ببەن، هۆو..."

تک...

"دوایین جار... ئەوم لە... مەیدانی وەنەک بینی..."

تک...

خەریک بوو دەڕۆیشت یەکێک لە... گورجیلەکانی بفرۆشێت..."
تک...
"جەنابی لێکۆڵەر ئێوە قسەکەم پێ دەبڕن..."
تک...
"گوتم مەگەر تۆ کێی کە ئاوها..."
تک...
"من نەجیبزادەیەکی لێکەوتووم..."
تک...
من... ڕقم... لەم پچڕپچڕییەیە...
تک...
"بۆچی ڕوخسارتم... لە بیر نەماوە کچەکەم... ڕوخسارت چۆن..."
تک...
"هۆو پاسەوان... وەرە ئەمە ببەستەوە... ئەم زۆڵە..."
تک...

جگە لە دەنگی تکەتکی دڵۆپەکان هیچ دەنگێکی تر نەبوو. ئەسفاری لرخەلرخی دەکرد و پێی وا بوو خەریکە هاوار دەکات.

پاشان بێدەنگ بوو، ئیتر قسەیەکی نەبوو بۆ وتن. تەواوی بابەتەکە هەمووی هەر ئەوەی بوو کە گوتبووی. بەڵام ئێستا ئیتر ئەگەر داوای شتێکی دیکەشیان لێی بکردبا دەیگوت، تەنیا کێشە لەوەدا بوو، کە ئیتر نەیدەتوانی لە خۆیەوە چیرۆک دروست بکات.

تک...

دەنگی تەقینەوە لەناو مێشکیدا بوو. ناو مێشکی. پاشان دەنگی خۆشی قیژەی کچەکانی بیست کە لە ژوور سەری دەسووڕانەوە و دوور دەکەوتنەوە. دەیویست هەڵبەزێتەوە و

بەســـەر پەنــجە بــدات لە قــاچی بچــووکەکە. بەڵام دەســتی نەیگەیشـتێ و دەنگـی خۆشـحاڵیی بچـووکەکە هەمـوو مێشـکی داگیر کرد.

مەئمــووری تــایبەت کــردیەوە و گــوتی: "زینــدووی یــان مردووە؟"

تک...

ئەســفاری بیــری لەوە کــردەوە ئەگەر بــیکەنەوە هەمــوو شـتێکیان بـۆ دەڵێـت، هەوڵیشـی دا ئەمە بە مەئمـووری تـایبەت بڵێـت، بەڵام تەنیـا لرخەلرخـی دەکـرد. بـێ هێـز لەنـاو خەو و بێداریدا، یان لە شوێنێک لەنێوان خەون و بیداریدا کەوتبوو.

هەر جــارێکی دەیــانکردەوە، ڕای دەکــردە ســووچێکەوە و هەڵـدەکورما و دەڕشــایەوە، بەڵام ئەمجارەیــان بە پـێچەوانەی هەمیشە، هەر لەوێ مایەوە و تەنیا لرخەلرخی کرد.

مەئمووری تایبەت بڕوای بەوە هێنابوو ئەسفاری خەریکە فێڵیـان لـێ دەکـا و ئەم هەمـوو خـۆڕاگرییەی بـۆ ئەوەیە ئـازاد ڕزگار بکات. دەیەوێ وەزارەتی زانیاری چەواشـە بکات و ئەم بــوونەوەرە ترســناکە لە داوەکە ڕزگــار بکــات. گــوتی: "هێشــتا هاڕەی نەکردووە. بەڵام ئەگەر هاڕە بکات!"

بەڵام لێکـۆڵەر ڕایەکـی تـری هەبـوو: "ئەگەر کەسـێک تــا بیستوچوار سەعات، ئەوپەڕی تـا چلوهەشـت سـەعات بەچۆکدا نەیەت و نەشکێت، ئیتر مەحاڵە دەم بکاتەوە، ئەگەریش لەژێر فشارەکانی دواییدا بشکێت وەکو بەنداوی لێتیان، تاران دەخاتە ژێر ئاوەوە. ئەگەریش نەشکێت ئەوە قورسـاییەکەی، هەناسـەی تاران دەبڕێت. دواجاریش فشاری بەنداوی لێتیـان دەبێتە هـۆی بــوولەرزە لە تــاران، هەر ئەم بەنـداوە گەمژانەیە کە دیـار نییە بۆچی دروستیان کردووە."

ئەسـفاری سـوێندی دەخـوارد، هەمـوو بیرەوەرییەکـان و تەنانەت باسـی دوایین دیدارەکەشیانی کردووە، پاشـان لەوە بەدوا ئیتـر نەیبینیـوەتەوە. چەنـد ڕۆژ دوای ئەوەش ئیتـر قۆڵبەست کراوە و وا لێرەیە.

مەئمووری تایبەت گوتی: "جارێکی تر دوایین دیدارەکەتم بۆ باس بکە و خەلاس."

ئەسفاری هەستی نەدەکرد کراوەتەوە و لەسەر کورسییەک دایاننیشـاندووە. پێـی وا بـوو لەسـەر چەرپـای قایشـدار ڕاکێشـراوە. دەسـت و قاچیـان بەسـتووەتەوە و لەنـاو قەڵای سـەنگباراندا گرفتـار بـووە، بەڵام جیـاوازییەکەی لەوەدا بـوو ئەمجارە هەستی دەکرد بەردبارانی کەللەسەری تەواو بووە و لە مـردن ڕزگـاری بـووە، هەر ئەمە. هەر ئەمەی کە زینـدوو ماوە، دەبێ شوکرانەبژێر بێت، خراپییەکەی تەنیا لەوەدایە کە ئیتر ژیان هیچ مانایەکی نییە بۆی. ئەم هەوڵدانانە، ئەم هـاتن و ڕۆیشـتنانە، ئەم ڕێکـی و نارێکیـانە، هەمـوو ئەم دونیـایە و کائیناتە هیچ نین جگە لە گاڵتەجاڕییەکی گەمژانە. بۆچی مرۆڤ لەدایک دەبێت و لەم جەورەدا وەکو بەردێکی فڕێدراو دەڕوات، بە دەنـگ و هەراوە دەڕوات تـاکو کاسـەی سـەری کەسـێک بشکێنێت، یان جامی پەنجەرەیەک وردوخاش بکات. پاشانیش؟ بەکەڵکی چی دێت ژیان؟

لە ڕاسـتیدا لەدایکبـوون تـا مـردن، ڕێـک وەکـو فڕێـدانی بەردێـکە لە دەسـتی منـداڵێکەوە بەرەو شـوێنێکی نادیـار، کە هۆکارەکـان و ئەنجـامەکەی نە بـۆ بەردەکە و نە بـۆ ئەوە کەسـەی فڕێـی دەدات و نە بـۆ ئەو کەسـەی بەردەکەی بەر دەکەوێت، ڕوون نییە.

مەئمووری تایبەت گوتی: "ئێ، چی بوو؟ بۆچی لاڵ بووی؟"

ئەسـفارییان لەسـەر کورسـییەک دانیشـاندبوو، بـۆ ئەوەی قسە بکات. بەڵام ئەو پێی وا بوو خەوتووە و ئێستا دڵۆپەکە بە دەموچاویدا بڵاو دەبێتەوە.

تک...

مـووچڕک لەبەر تەوێڵـیەوە دەکەوتە ڕێ و تـا قاچەکـانی دەچوو. پاشان تا دڵۆپەکەی پێشووی لە یاد دەکرد، یەکێکی تر لـوورزەوی دەبەسـت؛ وەکـو دڵـۆپی مەرەکەب لاپەڕە سـپی و بێـڕەنگەکەی ڕەش دەکـردەوە و مێشـکی دەتەنـی. پاشـان تەقینەوەی مێشکی خۆی لەبەر چاوەکانیدا دەبینی.

"گوێمان لێتە."

ئەسفاری لەوە ماندووتر بوو بتوانێت شتێکی وەبیر بێتەوە. گێژ و وڕ سەیری دەکرد: "چیتان پرسی؟"

"قسە بکە. لانیکەم باسی دوایین دیدارەکەت بکە."

## سیازدە

دوایین جار لە فانفاردا بینیم. کچەکانم جۆلانێیان دەکرد و سواری سەیارە دەبوون. منیش لەگەڵ ژنەکەمدا سەرقاڵی تەماشاکردن بووین. پاشان ئەوانم برد سواری چەرخوفەلەکم کردن. ژنەکەیشم سوار بوو. هەرسێکیان پێداگر بوون، منیش سوار بم، بەڵام نازانم لەبەر چی تاقەتم نەبوو، هەر لەوێ ڕاوەستام و سەیرم دەکرد کە چۆن بەسەرمدا تێدەپەڕن.

ئەو شەوە جەنجاڵ بوو، خەڵکەکە جمەی دەهات و هەراوهوریایان بوو. کچەکانم لە هەر دەورێکدا کە لەسەر سەرمەوە تێدەپەڕین، دەتریقانەوە و لە خۆشیا دەیانقیژاند. منیش دەستەکانمم بەرز دەکردنەوە کە یانی دەمەوێ بیانگرم. ئەوانیش دەیانقیژاند و بە ژوور سەرمدا تێدەپەڕین. هەر لەم کاتەدا بوو، کەسێک لەپشت سەرمەوە ڕێک لەناو گوێمدا بە دەنگی عومەر شەریف، گوتی: "ئەسفاری! تکایە بۆ چەند ساتێک وەرە."

ئاورم دایەوە و سەیرم کرد. بڕوا بکەن نەمناسی. چەند جارێک سەیری سەرتاپێیم کرد، لە چاوەکانی ڕامام، پاشان لەگەڵیدا ڕۆیشتمە سووچێکی چۆڵەوە و گوتم: "ئازاد، لێرە چی دەکەی؟ بەم جلوبەرگەوە؟!"

جلـوبەرگی قەشـەیانەی لە بەر بـوو. چـاویلکەیەکی ناسـکی لەبەر چاو بوو، کە عەدەسـەکانی ئەسـتوور بوون، شـەپکەی لە سەر بوو، زەنجیری مەسیحی چوارمێخەکێشراوی لە مل بـوو، گۆچـانێکی ڕەش و باریکیشـی بە دەسـتەوە بـوو، کە چەنـدە لە جلەکانیشـی دەوەشـایەوە. هەمـوو شـتێک خـاوێن و جـوان و بەسـەلیقە. سـەرنجی سـەرتاپێیم دا: "تۆ کەی بـوویتە قەشـە، کە ئێمە ئاگادار نەبووین؟"

"من هەر لە سالانی گەنجییەوە قوتابی بووم."

هەمـوو شـتێک لەودا گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتبوو. دەنـگ، جلـوبەرگ، حاڵەتەکـان، تەنـانەت شـێوازی ڕۆیشتنیشـی تـازە و سـەیر بـوو. ڕیـش و سـمێڵ و پرچـی یەکدەسـت ڕەش و لـوول کردبـــوو، هاوشـــێوەی شـــاکانی هەخامەنشـــی لە تەمەنـــی گەنجیەتییانـــدا، خـــوایە گیـــان ئەم قەشـــەی ئـــێمە چەنـــدە سەرنجڕاکێش و کەشخە بووبوو!

بە درێژایی کاتەکە تەماشایم دەکرد و بیـرم لەوە دەکـردەوە کە چەند لێی دەهـات. لە ڕاستییشـدا خۆشـحاڵ بـووم و هەسـتم بە شـــانازی دەکـــرد کە هـــاوڕێیە دامـــاوەکەی مـــن، ئەو کـــوڕە هەتیـــوە، ئەو گەنـــجە هەژارە دوور لە چـــاوی ئـــێمە خەریکـــی خـــاوێنکردنەوەی نـــاخی خـــۆی بـــووە و ڕۆحـــی خـــۆی ســـاف کـــردووە. لەو کـــاتەدا هەر تەقـــلەدەودان و درۆ و خراپەکـــانی نەهاتەوە بیرم. لەو کاتەدا هەموو تەمەنی لەناو جلەکانی بەریدا کورت بووبووەوە، لەناو تەنیایی و هەژاری و میهرەبانیدا.

گوتم: "ئێستا لێرە چی دەکەی ئازاد؟ "

بە ئامـاژەی گۆچـانەکەی لە سـووچێکەوە کۆمەڵێـک منـداڵی پیشان دام خەریک بوون لەسـەر عارەبـانەکەی فانفـار بـابۆڵە و ساردییان دەکڕی. دوو خوشکی ڕەبەنـی جلسـپییش ئاگاداریـان

بوون. گوتی: منداڵەکانی بنەماڵە مەسیحییەکانن کە لە تۆپبارانی خوڕەمشاردا باوک و دایکیان لەدەست داوە، سەیر کە! بەرخە بێگوناهەکانی خوا تەنانەت لە کاتی جەنگ و کارەساتە دژوارەکانیشدا بێ شوان نامێننەوە." دیسانەوە چاوەکانی تەنگ بوونەوە و زەردەخەنەکەی جارانی هاتەوە سەر لێوەکانی: "ئەمانە منداڵەکانی ئێمەن."

بڕواکردن بەوە بۆ من ئاسان نەبوو. دیسانەوە سەیرێکی سەرتاپێیم کرد: "بەڵێ، بەڵام... تۆ لە کەیەوە..."

گوتی: "من بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە سەرقاڵی فێربوونی زانستی خواناسی بووم، بەڵام خۆت باش دەزانی ڕقمە لە خۆنواندن. زۆرم پێ خۆش بوو لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنەکەمدا بەشدار بیت، بەڵام بوار نەڕەخسا. ئێستا خوا یارمەتیی داوم و سەرپەرشتیاریی منداڵە هەتیوەکانی خستووەتە ئەستۆی من."

پێم وا بێ گەیشتبووە ئاواتەکانی. سەرپەرشتیاریی منداڵە هەتیوەکان کە لە سۆزی دایک و باوک بێبەش بووبوون، خرابووە ئەستۆی ئەو. هەستێکی باشم هەبوو و بە ستایشەوە سەیریم دەکرد. تەنانەت دوودڵ بووم لەوەی ئاخۆ بە تۆ یان بە ئێوە قسەی لەگەڵ بکەم. سەرباری ئەمەش گوتم: "دەمزانی دواجار عاقیبەتبەخێر دەبیت. زۆر خۆشحاڵم ئازاد."

نووکی گۆچانەکەی بە زەویدا کوتا و دیسانەوە زەردەخەنەکەی جاران هاتەوە ناو سیمای پۆشییەوە: "دەمێکە لە جولفای ئێسفەهاندا دەژیم. ئەگەر پێت خۆش بوو بمبینیت وەرە... من لە کڵێسەی وانەکم، لەو نزیکانەدا خانوویەکی بچووک و ژیانێکی هەژارانەم هەیە."

هەر لەم کاتەدا بوو کە منداڵەکان هاتن و لە هەردوو لاوە خۆیان بە دەستمەوە هەڵواسی، ژنەکەیشم هات لە تەنیشتمەوە

ڕاوەستا، ئەوانم بە یەکتر ناساند، سەیر لەوەدا بوو هاوسەرەکەشم ئازادی نەناسیەوە.

پرسیم: "یانی ئەم منداڵانەت لە ئێسفەهانەوە هێناوە بۆ ئێرە؟"

پێکەنی: "ئەمانە ئاوارە جەنگییەکانی ئابادانن، کە لە تاران بەخێو دەکرێن. من بۆ جەژنی پاک هاتبووم بۆ تاران، خوشکەکان بەرانبەر بە من لوتفیان هەیە. ئەمشەو شەوی کۆتایی بوو، لەگەڵ ئەم منداڵانە هاتووین تاکو کاتێکی خۆش بەسەربەرین. کەڕەی بەیانی دەڕۆمەوە بۆ ئێسفەهان."

پاشان لە کاتی ماڵاواییدا لەگەڵ هەمووماندا تەوقەی کرد و بە گوێی مندا چرپاندی: "تکایە بە کەس مەڵێ من لە کوێم. ئەمە ڕازێکە لەنێوانماندا."

## چوارده

مەئمووری تایبەت گوتی: "هەر هێندە؟"

"هەر ئەمە."

"زۆر باشە، دوو ڕۆژ کاتت پێ دەدەم بیر بکەیتەوە. ڕەنگە سەبارەت بە دوایین دیدارەکەت چیرۆکێکی ڕاستەقینەترت دۆزییەوە."

مەئمووری تایبەت فەرمانی دا دوو ڕۆژی یەکەم لەناو ژوورێکی وشکدا بە تەنیا بەجێی بهێڵن بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە. ئەسفاری هەوڵی دا لەو تەنیاییەدا چیرۆکێک دروست بکات، بەڵام هیچ شتێک لە زەینیدا خۆی نەدەگرت.

بە درێژایی ئەو ماوەیە، لەناو ژوورە بچووکەکەدا هاتوچۆی کرد و بیری کردەوە. هەشت هەنگاوی بچووک. وەکو ژوورەکەی خۆی لە نهۆمی سەرەوە کە دەور تا دەوری کتێب بوو، هەروەها مێزێکی بچووکیش لە سووچی ژوورەکەدا هەبوو. جێگەی سێ کەسی نەدەبووەوە. باش بوو لە هاروهاجییەکانی بچووکەکە ڕزگاری دەبوو. ئیتر کتێبێک نەدەدڕا. بە زۆرپایەکی عەلادین گەرمی دەکرد. بەڵام هاوینان لەتاو گەرما شەلاڵی عارەقە دەبوو.

ئازاری هەبوو. نەیدەتوانی دابنیشێت. یەکەم جار بوو دوای سێ هەفتە وازیان لێ هێنابوو. بۆ ساتێک ئەوەی وەبیر هاتەوە

سەری بەو کونکریتانەدا بکێشێت، توند توند بیکێشێت پێیاندا، بۆ ئەوەی هەموو شتێک کۆتایی پێ بێت، بەڵام توانای ئەو کارەی نەبوو. ڕەنگە یەک دوو ڕۆژی تر لەبەر دیوارێکدا بیانوەستاندایە و بە گوللەی نەجات بیانپێکایە و ئیتر بۆخۆی ڕزگاری بوایە. ئێستا ئیتر مردن لە پلەی دووهەمدا بوو، ژیان هێندە دوور بوو، کە دەستە کورتەکانی ئەسفاری لە توانایاندا نەبوو چنگی لێ گیر بکەن و بیگرن. وەکو تاریکی شکاو بوو، کە هەر دەیانژەنی، یان وەکو تەپڵێکی تەقیو کە کاتێک دەیکوتن تەنها دەنگی دڕاویی دەدا.

ئەو شتەی ئەوان دەیانویست ئازاد بوو کە ئەسفاری شتی زیاتری لەبارەیەوە نەدەزانی. ئێستاش هێندە ماندوو بوو کە حەقی بە باوکی دەدا: "جا توخوا ئەمە ئیشە؟! پاش ئەو هەموو ساڵ خوێندنە، خوتت داماو کردووە بووی بە مامۆستا؟! لانیکەم دزییش بکە با ژیانت هەڵسووڕێ، باوکی باوکم."

باپیری گوتی: "وازی لێ بێنن با بە دڵی خۆی بژیت. ئێوە کە یارمەتیی نادەن، بۆ لەکۆڵی نابنەوە؟"

باپیری حەزی دەکرد ئەسفاری شیعریش بنووسێت. گوتبووی: "هەر کەسێک کە لەدایک دەبێت چارەنووسی خۆیشی لەگەڵ خۆی دەهێنێت. هەندێ کەس منداڵی دارتاشە، بەڵام دەبێتە ئاسنگەر."

ئەسفاری بیری کردەوە ئەگەر شانسی هەبا، ئێستا عەزابی نەدەکێشا. هەستی کرد هەڵەی کردووە لەم وڵاتەدا بە قسەی باوکی نەکردووە. دەبوایە لەباتی ئەم هەموو خوێندنە، لەناو بازاڕدا حەمباڵیی بکردبا، ئێ، بێگومان ئێستا لەناو بازاڕدا دوکانێکی هەبوو، زکی بە ژن و منداڵەکانی نەدەسووتا.

ژنەکەی ئێستا چی دەکات؟ نەیدەزانی. تەنیا ئەوەی دەزانی کاتێ دڵی خۆش نەبێت ڕوو گرژ دەکات و خۆی بە کارەکانی

ماڵەوە سەرقاڵ دەکات، یان شێوەکاری. لای کەسیش هیچ ناڵێت. نە ئاخێک، نە ناڵەیەک. تەنیا خۆی دەخواتەوە....

دوو ڕۆژ هەر لەناو ئەم بیرکردنەوانەدا سووڕایەوە تا ئەوەی کە دوو دانە لە هەمان ئەو دکتورانە هاتنەوە بۆ لای: "ئەسفاری کاتەکەت تەواو بوو."

ئەمجارە بە ڕێزەوە بردیان بۆ ناو ژوورەکەی مەئمووری تایبەت، کە لەپشت مێزێکەوە دانیشتبوو، کاکاو بە شیرەکەی بە قامیش دەخواردەوە. پرسیی: "چیت کرد ئەسفاری؟"

"ئیتر مەمبەنە ژووری ئەشکەنجە."

"دڵنیا بە ئەسفاری. بەڵێنت پێ دەدەم. بەڵێنی شەرەف. تۆ ئەگەر عاقڵ بیت ئیتر کەس ناتوانێت تەنانەت بە خراپیش سەیرت بکات. دەڵێم لە فەرمانگە دەرت نەکەن و مووچەی ئەم چەند مانگەش بخەنە سەر حیسابەکەت."

پاشان تەلەفۆنی کرد و داوای بابۆڵەی مریشک و ساردیی کرد: "تۆ قسەکەت بکە." پاشان خۆی بە کەلوپەلەکانی سەر میزەکەیەوە سەرقاڵ بوو.

ئەسفاری برسیی نەبوو، بەڵام بابۆڵەکەی قووت دا، ساردییەکەی بەسەردا کرد و جگەرەیەکیشی کێشا.

ڕاسپێراوی تایبەت گوتی: "تۆ دەبێ بزانی کە ئێمە مەحرەمی ڕازەکانی تۆین. جگە لەمەش، بژی. مەگەر چەند جار دەژێیت؟ ئەسڵەن چیت دەوێ لە ژیان؟ ها؟"

"من بێزارم لە بارودۆخی خۆم، کەی دەمزانی هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسێکی وا ژیان و گەنجیم دەفەوتێنێت؟"

"ڕاستی ئەسفاری، لەسەرەوە پێیان گوتووین ئاگامان لێت بێ. ئەگەر کێشەیەکی تایبەتت هەیە بە من بڵێ."

ئەسفاری حەزی دەکرد ئیزنی پێ بدەن پێنج خولەک لەگەڵ ژنەکەیدا بە تەلەفۆن قسە بکات. بەڵام ترسا خاڵە لاوازەکەی بدۆزنەوە و لەناوییەرن.

گوتی: "نا کێشەیەکم نییە."

"لێرە دەڵێم. ئەگەر لیرە... خۆ دەزانی، شتێکت دەوێ... شەرم مەکە!"

"نا. نا. سوپاس."

شەرم دەکەی ها! سەیر کە، قسەی خۆمان بێ ها، لێرە کچێک هەیە لەنێو کوڕەکاندا دەستاودەستی پێ دەکەن، هەڵبەت قەحبە نییە، بەڵام بە لایەوە ئاساییە. بۆی گرنگ نییە و بۆ خۆی خۆش ڕادەبوێرێت. لێکۆڵەرەکانی تیپەکەی ئەولا هێندە ئازاریان داوە، لە کاتێکەوە گواستوومانەتەوە بۆ ئەم لا، پێی وایە لە بەهەشتدا دەژیت. زەڕی نەماوە. بیر لە هیچ شتێک ناکاتەوە. بە هەرحاڵ خۆی حەز دەکات. ئەگەر تۆ بتەوێت..."

"نا. من هەر بیر لەم بابەتانە ناکەمەوە."

"خۆ دژی ئەم بابەتانە نییت؟"

"زۆر پابەندی ئەم شتانە نیم."

مەئمووری تایبەت بە چاوی بریسکەدارەوە لە جەستەی لاوازی ئەسفاری ڕاما: "دەی باشە، وازی لێ بێنە. بیرت کردەوە؟"

"بەڵێ. هەموو شتێک دەڵێم."

"بڵێ."

ئەسفاری هەر لە یەکەم وشەدا زمانی وەستا. نەیدەتوانی هەموو ئەو شتانەی لەناو هزری خۆیدا ئامادەی کردبوو بیهێنێتە زمان. لاڵ بووبوو.

ڕاسپێراوی تایبەت تەماشای کرد: "ئێ؟!"

دڵـی ئەسـفاری خێـرا لێـی دەدا: "مـن... مـن ئاگـادارم ئـازاد ساڵی ڕابردوو شانەیەکی نهێنیی خستبووە ڕێ."

چاوەکانی ڕاسپێراوی تایبەت زەق بووەوە: "چیی کردبوو؟"

"شوێنێکیان تەقاندبووەوە."

ڕاسپێراوی تایبەت لە تووڕەییدا قاقایەکی کێشا و بە چاوی خوێنتێزاوەوە گوتی: "ئازاد؟"

"بەڵێ."

"خۆ شۆخی ناکەی ئەسفاری؟"

"نا."

"هەڵە دەکەی. من نامەوێ ئەزیەت بی ئەسفاری."

"کارێ کە کردوویە، من بڵێم نەیکردووە؟ مەگەر ئێوە هەر ئەمەتان ناوێت؟"

ڕاسـپێراوی تـایبەت پەنـجەی دۆشـاومژەی لـێ ڕاداشـت و گـوتی: "تـۆ چیـت دەوێ، خـوێڕی؟ خەریکـم بە زمـانی خـۆش لەگەڵت دەدوێم، هێلکە ناکەی ڕاوکەیش دەخۆیەوە؟ چیرۆکم بۆ دەهۆنیتەوە؟" پاشان هاواری کرد: "تۆ چیت دەوێت؟"

ئەسفاری نەڕاندی: "من؟ ئاشکرایە، مردنم دەوێت؟"

"لە کاتی خۆیدا دەگەیتە ئەویش، پەلە مەکە."

"بۆچی وازم لێ ناهێنن، من لەوە زیاتر نازانم."

مەئمـووری تـایبەت هێـدی و بە پشـوودرێژییەوە خـۆی سـەرقاڵ کـرد بە تەماشـاکردنی ئەو دیمەنـانەی ئەسـفاری هەرگیـز نەیتوانیبـوو بیانبینێـت: "ئەگەر بـتەوێ ناپـاکیی لە مـن بکەی، مردنەکەشت بەگان دەدەم، جەنابی نووسەر."

"ناپاکیی چی؟ کام ناپاکی؟"

"تۆ یەکەم کەس نییت ئاوا بێتام ددان بە شتەکاندا دەنێی. بە هەڵە تێگەیشتووی جەنابی نووسەر، پێت وایە زۆر پاڵەوانی!"

وەک بڵێی گریان لە ئەسفاری بەردابێت، شین بووبووەوە و بە دەنگێکەوە چما دەگریت، گوتی: "بە گیانی منداڵەکانم من چەند ڕۆژێک بەر لەوەی بگیرێم ئازادم بینی، هەرچییەک هەبوو گوتم."

"هەتیوە خوێڕییەی دایکحیزە، کارێکت پێ دەکەم تەرمەکەت وەکو سەگ بلوورێنێت."

"دادگاییم بکەن... دادگاییەکی ئاشکرا... لە تەلەفزیوندا، هەرچیم پێ بڵێن، دەیڵێمەوە."

مەئمووری تایبەت پێکەنی: "گەمژە! تۆ نووسەری، ئەگەر بمانەوێ داگاییت بکەین و بەرپرسیاریەتیی تەقینەوەیەک بخەینە ئەستۆت، کەس بڕوا ناکات. خەڵک پێمان پێدەکەنن."

"ئەم خەڵکە هەرچییەک ببینن، بڕوای پێ دەکەن."

"لە شوێنێکی باشتر خەرجت دەکەین."

"ئەی هاوار، کابرای هێرۆینکێش خۆ بیر لە پەڵەی ددان، یان کاکۆڵی ناکاتەوە. من تەنیا دەمەوێ تەواو بم."

"دەی باشە، تا سەبارەت بە ئازاد قسە نەکەی، هیچ خەبەرێک لە دادگایی و ئیعدام نییە. تا ئێستاش هەرچیت گوتووە هاتەران پاتەران بووە. هەر نابێ ڕوو بدەنە کەسی وەکو تۆ. دیسانەوە دەتگەڕێنمەوە بۆ ئەوێ. دەتکەمە بەشەر."

گریانەکانیشی هیچ سوودێکیان نەبوو: "نا. توخوا نا."

مەئمووری تایبەت فەرمانی دا بیبەنەوە بۆ ژووری دڵۆپەئاوەکە. گوتی نەیتوانیوە باش بیر بکاتەوە. دەبێ واز لە پاڵەوانییەتی بێنێت.

ئێستا دڵۆپە ئاوەکە بە دەموچاویدا بڵاو دەبووەوە. وەکو کوتکێک وەهەنیەی دەکەوت و وەک بریسکە ژیانی لە مێشکی دەتاراند. پاشان چەرخوفەلەکەکە بە ئەسپەدارینەکانەوە سووڕی دەخوارد و دووردەکەوتەوە.

تک...

"دوایین جار که ئازادم بینی... بازاڕی تەجریش..."

تک...

"لێرە چی دەکەی... شوێنپێی ئەو ساواکییەم دۆزیوەتەوە..."

تک...

"کام؟ هەر ئەوەی عاشقی شا بوو... یارمەتیم دەدەی؟..."

تک...

"هێشتا لەسەر کارم... یارمەتیم دەدەی؟..."

تک...

"وازی لێ بێنە ئازاد... تۆ کارت چییە بەرسەر ئەم شتانەوە؟..."

تک...

"یارمەتیم دەدەی؟... تۆ خۆ دەزانی من ئۆقرە نا..."

تک...

ئەسفاری هەرچییەکی دەگوت ئەوان تەنیا لرخەلرخیان دەبیست. دڵۆپەکان لەناو مێشکیدا دەتەقینەوە و ناخیان تێکوپێک دەدا.

دوو ڕۆژ دواتر کۆتاییەکانی مانگی ڕێبەندان بوو، کلیلی دەرگاکە سووڕا و دەرگاکە کرایەوە، دوو کەس کردیانەوە و لێکۆڵەرەکە لەسەر سەریەوە ڕاوەستا و بە دەستی بەر دڵۆپەئاوەکانی گرت: "کێ جەنابتی هێناوە بۆ ئێرە؟"

پیاوێکیشی لەگەڵ بوو. پیاوێکی قژکاڵ، تەنکەڕیشەکەیشی کاڵ بوو، دەموچاوی لە دەموچاوی مەسیح دەچوو، مەسیحێک کە لای ڕاستی تەوێڵی هێندەی چوار پەنجە شوێنی دوورینەوە قوت بووبووەوە، ڕەنگی پێستی نەختێک سپیی مەیلەوئاڵ بوو.

ئەسـفاری بە یەک نیگـا ناسـییەوە، بەڵام بە ترسـەوە ڕای کردە سـووچی ژوورەکەوە و هەڵترووشکا. وەکو لاپەڕەیەکی بێکەڵک لۆچ بووبوو. دەستی برد بۆ گوێی. مووی سەری هەڵکەند و بە توندی یەکێک لە قامکەکانی خۆی گەست. خوێن لەسەر پەنجەیەوە داچۆڕا. پاشان ڕشایەوە.

لێکۆڵەر گوتی: "بە لوتفی جەنابی جێگرایەتی کولتووری ڕزگارت بووە بەڕێز ئەسفاری."

ئەسفاری ئێستا ئیتر بەرهەنسکی دەدا. بەڵام کێ دەیتوانی بڵێت مەگری! تەنانەت لێکۆڵەریش بەو هەموو سۆز و میهرەبانییەی بەرانبەر بە ئەسفاری بووی دەرەقەتی نەدەهات و نەیدەتوانی کارێک بکا تاکو بەسەر خۆیدا زاڵ بێت. سەرەڕای ئەمەش گوتی: "ئەسفاری گیان، خۆ پیاو ناگری."

ژوورەکە بۆنی ئاوی گەنیوی ناو سکی کەسێکی خنکاوی لێ دەهات. ئەسفاری وەکو تەرمی مۆمیاکراو کە لە بنی دەریاوە هێنابێتیانە دەرەوە، لە سووچی ژوورەکەدا گرمۆڵە بووبوو و دەگریا.

## پازده

بـۆنی سـووتاوییەکە تـا دەهـات تەشـەنەی دەسـەند. لە دەرەوەش بەو تاریکییە کڕێوەی دەکرد. ماریا چاوی بڕییە نـاو چاوی ئەسفاری: "دیسانەوە بڵێ. قسەم بۆ بکە."

ئەسفاری گوتی: "ئەم سووتمانە[1] ئاسایی نییە؟"

بـۆنی وایەری سـووتاو دەهـات، تـایەی سـووتاو، یـان بێچووەپشیلەیەکی هاروهـاج، کە بە بـازنەی ئـاگردا قەڵەمبازی دەدا بـۆ ئەوەی نەسـووتێت، بەڵام گـڕی ئـاگر لەنـاو یەکێک لە بازنەکانەوە بەرەو تاریکی بڵێسەی دەسەند و بۆنسۆیەکەی تـا دەهـات تەشـەنەی دەسـەند. دووکەڵێکـی خنکێـنەر و چەور لە سییەکان دەنیشتەوە.

ماریا گوتی: "سەیر کە چاوەکانت چۆن سوور هەڵگەڕاون!"

ئەسـفاری گـوتی: "چاوەکـانی تـۆیش هەر وا. بەڵام سـەیرە. لێکۆڵەرەکە دیار نییە."

ماریا سەیرێکی دەرگا داخراوەکەی کرد و لچی هەڵقرچاند: "خەریکـم بیـر لەو بەسـەرهاتانە دەکەمەوە کە بـۆت گێـڕامەوە، ئێسـتا تـا ئێرەی ژیـانم لە لایەک و ئەم چەند سـەعاتەی لەگەڵ تۆ قسەم کردووە لە لایەک. هەندێ جـار مـرۆڤ دەکەوێتە نـاو

---

[1]. سووتمان: ئاگرکەوتنەوە.

قوتــووی شــقارتەوە و پێــی وایە ئەوە هەمــوو دونیــایە. بەڵام ئێستا ئیتر هیچ شتێک بە لامەوە گرنگ نییە."

ئەسـفاری گـوتی: "کەس ئاگـای لە دەردی کەس نیـیە." ئیتـر بێدەنگ بوو، لە پەنجەرەکەوە سەیری ئاسمانی کرد. کلوەبەفرە گەورەکــان لەبەر چــاوی دەنیشــتنەوە و بێگومــان بــارێکی قورسیان دادەنا.

ئەسفاری گوتی: "هەموو شتێک گاڵتەجارە. ژیان لەپێش چاوی من وەکـو بینـایەکی کـۆنە کە سـەیری هەر شـوێنێکی دەکەی، خەریکـی دارمـانە. دەزانـی ماریـا، مـن جارێکیـان بـۆ خەرجیی نەخۆشـخانەی کـچەکەم کە تووشــی بەرەزام بووبـوو، هەزار و دووســەد تمەنـم لە براکەم قەرز کرد. یەک دوو مانگ تێپەڕی، بەڵام دۆخەکەم وەها نەبوو بتـوانم قەرزەکەی بـدەمەوە. بەم مـووچەی مامۆسـتایەتیە... خەمبـار بووم. پێم گوت دەتەوێ بایی هەزار و دووسەد تمەن کتێبت پێ بدەم؟ گـوتی بـاش. هەر ئەو دوا نیـوەڕۆیە هـات بـۆماڵمـان. لەبەر چـاوی ژنەکەم... دەزانی... هیچ شـتێک هێندە نەیشـکاندبوومەوە. ئەو کتێبـانەی دانەدانە کۆم کردبوونەوە، لەگەڵ هەر کامێکیاندا بیرەوەرییەک... هـات جیـای کـردنەوە، کۆمەڵێک کتێبی باشـی جیـا کـردەوە و لەگەڵ خـۆی بردی. ئینجا ئیتر پاکمان لە پاک."

چاوەکـانی ماریـا تەڕ و گەش بـوون. دەبریسـکانەوە. وەک تـازە گریابێت.

ئەســفاری لەپــڕ ژنەکەی بیــر کەوتەوە، کچەکــانی بیــر کەوتەوە، ئـازادی بیر کەوتەوەە، لەسـەر کورسـییەکەی هەسـتا، حەزی دەکـرد پیاسـە بکـات. ئیتـر نەیـدەتوانی بیـر لەم شـتانە بکــاتەوە. بــۆنچرووکێکی قــورس و چەور هەمــوو دنیــای پــڕ کردبوو؛ هێندەی کە سییەکانی لەتـاو ئـازار قورس بووبوون و هێندە ماندوو بووبوو باوێشکی دەدا.

ماریا گوتی: "سییەکانم ئازاریان هەیە. تۆ باشی؟"

"نا ئەم دووکەڵە پیاو دەکوژێ".

ماریا گوتی: "ناخەوین؟"

ئەسفاری دیسانەوە کەوتەوە بیری ژنەکەی کە گوتبووی: "ناخەوین؟"

"نا ئازیزم . ئەمشەو دەمەوێ بنووسم."

"کەواتە کاتێ ویستت بخەوی سەرێکیش لە ژووری منداڵەکان بدە."

"حەتمەن."

پاشان ژنەکەی گوتبووی: "گڵۆپەکەش بکوژێنەوە."

ئەسفاری کە سەری هەڵێنا، لە ژوورێکی تاریکدا بوو. ماریای نەدەبینی کە ڕووتە. تەنیا جلەکانی دەبینی کە دەکەوتنە سەر کورسییەکە.

"من هەر لێرە لەسەر ئەرزەکە دەخەوم. تۆ ئاسوودە بە ماریا."

پاشان هەردووکیان بێدەنگ بوون. ئەسفاری ئیتر نەیزانی کچەکە خەوتووە، یان بەخەبەرە. چاکەتەکەی داکەند و لە سووچێکی ژوورەکەدا ڕاکشا. ژوورەکە گەرم بوو، لە فەنکوەیلەکەوە گەرما دەڕژایە ژوورەوە. برسیی بوو. نانی پێ نەخورابوو. گێژ بوو، زۆر سەیری شتەکانی دەکرد بەڵام نەیدەبینی تەنیا چاوی دەترووکاند و ڕادەما. ڕۆشن یان تاریکبوونی ژوورەکە بۆ وی هیچ جیاوازیی نەبوو. بۆچرووکە چەورەکە وەڕسکەر بوو.

ماریا بە حاڵەتێکەوە وەک بڵێی خەریکە خەوی لێ دەکەوێت، پفێکی کرد: "چەندە گەرم بووە! ئاخۆ ناکرێ ئەمە بکوژێنینەوە؟"

"نازانم. من نازانم چۆن دەکوژێتەوە."

"بۆچی لەوێ خەوتووی؟"

"ئاسوودەم. زۆر."

ئەسفاری تلی دا و کەوتە سەر لاتەنیشت. ناڵاندی و پاشان ئوقرەی گرت، بەڵام هەرچییەکی دەکرد خەوی لێ نەدەکەوت. بەردەوام بیری لە ئازاد دەکردەوە.

ماریا گوتی: "ئەم بۆچرووکە خەریکە دەمخنکێنێت."

ئەسفاری هێشتا لاواز و بێهێز بوو، لە جەستەیدا هەستی بە ماندوویەتی و ئازار دەکرد. سەری لەگێژەوە دەهات. هەستی دەکرد عەلاگەیەکی پڕ لە خۆڵە کە هیچ کەناسێک هەڵی ناگرێت؛ وەکو تەرمێکی گەنیو کە کرمەڕێز بووە و خەریکە دادەڕزێ. دەستی خستە ژێر دەموچاوی و چاوی بڕییە تیشکدانەوەی ئەو ڕووناکییەی لەسەر پەنجەرەکە دەلەرییەوە. وێنەی سێوێکی قەپلێدراوی لەسەر جامی پەنجەرەکە دەبینی، پاشان مانگی دەبینی کە بەردەوام بچووک دەبووەوە. پاشان هێندە بچووک بووەوە، کە ئیتر دیار نەما. چاوەکانی ئەسفاری دەکزانەوە. ئێستا ئیتر هەستی دەکرد خەوی دێت. چاوی لێک نان.

## شازده

ئەوەی هەبوو گەرما بوو و خاک و بیابان. سارا بوو. سووتاو و تینوو. لەگەڵ ئەو هەموو مرۆڤەدا کە لەناو هزری ئەسفاریدا بەرەو لایەک ڕایاندەکرد. تەپوتۆز لەپشت پێیانەوە هەڵدەسا و شەوقی شمشێرەکانیان وەکو تیژخەی تیشک کەشەکەی شەق دەکرد. ئەسفاری سەری خستبووە نێوان دەستەکانی و هاواری دەکرد. ئەو هەموو مرۆڤە تاوەسووت و تینوو هانکەهانکیان بوو. ڕایاندەکرد و بە دەمێکی کەفکردووە بەرەو لایەکی تر ملیان دەنا.

ئاو نەبوو، بەڵام تا چاو هەتەری دەکرد، تراویلکە بوو. تیشکدانەوە فریودەرەکەی، ئەسفاری و قەیسەری خۆنەویستانە بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. ڕایاندەکرد و دیسانەوە دەگەیشتنەوە گردە گەرمەکان. ئەسفاری و قەیسەر بەرەو لایەک ڕایاندەکرد و ئەو هەموو خەڵکەش بەرەو لایەکی تر. نە دەنگێک هەبوو، نە شین و ڕۆڕۆیەک. تەنیا گەرما بوو لەگەڵ تینوویەتیدا. خۆرەتاو زیاتر غاری دەدا و هەر لە مێشکەوە تا ئێسقانی قاچەکانی دەسووتاند. دیسانەوە ڕاکردن و تینوویێتی بوو. قەیسەر سەیری لایەکی دەکرد: "ئاو، ئاو!"

ئەسفاری گوتی: "ئاو نییە، لێرە ئاو نییە. تینووومە." کاسەی چاوەکانیشی سوور بووبوون. وەکو دارخورمایەکی گڕی

گرتبێت. بێ ئیختیار ڕایدەکرد. وەک گڕگرتووەکان بەدوای قەیسەردا ڕایدەکرد: "ئیتر ناتوانم."

دەور دەمی وشکە لێیدابوو. دەنگی هەنگاوەکانی ئەو هەموو مرۆڤەی ڕایاندەکرد نەیدەهێشت بیر بکاتەوە. ئەویش ڕایدەکرد. قەیسەر تەماشای دەکرد: "دەبێ بیدۆزینەوە. دڵۆپێک ئاو..."

"نییە. چەنێک ڕابکەین؟"

"دەیدۆزینەوە."

هەرچی ڕایاندەکرد، جووڵەکان خاوتر دیاربوون. ئەسفاری شەکەت و داماو دانیشت. دەگریا. جلەکانی تۆزاوی بوون. دەستی دەلەرزی و چاوەکانی دەفڕین. خۆرەتاو بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشت و لە ئاسۆوە، قومەقومە ڕووبارەکەی دەخواردەوە. ئەسفاری ئاوڕێکی دایەوە. سارا بوو. ڕایانکرد بەرەو لای ڕووبار و هەتاو. قەیسەر خەڵکەکەی پیشان دا و گوتی: "ئەمانە بەر ئاوەکەیان گرتووە."

شمشێریان دەرهێنا و هەڵیانکوتایە سەر ئەو هەمووە خەڵکە. ئەو هەمووە خەڵکە لەژێر عەباکانیاندا چەکیان هەبوو. سێریان لێ گرتن. دەنگی دوو تەقە هات. لەپڕ بیابانە وشکەکە تاریک داگەڕا. ئەسفاری چاوی لێک نا و کردیەوە. دەیبینی هەردووکیان کەوتوونەتە ناو چاڵێک و برینی قاچەکانیان کێمی کردووە. هاواری کرد: "ئاو!"

پاشان دانیشتە سەر ئەژنۆ و سەیری چواردەوری خۆی کرد. قەیسەر لەژوور سەریەوە دانیشتبوو، لە ئاسمان ڕامابوو. چل هەتاو لە ئاسماندا بوون. ئارەقە لە دەموچاویەوە دەچۆڕا و دەبوو بە هەڵم. گوتی: "ئاو. لەوێیە، لەپشت داربادەمەکەوە."

گەرما و تینوویەتی تەشەنەی دەسەند. دەنگەدەنگی ترسناک لە دوور و نزیکەوە دەبیستران. ئەسفاری چاوەکانی

داخستن و کردنیەوە. قەیسەر کێویکی نیشان دا و هەردووکیان کەوتنە ڕێ. ڕایانکرد. لەو هەموو خەڵکە کەسیان نەمابوو. قەیسەر تاڤگەیەکی گەورەی پیشان دا کە لەسەر گاشەبەردەکانەوە کەفی کردبوو، لە لێژاییەکەدا دڵۆپە ورد و درشتەکانی دەپرژاند بە دەموچاویاندا. قەیسەر بە دەمدا لەناو ئاوەکەدا خەوت و تێر ئاوی خواردەوە. ئەسفاری لەناو ئاوەکەدا ڕاوەستابوو، ئاو تا سەر ئەژنۆی دەهات. قەیسەر سەری بەرز کردەوە: "وەرە پێکەوە بخۆینەوە."

"تینووم نییە."

"من پاراو نابم."

پێکەنی و سەری لەنێو ئاوەکە نا. ئاوەکە بەردەوام لە سەرەوەڕا دەڕژا و ئەسفاریی تەڕ دەکرد. سەرمای بووبوو. هەر کە دڵۆپەکان ئەیاندا لە دەموچاوی، دەلەرزی و تەزوو بە لەشیدا دەهات. دەکەوتەوە بیر ژووری دڵۆپە ئاوەکە. هاواری دەکرد: "سەرم شەقی برد، تەواوی بکەن!" پاشان چاوی کردەوە، دڵۆپە ئاوەکان لەسەر سەریەوە دەهاتن.

تک...

گڵۆپی ژوورەکە هەڵکرا. ئەسفاری دەستێکی بە دەموچاویداهێنا، سەیری کرد: شەڵاڵی خوێن بوو. لە برانکاردەکەوە دەتکا. لە سووچی ژوورەکەوە، هەر ئەو شوێنەی خەوتبوو برانکاردێکی تایەداریان لەژوور سەریەوە دانابوو.

مەگەر چەند تێپەڕیبوو؟

خوێناو لە برانکاردەکەوە دەتکا. ئەسفاری ڕاچڵەکا، ڕایکردە سووچێکی ژوورەکەوە، پێی وا بوو خەو دەبینێت، هاواری کرد، دەنگەکە گەڕایەوە بۆ لای خۆی. چووە یەک. دەترسا

تەماشــا بکــات و پشــیلەیەکی مــردوو ببینێــت. ســەری بەرز کــردەوە و لاخێــز بــوو. ماریــا لەســەر برانکــاردەکە خەوتبــوو، شــوێنی گــوللە، دانەیەک لەســەر شــانی و دانەیەکــیش لەســەر سـنگی دەمـی کردبـووەوە. هێشـتا هەمـوو بەفرەکـانی جلـەکەی نەتوابووەوە. ئەسـفاری پێـی وا بـوو خەو دەبینێـت. بـانگی کـرد: "ماریا...!" و دەنگەکە بەرەو لای خۆی گەڕایەوە.

ئێستا ئیتر ون بووبوو. لە هیچ شتێک تێنەدەگەیشت.

تک...

دەوروبەری بێـدەنگ بـوو، دەرگـای ژوورەکەش نیـوەکراوە بوو. لە دوورەوە دەنگی قسەکردن دەهات، دەنگی پێ و دەنگـی قســەکردن. ئەســفاری ملــی کێشــا؛ لێکــۆڵەرەکە لەوســەری داڵانەکەوە دەهـات. ئەسـفاری دەسـتەکانی دەلەرزی. نەیـدەزانی چـی ڕووی داوە، نەیـدەزانی چیـی بەسـەرهاتووە، کـاتێ چـاوی دەترووکاند، سەری سووڕی دەخوارد.

گەڕایەوە بــۆ نــاو ژوورەکە. ســەیری چەرپــای گۆشــەی ژوورەکەی کـرد. ئەو شـوێنەی ماریـای لـێ خەوتبـوو، ئێسـتا بەتـاڵ بـوو. دەسـتی گـرت بە برانکـاردەکەوە. تەرمەکەی ماریـا جووڵا و دەستی لە لێواری برانکاردەکەوە شۆڕ بووبوونەوە.

تک...

ئەسفاری خۆی کێشـا دواوە و بە چیچکانەوە دانیشت. نە گریـانی دەهات و نە هەستی بە بۆنی سووتاوی دەکرد و نە هیچ. پاشان بینیی لێکــۆڵەرەکە لەســەر ســەری تەرمەکەوە ڕاوەســتاوە و زەردەخەنە دەکات: "کچێکی جوان بوو. ئێستا کە سەیری دەکەم بەڕاستی..."

ئەسفاری بە دەنگێکی کزەوە گوتی: "لێرە چ قەوماوە؟"

وەکو منداڵ وای گوت. وەکـو منـداڵە هەتیوە مەزلوومەکـان. لێکۆڵەرەکە گـوتی: "دەزانـی ئەسـفاری، لەنـاو ئەم وڵاتەدا یاسـا

تەنیا بیستوچوار سەعات ئەوپەڕی چلوهەشت سەعات حوکم دەکات و پاشان دەکەوێتە دەستی کەسانێکی تر، کە هەلووکانی پێدەکەن." سەرخۆشانە پێکەنی. بووبووە سوعبەتچی.

"چ مۆتەکەیەک!"

"خەونی خراپت بینی؟"

"خەونی خراپ دەبینم؟... یان..."

"تۆ نەخەوتووی ئازیزم. سەیر کە."

قامکەکانی لەپێش چاوی ئەسفاریدا جوولاند: "ئەمە چەند دانەیە؟"

ئەسفاری لە پەنجەرەکەوە چاوی بڕییە دەرەوە. کەشەکە خەریک بوو ڕووناک دەبووەوە و بەفر هێشتا هەر بە ئارامی دەباری. جگەرە داگیرساوەکەی دەستی لێکۆڵەرەکەی وەرگرت و مژێکی قووڵی لێ دا. دڵی تێکچوو، بەڵام دیسانەوە مژی لێ دا.

لێکۆڵەر گوتی: "وەکو شێتەکانت لێ هاتووە. مردووە ئیتر. کێشەی تۆ ئەمەیە؟ دوێنێ تەقینەوەیەک ڕووی دا کە بەڕێز جێگرایەتیی سیاسی فەرمانی گوللەبارانکردنی بیستوسێ کەسی دا. یەکێکیشیان ئەم خانم ئازیزە بوو. لانیکەم بۆ من زۆر ئازیز."

ئەسفاری دیسانەوە مژی لە جگەرەکە دا: "سەعات چەندە؟"

"شەش و نیو، خەونت دەبینی؟"

"ئممم."

"چ خەونێکت دەبینی؟ لەبەر چی لەژێر برانکارەکەدا نووستبووی؟"

"نا. من لەم سووچەدا... برانکارد نەبوو."

"مەڵێ نەبوو."

"یــانی مــن ئەم هەمــوو کــاتە لەژێــر ئەو برانکــارەدا خەوتبووم؟"

"گرنگ نییە. ئێستا خۆ بەئاگای."

"چ شەوێکی گەرم بوو! بەردەوام تینووم بوو."

"تینووی خوێن؟"

ئەسفاری وەکو تۆپ شووت کرابوو بۆ دەرەوەی کات و شوێن. هیچ شتێک مانای نەبوو بۆی. نە ڕابردوویەک هەبوو، نە داهاتوویەک، نە کێشێک...

"سروشــتی مــرۆڤ وایە کە دەڵــێن خــوێن مــرۆڤ هێــور دەکاتەوە. مرۆڤ کاتێ دەچێتە گۆڕستان، یان کە مردوویەک دەبینێت بە خۆیدا دێتەوە و هەستێکی خۆش دایدەگرێت. تۆ ئاوها نییت؟"

ئەسفاری دەموچاوی بردە ناو دەستەکانی. بێئوقرە بوو. ویستی بڕواتە دەرەوە. بەڵام دەرگای ژوورەکە داخرابوو. بە پەلە بازی دا بەرەو سووچی ژوورەکە و ڕشایەوە. بەردەوام هێڵنجی دەدا. پێچ بە زگیدا دەهات.

لێکۆڵەر گوتی: "تۆ هیچ باش نییت. وەرە لێرە دابنیشە."

دەستی گرت و لەسەر کورسییەکە داینیشاند. شانەکانی شێلا و گوتی: "تات هەیە؟ ئەرێ، تایەکی خراپیشت هەیە."

دەستی نایە بەر هەنیەی ئەسفاری، پاشان مەچەکی گرت: "ئەرێ... بزانم دوێنێشەو چیت کرد؟"

"لێرە خەوتم."

لێکۆڵەرەکە بە دەست ئاماژەی بۆ تەرمەکە کرد: "لەگەڵ ئەمە؟"

ئەسفاری تەماشای ماریای کرد؛ وەکو گەچ سپی بووبوو، چاوەکانی لێک نابوو. دەستی هێشتا هەر شۆڕ بوو، خوێناو

لەسەر قامکی دۆشاومژەی دڵۆپ دڵۆپ بووبوو بۆ ئەوەی داکەوێت.

تک...

قامککەلێکی زراف و بڵند کە ئەنگوستیلەیەکی ناسک لەناویاندا شەوقی دەدایەوە، ئێستا سپی بووبوو، لاواز و سپی.

"نا. لەو سووچەوە... بە تەنیا..." پاشان مات سەیری دیوارەکەی بەرانبەری خۆی کرد.

"لەژێر برانکاردەکەدا؟"

"برانکارد؟... نەبوو."

لێکۆڵەرەکە گوتی: "دیسانەوە دەڵێت نەبوو!" پاشان بە لەبزێکی شێلگیرانەوە گوتی: "چۆن نەبوو؟ من زۆرم پێ سەیر بوو کە بینیم ڕۆیشتووی لەژێر برانکاردەکەدا نوستووی."

ئەسفاری بێدەنگ بوو.

"ڕەنگە لەبەر ئەوەی دوێشەو لەگەڵیدا نەخەوتی، دڵت تێکەڵ دێت؟ دەتەوێ بڕۆمە دەرەوە خۆت بەتاڵ بکەیتەوە؟ ها؟ کارەکەت لەگەڵی تەواو بکە."

"نا."

لێکۆڵەر بە ئاهەنگێکی فریودەرانەوە پرسیی: "تاکو ئێستا لەگەڵ تەرم جووت بووی؟"

"نا."

"مردووەکەیان لە زیندووەکەیان باشترە. دەتەوێ بڕۆم تاکوو؟..."

ئەسفاری دیسانەوە ڕشایەوە: "نا...من... من لێرە ببەنە دەرەوە...."

جل و پێڵاوەکەی پیس بووبوو. ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، بەچاوگەلێکی سوور و چاڵکەوتوو، بە شانگەلێکی

چەماوە و ئێسقانییەوە کەوتە شوێن لێکۆڵەرەکە و لە ژوورەکە ڕۆیشــتە دەرەوە. نەیــدەزانی تەنیــا تــاکە پێڵاوێکــی لە پێــیە، نەیدەزانی خەریکە دەڕوات بەڕێوە، نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە کە ئێستا لێرەیە، تەنانەت نەشیدەزانی پرچەکانی بەرچاویان گرتووە.

لێکۆڵەر لەناو پلیکانەکاندا دەستی ئەسفاری گرت بۆ ئەوەی نەکەوێت: "دەبێ چەند ڕۆژێک لە نەخۆشخانەدا پشوو بدەی. پاشان قسە دەکەین. تۆ ئێستا لە بارودۆخێکی ترسناکدای."

ئێســتا ئیتــر نەیــدەتوانی ســەری بکێشــێت بە دیــوارەکەدا. ئەژنۆکانی لەخۆڕا دەچەمانەوە و بەردەوام سەریشی سووڕی دەخــوارد. ئیتــر تەنــانەت نەیــدەتوانی کەوچــک بگرێــت بە دەســـتەوە. وەکــو مردوویەکــی بە جــووڵە بــۆ هەر لایەک بیانویســتایە دەڕۆیشــت. هەرچییەکیــان دەگــوت دووبــارەی دەکردەوە و ئیتر هەر ژن و منداڵەکانیشی وەبیر نەدەهاتەوە.

## حەڤدە

ڕۆژێکیـــان پیـــاوێکی کەڵەگەت چـــووە نـــاو ژوورەکەی ئەسـفاری و مـاوەیەکی زۆری خایاند تـاکوو ئەسـفاری سـەری هەڵبـــڕی و (نیگـــای) لە پێیەکـــانەوە بـــردە ســـەرەوە، بـــردە سـەرترەوە تـاکو گەیشـتە نزیـک مـیچەکەوە و پیـاوێکی بینـی و حاڵی نەبوو لەبەر چی پیاوێکی درێژیان ناردووە.

پیاوەکە پەیامێکی زۆر گرنگی بۆ ئەسفاری پێ بوو. هەروەها پاش یەک دوو سەعات هەوڵدان لەگەڵ وڕییەکەی ئەسفاری، هەموو توانای خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی تێی بگەیەنێت ئەوان بە سەهوودا چوون و ئەو دەبێ لە دەزگا ببوورێت. گوتی هـاتووە داوای گەردنئـازای لە ئەسـفاری بکـات. گـوتی بەم هەمـوو هێرشـانەی لە لایەن دوژمـنە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە دەکرێتە سـەرمان، دەبێ قەبووڵی بکەین ئەم هەڵانەش دەکرێن. جیاکردنەوەی ڕاست و درۆ کاری خوایە.

گـوتی خـۆ ژیـان هـەر ئەم چەنـد ڕۆژە نیـیە، بەخـتەوەری و ژیـانی سـەرەکی لە شـوێنێکی دیـکەدایە. مرۆڤەکـان پاداشـتی مەعنەویـی خۆیـان لە قیامەتـدا وەردەگـرنەوە، ئێـرە داری موکافـاتە= واتە دونیـا و الحمـدلله ئەسـفاری بە سـەربەرزییەوە لە تاقیکردنەوەکـانی خـوای گەورە هـاتە دەرەوە و دەتوانێـت بگەڕێتەوە ناو ماڵوحاڵی خۆی.

زۆر قسەی کرد، بەڵام ئەسفاری لە هیچ تێنەگەیشت. تەنیا گوتی: "ماریا!" و زەق زەق تەماشای کرد، پاشان ڕۆیشت لەسەر چەرپاکەی ڕاکشا و چاوەکانی لێک نان.

پیاوەکە گوتی: "باشتر وایە ڕابکشێی، من قسەکانم تەواو دەکەم و دواتر لە خزمەت مەرەخەس دەبم.

قسەی کرد، قسەی کرد، قسەی کرد، ئەسفاری چاوەکانی داخستبوون و دەنگی ئەو پیاوە لە هووهووی سازێکی دارینی ئەفریقی دەچوو، کە بە دیوارەکانی مێشکی ئەسفاریدا بڵاو دەبووەوە و هێندە دووپاتە بوو کە شەکەتی کرد و خەوی لێکەوت. خەوێکی قووڵ و ئارام، کە وەخەبەر هات، دوو مەئمووری شەخسی ئەسفارییان سوار پەیکانێکی سپی کرد و بردیانەوەماڵەکەی. چۆنی هێنابوویان، ئاوا بردیانەوە. ژنەکەی لە ماڵەوە نەبوو. ئەوان هێندە لەبەر دەرگادا چاوەڕێیان کرد تا ژنەکە لەگەل دوو کچەکەی گەڕایەوە. لە شتکڕین گەڕابووەوە. هانکەهانک دوو عەلاگەی گەورەی هەڵگرتبوو و منداڵەکانی دۆندرمەیان دەخوارد.

نەدەکرا لەبەر چاوی منداڵەکان ئەسفاریی پێ بسپێرن. یەکێک لە مەئموورەکان ناچار بوو دابەزێت و ڕێک لەو کاتەدا ژنەکەی خەریک بوو دەرگاکەی دەکردەوە، ڕۆیشتە بەرەوە و سڵاوی کرد. پاشان تێیگەیاند منداڵەکانی بنێریتە ماڵەوە، چونکە دەبێ سەبارەت بە ئەسفاری بابەتێکی گرنگ ببیستێت.

ژنەکەی واقوڕماو سەیری دەکرد، پاشان قەبووڵی کرد منداڵەکان بباتە ژوورەوە و بگەڕێتەوە.

ئەوەندەی ئەسفاری لە بەندیخانەدا بوو، ژنەکەی هێندە سەردانی خەستەخانەکان و پزیشکی دادوەری و بنکەی

پۆلیسی کردبوو، تا ئەوەی کە دواجار بۆی دەرکەوتبوو لە زیندانی ئێڤینە.

پێیان گوتبوو تاوانی ئەسفاری هاوکاریکردنە لەگەڵ باندێکی تێکدەرانە و سیخوڕیدا. ئەگەر گیانی منداڵەکانی خۆش دەوێت، بەدوایدا نەچێت. جارێ واز بهێنێت و ئاگای لە منداڵەکانی بێت! هەر ئەوە. هەر کەسێکیش پرسیی ئەسفاری لە کوێیە، بڵێت چووەتە سەفەر، دەنا عاقیبەتی باش نابێت، بە نرخی لەدەستدانی گیانی، یان تەنانەت زیاتریش. بەڕاست کچەکان چۆنن، بەتایبەت ئەو بچووکە بەم دواییانە چەند شیرین‌زمان بووە... ئەو سەگبابە؟

ئێستاش ئەو پیاوە لەبەر دەرگا چاوەڕێ بوو، کاتێ ژنەکەی ئەسفاری گەڕایەوە، پێی بڵێت ئەسفاری کەوتبووە ناو تەنگ و چەڵەمەیەکی سیاسییەوە و خوا یارمەتیی داوە و زیندوو ماوە.

گەڕایەوە.

ڕاستیان گوتبوو. حاڵیشی زۆر خراپ نەبوو. مەئموورەکان ئەملا و ئەولای ئەسفارییان گرتبوو، دەیانبرد بە ڕێوە. هاوشێوەی کەسێکی تووش بوو بە شەکرە، کە لە سەرەمەرگدا بێت، هێنایان و دایان بە دەستی ژنەکەی، هیچ لە ئەسفارییەکەی سێ ساڵ بەر لە ئێستا نەدەچوو. بابی سی ساڵ تێکشکا بوو، هەنگاوی بچووک بچووکی هەڵدەگرت، سەیری بەرانبەری دەکرد، شوێنێکی دوور و ونبوو.

ژنەکە گرژ و مۆن، لە بینینی ئەو دیمەنە واقی وڕ مابوو چما وشک بووبوو. هێندە ڕاوەستا تاکو لێی نزیک بوونەوە. پاشان ژێر باڵی مێردەکەی گرت و بردیەماڵەوە، دەرگاکەی لە شوێن خۆی داخست. لەچکەکەی لە لای چەپەوە ڕاکێشا و فڕێی دایە سەر تەنافەکە.

بێدەنگی بوو لەگەڵ ڕێگەیەکی دووورودرێژ تا ژووری کارەکەی ئەسفاری. ژنەکەی شەلاڵی ئارەقە بووبوو، دەلەرزی. هەموو شتێک بە بێدەنگی تێدەپەڕی؛ تەنانەت ڕوخساری سەرسووڕماوی منداڵەکان لەپشت پەنجەرەکەوە کە هەنگاو بە هەنگاو دۆندرمەکەیان دەلێستەوە، تاکو ئەسفاری بگاتە ژوورەکەی.

ژنەکەی تەنانەت بە یەک وشەش قسەی نەکرد. بە بێدەنگی ئەسفاری لە پلیکانەکانەوە دەبردە سەرەوە. کاتێ گەیشتنە ژووری کارەکەی، دەستی برد و کلیلەکەی لە سەرەوەی دەرگاکەوە هێنایە خوارەوە، دەرگاکەی کردەوە و ڕێنوێنیی کرد بۆ ناو ئەو ژوورە بچووکە. پاشان لە لێواری چەرپاکەوە داینیشاند، دواتر پەردەکانی هەڵدایەوە.

پەیکەرێکی ئەسفاریش کە لە گەچ چێ کرابوو، لەوێ لەپشت مێزەکەی ئەسفاریدا دانیشتبوو. پەیکەرەکە ڕێک بە قەبارەی سروشتیی ئەسفاری بوو، خەریک بوو شتی دەنووسی.

لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی لە بیستنی دەنگ و بینینی هاوسەرەکەی بێبەش کرابوو، دوور لە چاوی کچەکانی، هێور هێور ئەو پەیکەرەی دروست کردبوو و لەپشت مێزەکەدا داینیشاندبوو، لەسەر کورسییەکەی خۆیدا. دەستێکی لەسەر لاجانگەی بوو، ئەو دەستەکەشی لەسەر لاپەڕەکان.

ژنەکەی هەژا بوو، گێژ بوو، شڵەژابوو. پێی وا بوو خەریکە خەون دەبینێت. دەستی دەهێنا بە سەری خۆیدا، باوەشی بە خۆیدا دەکرد و نەیدەزانی چی بکات. قسەی نەدەکرد.

پاشان هەر وا بێدەنگ چووە چێشتخانە. قاپێک شۆربای تێکرد و گەڕایەوە. لە بەردەم ئەسفاریدا دانیشتە سەر ئەژنۆ.

ئێستا دوو ئەسفاری هەبوو؛ کەوچکێک سووپی بە دەمی ئەمیانەوە دەکرد، کەوچکێکی تری دەکرد بە دەمی ئەوی ترەوە.

پاشان لە قوڵپی گریانی دا. نەیدەزانی لە خۆشییان دەگریت، یان لەبەر ئازار. تەنها دڵی خەریک بوو دەوەستا.

**"کۆتایی"**

**پاییزی ١٣٦٢ تاران**

## سەبارەت بە ئەم ڕۆمانە و لە ستایشی دایکمدا

هاوینی ساڵی ٢٠٠١، کاتێ دایکم بۆ سەردانمان هاتە بەرلین، لەنێوان دیارییەکانیدا چەند فایلێک لە دەستنووسەکانی منیشی هێنابوو. ئەم دیدارە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەو سێپتەمبەرە نەفرەتییەی کە فڕۆکەکان ڕۆیشتنە ناو ئەو تاوەرانەوە و لەوە بەدوا سەختگیرییەکان دژی ئێمەی دوورخراو زیاتر بووەوە، چونکە بۆ ئەوان هیچ جیاوازییەکی نییە کە تۆ کێی و چیت کردووە، تەنیا کاریان بەسەر ئەوەوە هەیە، تۆ ئێرانییت، کەواتە لەمەبەدوا بۆ نموونە، بۆ ڕۆیشتنە بەریتانیا، دەبێ ڤیزە دەربێنیت.

ئێوارەی ڕۆژێکیان کاتی خۆرئاوا، دایکم بانگی کردم: "***باسی،*** تەلەفزیۆن بەردەوام ئەم فڕۆکانە پیشان دەدات کە خۆیان بەو باڵەخانەیەدا دەکێشن، وەرە بزانە ئەمە فیلم سینەماییە یان....؟ من خۆ لە زمانی ئەمانە تێناگەم."

پاشان منیش واقوڕماو تەنیا لەبەر خۆمەوە دەمگوت: "سەیرە! نیۆیۆرک...؟ تاوەرە دوانەکان...؟ تیرۆریزم...؟"

دایکمم لە وەها ڕۆژانێکدا بینی، پاشان کە ڕۆیشت، دڵیشمی لەگەڵ خۆی برد، هەروەها باوکیشم کە بەشوێن خۆیدا ڕایدەکێشا، لەگەڵ خۆی بردی تاکو بۆ هەتاهەتایە تازیەباری

بم. من مامەوە و دڵتەنگی. بەردەوام سەرم بەو خواردنانە و ئەو بیانوانەوە گەرم بوو کە دایکم بۆی هێنابووین، هەروەها بە فایلەکانەوە.

یەکێک لە فایلەکان ڕومانی (تەپڵی گەورە لەژێر قاچی چەپدا) بوو، ڕۆمانێک کە لەژێریدا واژووی پاییزی ١٣٦٢ی هەیە، یانی بیستوشەش ساڵ بەر لە ئێستا.

لە بیرمە لەو ساڵانەی گەنجیدا بە چ شەوقێکەوە خستمە ژێر هەنگڵم و ڕۆیشتم بۆ ئوفیسی "دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نەشری نوێ (نشر نو)" بۆ لای بەڕێز ڕەزا جەعفەری و گوتم من ئەم ڕۆمانەم تازە تەواو کردووە و پێم خۆشە لە نەشری نوێدا بڵاوی بکەمەوە.

بڕیار وا بوو ڕەزا جەعفەری بیخوێنێتەوە و ئەگەر بەدڵی بوو، بڕیار لەسەر چاپکردنیشی بدەین. دوو هەفتە دوای ئەوە، تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای ئەوەی لێ کردم بڕۆم بۆ ئۆفیسی نەشری نوێ. دڵەڕاوکێم هەبوو، هەڵپەسێردراو بووم، خۆشحاڵ بووم، نیگەران بووم، هەروەها ئەو ڕۆژە یەکەم جار بوو لە بیرم چوو ترۆمبێلەکەمم لە کوێ ڕاگرتووە.

ڕەزا جەعفەری پێشوازییەکی گەرم و شایستەی لێ کردم و گوتی ڕۆمانەکەی زۆر بەدڵ بووە (شتگەلێکی گوت کە لە ڕاستیدا جەسارەت و ڕووی دووبارەکردنەوەیم نییە.) هەروەها گوتی هەرچییەک بنووسم دەتوانم وەکو بڵاوکەرەوە لەسەر ئەو و نەشری نوێ حیساب بکەم. هەروەها ئەو "پەیکەری فەرهاد و سەمفونیای مردووەکان"ی بڵاو کردەوە.

ئەو ڕۆژە ڕەزا جەعفەری دەیویست بزانێت چیی ترم نووسیوە و بەردەوام باسەکەی دەکێشا بەرەو لای کارێکی تر.

"گـوتم ئەم ڕۆمانەتـان بەدڵ نەبـووە؟ یـان بـۆ نمـوونە هـیچ پێشنیارێکتان هەیە تاکو باشتری بکەم؟..."

پێکەنی و گوتی: "نە... پێم وایە باشـتر ئەوەیە جارێ واز لە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمـانە بهێنی و بڕۆیتە لای ژیـانی خۆتەوە..."

هەروەها لە کاتی خواردنەوەی چـای و خـواردن شـیرینیدا، لەنـاو قسـەکانیدا بە جۆرێـک لە جۆرەکـان منـی تێگەیانـد کە باشتر وایە ئێمەش تووشی کێشە نەکەی.

ئەو ساڵانە و ساڵانی دواتریش لەو بڕوایەدا بووم کە تەنیا لاوازیی تەکنیک یان لاوازی لە نووسیندا دەتوانێت ڕێگر بێت لە بەردەم چـــاپ و بڵاوکـــردنەوەی ئەو شـــتانەی وەکـــو چیرۆکنووسـێک هەرشـتێک چیرۆکبێژەکەی نـاخم بە یـارمەتیی خەیاڵ دەیهێنێتە سەر لاپەڕە، هەروەها چونکە بە هەموو ژیـانم کـاری ڕێکخـراوەییم نەکـردووە و ناشـمەوێ تێکەڵـی سیاسـەت بـم، ترسـێکم بـۆ بیرکـردنەوە و دەربڕینـی چیـرۆک، یـان ڕۆمانەکەم نییە. ئێران وڵاتی منە و هیچ تاوانێکیشـم نەکـردووە تاکو ترسێکم هەبێت.

مامۆسـتا بـووم و نووسـەر. هەر لە منـداڵییەوە بە ئـاواتی ئەوە بووم ببم بە ڕۆژنـامەوان و ئێسـتا هـاتبوومە نـاو دنیـای میدیاوە، ئەزمـوونی بەرهەمهێنـانی ڕادیـۆم هەبوو، هەروەهـا لە گۆڤارە ئەدەبییەکانیشدا چالاک بووم.

ئەوەی من دەمنووسی هەستەکانم بوون لەگەڵ ئەو شـتەی لە کەشـــی دەوروپشـــتم وەرم دەگـــرت. ملومـــۆم دەکـــرد و دەمنووســـی. ڕەنـــگە لە هەنـــدێ ڕووەوە بەرانـــبەر بە پرســـە سیاسییەکان نـامۆ و پەرت بووم. تەنـانەت چەند سـاڵێک دوای ئەوە کە لە گەرمەی فشـــار و لێپێچینەوەکانـــدا، لە پاســـکاری

نێوان وەزارەتی زانیاری و دادوەری شۆڕشدا و دەمەتەقێ لەگەڵ لێکۆڵەرە ڕەنگاوەڕەنگەکاندا لە هەندێ شت تێگەیشتبووم، بەڵام لە دوایین دادگامدا پارێزگاریم لە خۆم نەکرد، بەڵکو بە شاتوشووتەوە ئاماژەم بۆ کۆمەڵێک خەڵک کرد و گوتم لەباتی من، ئەم مەغۆلانە دادگایی بکەن.

دەمەوێ بڵێم من لە وڵاتی خۆمدا گەورە بووبووم، لە وڵاتی خۆمدا فێری نووسین بووبووم، لە وڵاتی خۆمدا کارم کردبوو، هەروەها بڕوام نەدەکرد لەبەر نووسین کەسێک لەناوبەرن، مەگەر بۆ نموونە دوژمنەکان هێرشیان کردبێتە سەرمان و جگە لە کۆڵدان و بێدەنگبوون، ئیتر هیچ چارەیەکی ترمان نەبێت.

ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بووبێت کاتێ سەروتارێکم لەناو گۆڤارەکەمدا دەنووسی، جارجار لە سیاسیکارێک، کە تازە بووبوو بە ڕۆژنامەوان، دەمبیست کە دەیگوت: "زۆرزان! تۆ لەگەڵ کەسێکدا پەیوەندیت هەیە؟" دەمپرسی: "چۆن؟"

دەیگوت: "ئاخر ئەم شتانەی تۆ دەیاننووسی حەتمەن دەبێ کەسێکت هەبێت، دەنا بۆچی ئێمە ناتوانین بینووسین؟"

دەمگوت: "من لەگەڵ هیچ کەسێکدا کێشەم نییە." (فایلم لای کەس نییە)

دواتر لە کاتی کێشەکانی گۆڤاری گەردوون، کاتێ حوکمی ئیعدام هاتە ژێر لاپەڕەی بەدواداچوونەکەم، ناچار بووم لەگەڵ دادوەری شۆڕشدا چاوپێکەوتنم هەبێت، ئاخوندێکی کەشخە و پێداگر و خۆشئەخلاق، کە پێی گوتم دۆسیەکەی ئێوە پەڵەی تێدا نییە، تا ئێستا لە کوێ بوون؟ چیتان دەکرد؟

گوتم: "بەڕێز ڕەئیسی، من لەناو ئەم وڵاتەدا گەورە بووم، لەناو ئەم وڵاتەدا دەرسم خوێندووە، کارم کردووە، وانەم

وتووەتەوە، نووسیومە، هەروەها پێم خۆشە سوودێکم هەبێ بۆ وڵاتەکەی خۆم."

دوابەدوای ئەم چـــــاوپێکەوتن و گفتوگـــــۆیە بــــوو کە دۆسـیییەکەم لە لایەن دادوەریـی شۆڕشـەوە ڕەت کـرایەوە و نێـردرا بـۆ دادوەری چاپەمەنییەکـان و لەوێـش بە بێگونـاە ناسـرام و چەند سـاڵێکی تـریش گۆڤاری گەردوونەکەمـم بـڵاو کردەوە.

بـۆ هەر شـتێک دەتتـوانی تـا ڕادەیەک بەرگەی بگریـت و دەکـرا دەرک بەوە بـکەی، ئەگەر بتەوێ لەنـاو ئێران بەردەوام بیت و کارێک بکەی، پێویستە بەردەوام کاژ بخەی، شەق ببەی، بکەوی، هەڵسیتەوە، ڕاستبیتەوە و ڕابکەی؛ لەمـلاوە بۆ ئەولا. بەڵام تەنیـا بە تـۆپەکەی خـۆت گەمە بـکەی، نەک بە تـۆپی لێکۆڵەرەکـان و ئەوانـی تـر. بەردەوام دەفتـرچەی یاسـای چاپەمەنییەکـان لەنـاو جانتاکەتـدا بێـت، جاروبـار لاپەڕەکـانی هەڵبدەیتەوە و بزانی ئایا تاوانێکت نەکردووە، فریو نەخۆی.

ئەمە خۆشـخەیاڵییەکانی گەنجێکـی ئاشـقی ئەدەبیـات و بڵاوکـردنەوە و چیـرۆک و کتێب بـوو کە بـواری ئەوەیـان پێـی نەدا لەم ڕێـگەیەدا ببێتە کەرگەدەن، دەینووسـی، دەیخوێنـدەوە، وانەی دەگـوتەوە و ڕایـدەکرد. بەڵام ئەوان بەردەوام شـێوازی یارییەکەیـان دەگـۆڕی و لە هەر لایەکەوە ڕاویـان دادەنـا. بەڵام دیسانەوە ئەم شێوازە هەر بەردەوام بوو.

لە شــوێنێکدا تــۆ فێــر دەبــی لەنــاو ئەو گۆڕەپــانەی "بسـووڕێیەوە، تـاکو بسـووڕێینەوە"دا بنووسـیت بـۆ بـڵاو کردنەوە، یان بنووسیت بۆ کاتێکی تر، چ جیاوازییەکی هەیە؟ گرنگ ئەوەیە کۆڵ نەدەی، تا ئەو جێگەیەی ئەوان ڕێگەیەکیان نەبێـت جـگە لەوەی کە بە پـێچەوانەی یاسـاکانی خۆیـان

بجووڵێن، یان بۆ نموونه به قەوڵی لێکۆڵەرە ئازیزەکەم کامیونیت بکەن واته شەوێک، نیوەشەوێک به لۆری پانت بکەنەوە و بەیانییەکەی له ڕۆژنامەکاندا هەواڵی ڕووداوەکه به شرۆڤەیەکی تێروتەسەل بکوتنه ناو دەموچاوی هاوڕێیەکانتدا.

ئەم ڕۆمانەم هەر وا نووسیبوو، پاشان بردبووم بۆ لای بڵاوگه. بەڵام ئەو ڕۆژە قەناعەتم به خۆم هێنا که جارێ واز له چاپکردنی بێنم تا کاتی خۆی؟ کاتی خۆی؟ مەگەر له وڵاتی ئێمەدا وەها ئارەزوویەکی مەحاڵ دێته دی؟

به درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی له ئێراندا بووم، وەکو منداڵێکی مردوو سەیری ئەم ڕۆمانەم دەکرد. هەندێ جار دەڕۆیشتمه سەر قەبرەکەی، فاتیحەیەکم دەخوێند و فووم لێی دەکرد و لاپەڕەیەکیم هەڵدەدایەوە و تێدەپەڕیم. هەندێ جاریش هەستم دەکرد ئەم منداڵه نەمردووە، لەناو مەکینەدا دایانناوە، تاکو له کاتی خۆیدا خانمه پەرستارێک به ڕاکردن لەناو داڵانی درێژی ژیاندا خۆی بگەینێت به من و هانکەهانک بڵێت: "بەڕێز مەعرووفی منداڵەکەتان زیندووە! بڕۆن جلەکانی بێنن."

ئەم گەمەیە و ئەم چاوشارکێیه هەمیشه لەنێوان من و ڕۆمانەکەمدا هەبوو تا ئەو کاتەی ناچار بووم ژیانی مەنفا هەڵبژێرم و هەندێ جار تەنیا هەواڵی ئەم ڕۆمانە و باقیی دەستنووسەکانم دەپرسی و بیریشم له بڵاوکردنەوەیان نەدەکردەوە، تا ئەو کاتەی دایکم بۆی هێنام.

دوو سێ ساڵێک بیرم لەوە دەکردەوە پێکهاتەکەی تێک بدەم و بەپێی کەشوهەوای ئەم ڕۆژانە و به سوودوەرگرتن لەو ئەزموونانەی لەژێر دەستی لێکۆڵەرەکاندا وەرمگرتبوو، سەرلەنوێ بینووسمەوە. هەر که چەند لاپەڕەیەکم نووسی، زانیم ئەم کارەم پێ ناکرێت. کەوتمەوە بیر ئەو "پەیکانگەلەی"

سـپەرەکەیان "بـی ئـێم دەبلیـو"ە و گڵۆپەکانیـان "مێرسـدس". هاوشـێوەی مریشـکێک کە بە مەبەسـتی قایمکـاری چـوار پێیـان بـۆی دانابێت. نە بەرخە چکـۆلەکەم بـوو، نە باڵنـدەی ئاسـمان. کەواتە لێگەڕام هەر بەو جۆرەی وا بـوو وەکـو دەستنووسـەکە بمێنێـتەوە، تەنیـا تـوانیم لە ئاسـتی دەستبەسەرداکێشـانێک هەڵەچنیی بکەم.

سـاڵی ١٣٨٦ بـڵاوکەرەوەکەم، ئەمیـری حسـێنزادەگان دەستنووسـەکەی برد بۆ ئێرانن تـاکو کـاری پیتچینـی و کـارە هونەرییەکـانی ئەنجـام بدات، بەو هیـوایەی ئیجـازەی چـاپەکەی وەربگرێت و لە ئێراندا بڵاو ببێتەوە. شانێکم هەڵتەکاند و گوتم مـن ئومێـدێکم نیـیە بە ئیزنـی چـاپ و بڵاوکـردنەوەی بەرهەمەکـانم لە ئێرانـی ئێسـتادا، بەڵام ئێـوە خۆتـان دەزانـن. (ئـاخر حەوت سـاڵ بـوو بڵاوکـردنەوە و تەنـانەت چـاپی دووبارەی بەرهەمەکانم قەدەغە کرابوو، بەڵام لە هەشت ساڵ دەسـەڵاتی ڕیفۆرمخوازەکـان، کە خۆیـان گرفتـاری کێشـەکانی بەدەسـتهێنانی سـەلاحیەتی خۆیـان بـوون، هەوڵەکـانی بـڵاوکەرەوەکەم گەیشـتنە ئەنجـام.) ئـاوا بـوو کە ڕۆمـانەکە هەنگاوێک ڕۆیشتە بەرەوە.

هەر لەو کاتەدا دەرهێنەرێکی سینەما کە ئاگاداری ئەوە بوو ڕۆمانێکی وەها بوونی هەیە و بەم زوانە چاپ دەبێت، دەستی بەسـەر ناوەکەیدا گرت و فیلمێکی بەو نـاوەوە دەرهێنـا و مـن لەبری ئەوەی لانیکەم گلەیی ئەوەی لێ بکەم، لێی خۆش بووم و ئەو نـاوەم بەخشـییە ئەو فـیلمە لاوازە و دەرهێـنەرە ناپیاوەکەی و ناوی ڕۆمانەکەم نا "تواوە"......

ڕۆمانی "تـواوە" بیرەوەری و خەیاڵەکانی منە سـەبارەت بە کەشێک، کە تێیدا هەناسەم داوە و ژیاوم. چیرۆکی نووسـەرێک

که لەژێـر ئەشـکەنجە و لێپێچیـنەوەدا ناچـار دەبێـت چیـرۆک دابڕێژێـت. دواجـار لەنـاو چیرۆکەکـانی خۆیـدا ون دەبێـت. بەرهەمی کار و تیکۆشانی داستانی منە لە سەردەمی لاویەتیدا، کە دەبوایە هەر ئەو کاتە بڵاوبوایتەوە، ڕەخنەی لێ بگیرابایە و کاریگەریی هەبوایە لەسەر کار و ڕەوتی ئەدەبیی ئەدەبی من.

**بەڵام ئـێمە کەسـانێکین کە کـات و شـوێنمان تێک چـووە. نازانین کێ و بۆچی و لە کوێین؟**

مـن نـازانم ئایـا ئێسـتا دەبـێ دڵخـۆش بـم یـان خەمبـار، کە یەکەمـین ڕۆمـانم بیستوشـەش سـاڵ درەنـگ دەگـاتە دەسـتی خـوێنەرانی؛ گەنجێکـی بیستوشـەش سـاڵان کە هاوتەمەنەکـانی خۆی ناناسێت و نازانێت دەبێ لە کوێوە بوەستێت. لە تەنیشت لەدایکبـوانی پـاییزی ١٣٦٢ (١٩٨٣) یـان لەدایکبـوانی پـاییزی ١٣٨٨ (٢٠٠٩)، بەڕاستی نازانم، کامەیان؟

**عەباس مەعرووفی**

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ۲۰۱۷

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عیراق ملململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | میجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاڤ یانوخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرو ـ ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵلا |
| ٨١٨ | دۆستۆیفسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیفسکی | ڕەووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەران لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێران | میشل ئوستینوف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چیخەف | دانا ڕەئووف | |
| ٨٢٥ | ستایش | سان ژۆن پێرس | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٨٢٦ | ڕیکلام و پەیوەندیی گشتی و بازارکردن | د. بەهادین ئەحمەد محەمەد | |
| ٨٢٧ | دیموکراسی و یەکسانی | ئێریک کیسلاسی | حەمە ڕەشید |
| ٨٢٨ | کوژرانی کابرای کتێبفرۆش | سەعد محەمەد ڕەحیم | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٩ | شاعیرە کوژراو و ستەملێکراوەکانی سەردەمی ئیسلام | حەسەن بارام | |
| ٨٣٠ | گەرانەوە بۆ ماڵ | ولیەم سارۆیان | فاروق هۆمەر |
| ٨٣١ | قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ | | ئاسۆ کەریم |
| ٨٣٢ | ئۆزدەمیر و کورد | ئەحمەد باوەر | |
| ٨٣٣ | ڕێبازی دیکتاتۆرەکان | ئینیاتسیو سیلۆنی | عەبدولخالق یەعقووبی |
| ٨٣٤ | سیکیولاریزم و دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیا | م. هاکان یاڤوز | عومەر عەلی غەفوور |
| ٨٣٥ | هەڵهاتن لە سیستەم | تۆنی سەغبینی | هەڵکەوت عەبدوڵلا |
| ٨٣٦ | جوانترین خنکاوی دونیا | کۆمەڵێک چیرۆکنووس | ژوان شوانی |
| | | | |